# عیراق

## له دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی

کۆمەڵە وتار

خەلیل عەبدوڵڵا

٢٠٠٥

# پێرست


| | |
|---|---|
| ١- پێشەکی | ٥ |
| ٢- کوردو بایەخی هەڵبژاردنەکانی عیراقو کوردستان | ٧ |
| ٣- پێگەی یاسایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان | ١٣ |
| ٤- کوردو پۆستی سەرۆك کۆمار | ٢١ |
| ٥- مام جەلال سەرۆك کۆمارو سەدامیش زیندانی | ٢٦ |
| ٦- پێویستی بە رەسمی ناسینی هێزی پێشمەرگە | ٣٤ |
| ٧- دەستوری هەمیشەیی عیراقو چەسپاندنی فیدراڵی | ٣٧ |
| ٨- کاریگەری نەوت لەسەر چارەنووسی سیاسیی گەلی کوردستان | ٤٠ |
| ٩- پشکی کورد لەبودجەی حکومەتی عیراقدا | ٥٨ |
| ١٠- مافی چارەی خۆنووسین | ٦٤ |
| ١١- عیراقو سیستمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی رێژەیی | ٧٥ |
| ١٢- عیراقی نوێو پرنسیپی تەوافق | ٨٢ |
| ١٣- عیراقی نوێو مەسەلەی زۆرینەو کەمینە | ٨٨ |
| ١٤- عیراقو مەسەلەکانی مافی مرۆڤو مافی کەمینەکان | ٩٢ |
| ١٥- ناوەندەکانی دەسەڵات لەعیراقی نوێدا | ٩٩ |
| ١٦- پێگەو دەسەڵاتی ئەنجوومەنی پارێزگاکان | ١١٢ |
| ١٧- پاشکۆ | ١٢٩ |

# پێشەكی

ئەم وتارانەی لەدوو توێی ئەم كتێبەدا بڵاوكراونەتەوە، بەشێكی زۆریان تایبەتن بەشیكردنەوەی هەندێ لەماددەو بڕگەكانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوەو هەڵبژاردنەكانی رۆژی ٣٠ی كانوونی دووەمی ٢٠٠٥ی كۆمەڵەی نیشتمانی عیراقو پەرلەمانی كوردستانو ئەنجومەنی پارێزگاكان، چەند بابەتێكی تریشی سەبارەت بە پرسی سیاسیی گەلی كوردستان لەخۆگرتووە.

هەموو ئەم وتارانە پێشتر لەرۆژنامەو گۆڤارەكانی هەرێمی كوردستاندا بڵاوكراونەتەوە، بەڵام بایەخی خۆیان بۆ ئێستاو ئایندە لە دەست نەداوە.

لەبەر گرنگی ئەو مەسەلانە بۆ ئەم قۆناغە هەستیارەی كوردستانو عیراق بە پێویستیم زانی سەرجەم وتارەكان لەدوو توێی كتێبێكی سەربەخۆدا چاپ بكەم، هیوادارم سوود بە خوێنەران بگەیەنێت.

# کوردو بایەخی هەڵبژاردنەکانی عیراقو کوردستان

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، هاوپەیمانانی براوەی جەنگ، ئەو ناوچانەیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردەوە کە بەشەڕ بەدەستیان هێنابوو.

لەو چوارچێوەیەدا کوردستانی خواروو، بەبێ ویستو ڕەزامەندیی خەڵکەکەیو بەزۆری زۆرداری بەهەرێمی عیراقی عەرەبییەوە لکێنراو دان بەمافە سیاسیو نەتەوەییەکانیدا نەنرا.

ئیدی لەوکاتەوەو لەسایەی هەموو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراقدا، گەلی کوردستان لەخەباتو تێکۆشانی بێپسانەوەدا بووە بۆ بەدەست هێنانی مافە زەوتکراوەکانی.

بۆ ئەو مەبەستەش هەموو شێوازەکانی خەباتی تاقیکردۆتەوەو بەناچاریو پاش کلۆم کردنی دەروازەکانی خەباتی سیاسی، شێوازی خەباتی چەکداریو پێشمەرگانەی گرتۆتە بەرو لەو ڕێگەیەشدا بەهەزاران کەس گیانی خۆیان کردۆتە خەڵاتی ڕێگای رزگاری کوردستان.

هەرکاتێکیش هەلومەرج لەبار بووبێ بۆ شێوازی خەباتی سیاسی، ئەوەبێ سێو دوو پشوو بەچەك دراوەو ڕێگای خەباتی سیاسی گیراوەتە بەر.

بۆ پشتیوانی قسەکانمان دەتوانین هەلومەرجی دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بە نموونە بهێنینەوە، کە گەلی کوردستان لەکەرنەڤاڵێکی نیشتمانیو نەتەوەیی شارستانی دیموکراسیدا لەڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە متمانەیان بە پەرلەمانی کوردستان بەخشیو ئەو راستییەیان بەعەمەلی سەلماند کە ئەگەر دەروازەکانی



خەباتی سیاسیو دیموکراسییان بۆ والا بکرێ، ئەو ڕێگەیە ڕێگەی سەرەکی خەبات دەبێ.

لەلایەکی ترەوە زۆربەی حزبە سیاسیەکانی کوردستان، لەقۆناغەکانی پێشووی خەباتو تێکۆشاندا، دروشمی (دیموکراسی بۆ عیراق) یان بەرزکردبۆوەو جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە تەنها لەسایەی عیراقێکی دیموکراسییدا مافە نەتەوەییو سیاسییەکانی گەلی کوردستان بەدی دێت. رۆژگاریش راستی ئەو تێزەی سەلماند کە رژێمی دیکتاتۆری بەعس نەك هەر مافەکانی گەلی کوردستانی نەسەلماند، بەڵکو بەهەموو شێوازێك هەوڵیدا بوونی ئەو گەلە لەسەر نەخشەی سیاسی بسڕێتەوەو لەو بوارەشدا تۆمارێکی رەشو قێزەونی هەیە.

لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق کۆتایی بەقۆناغی تاریکستانی دیکتاتۆریو تاکە حزبیو تاکە سەرکردە هاتو هەلومەرجێکی نوێی سیاسی بەرجەستە بوو.

بەغدا بووە مەڵبەندی کۆبوونەوەی دەیان حزبو ڕێکخراوی سیاسیو مۆدێلێکی نوێی فەرمانڕەوایی هاتە گۆڕێو زۆربەی حزبو دەنگو رەنگە جیاوازەکان لەژێر چەتری ئەنجومەنی حوکمدا کۆبوونەوەو بۆ یەکەمجار لەمێژووی نوێی عیراقدا سەرکردایەتی بە کۆمەڵو فرە حزبی، جێگەی سەرکردایەتی تاکە کەسیو تاکە حزبی گرتەوەو هەر لەڕێی ئەو ئەنجومەنەوەو لەچوارچێوەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا بەرنامەی دیاریکردنی ناسنامەی عیراقی نوێ دانراو لەو یاسایەدا ئەوە جێگیر کرا کە دەبێ لەڕێگەی هەڵبژاردنو سندوقەکانی دەنگدانەوە چارەنووسی سیاسیی گەلانی عیراق بەئازادی دیاری بکرێو بەهەمان شێوە بڕیارەکانی ژمارە (١٤٨٣، ١٥١١، ١٥٤٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی جەخت لەو مەسەلەیە دەکەنەوە.

بۆ ئەو مەبەستەش کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کە دەزگایەکی بێلایەنو سەربەخۆیەو نەتەوەیەکگرتووەکان سەرپەرشتی دەکات ڕێوشوێنی پێویستی داناوەو ڕۆژی ٣٠ی کانوونی دووەمی بۆ سازدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانو ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقو ئەنجومەنی پارێزگاکان دیاریکرد.

بۆ یەکەمجارە سەرانسەری عیراقو کوردستان ئازادەو بەچاودێری نەتەوەیەکگرتووەکانو هاوپەیمانانو میدیای جیهانی، هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، ئەوە خەونێکی لەمێژینەی گەلی کوردستانەو قوربانییەکی زۆری لەو پێناوەدا داوە کە بەغدا ببێتە مەڵبەندێکی دیموکراسی لەرێی خەباتی دیموکراسیو سندوقەکانی دەنگدانەوە بتوانێ مافە ڕەواکانی بەدەست بهێنێ.

ئەم هەڵبژاردنانە لەسەر هەردوو ئاستی کوردستانو عیراق گرنگیو بایەخی خۆی هەیە.

لەسەر ئاستی کوردستان دوو هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت ئەوانیش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانە.

هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بایەخی خۆی هەیە، چونکە بەهۆی هەلومەرجی نائاسایی کوردستانەوە ماوەی ١٢ ساڵە هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام نەدراوەو درێژە بەتەمەنی ئەو ئەنجومەنە دراوە کە ئەمەش بەخەوشێکی دیموکراسی دادەنرێت.

هەر بۆیەش ئەم هەڵبژاردنە بەنوێبوونەوەو کاراکردنی ئەنجومەن دادەنرێت، لەلایەکی ترەوە هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان زەمینەی دامەزراندنی حکومەتێکی هاوبەش خۆش دەکاتو کۆتایی بەدوو حکومەتیو دوو لەتبوونی هەرێمی کوردستان دەهێنێت.



ئەوەش ڕەنگدانەوەی باشی لەسەر ژیانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی ئەم هەرێمە دەبێ.

لەم قۆناغە نوێیەدا، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان وەك بەرزترین ناوەندی یاساییو دامەزراوەی شەرعی متمانە پێدراوی خەڵك، ڕۆڵی دیاری دەبێ لەرێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستانو حکومەتی فیدراڵی بەغدا، ئەوە بێجگە لەوەی کە نوێنەری ڕەسمی گەلی کوردستان لەبڕیاردان لەهەموو مەسەلە گرنگو چارە نووسازەکانو بەرگریکردن لەسەرجەم مافەرەواکانی گەلەکەمان دەبێ.

بێگومان ئەنجومەنی ئەمجارە بنکەکەی لەئەنجومەنی پێشوو فراوانتر دەبێ بەوەی کە نوێنەرانی زۆربەی لایەنە سیاسیو پێکهاتە نەتەوەییو ئاینیەکانی کوردستان لەخۆ دەگرێتو بوونی لیستی هاوبەشی کوردستانیش ڕەنگدانەوەی باشی دەبێو دەبێتە هۆی ئەوەی کە پرۆسەی هەڵبژاردن بەئارامی بگاتە کەناری دڵنیایی.

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش گرنگیو بایەخی تایبەتی خۆی هەیە بەوەی کە نوێنەرانی ئەو پارێزگایانە لەنزیکەوە ئاگاداری کێشەو پێداویستیەکانی خەڵکی سنورەکانیانن دەتوانن لەرێی ئەو ئەنجومەنانەوە داواو پێداویستیەکانی خەڵك بخەنە ڕوو، هەوڵی پێشخستنی پارێزگاکان لەهەموو ڕووەکانەوە بدەن.

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقیش، بەنیسبەت کوردەوە بایەخێکی زۆر گەورەو چارەنووسسازی هەیە، چونکە ئەمە بۆ یەکەمجارە لەمێژووی عیراقدا هەڵبژاردنێکی لەو جۆرەو بە ئازادی لەژێر چاودێری نێودەوڵەتی لەسەرانسەری وڵاتدا ئەنجام دەدرێت.

بایەخی ئەم هەڵبژاردنە بۆ کورد خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

ـ ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق کە تەمەنی نزیکەی ساڵێك دەبێ، یەکێك لەئەرکە سەرەکییەکانی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عیراق دەبێ، هەر بۆیەش پێویستە خەڵکی کوردستان لەناوخۆو دەرەوەدا بەچڕی بەشداری ئەو هەڵبژاردنە بکات بۆ ئەوەی زۆرترین نوێنەری کورد بگاتە ئەو ئەنجومەنەو وەك فراکسیونێکی بەهێز رۆڵی کاریگەر بگێڕن لەجێگرکردنی هەموو مافە نەتەوەیی‌و سیاسی‌و ئابوورییەکانی گەلی کوردستان لەو دەستورەدا.

بێگومان لەو دەستورەدا ناسنامەی عیراق‌و چارەنووسی سیاسیی گەلانی عیراق دیاری دەکرێت.

ـ یەکێك لەئەرکەکانی دیکەی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق، هەڵبژاردنی سەرکۆمارو دوو جێگرەکەیی‌و متمانە بەخشینە بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران‌و کابینەکەی، ئەوەش پێویستی بەدەنگی ٣/٢ی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی هەیە، بێگومان ئەگەر ژمارەیەکی باش نوێنەری کورد لەو ئەنجومەنەدا هەبێ، دەتوانێت پێ لەسەر وەرگرتنی یەکێك لەپۆستەکانی سەرکۆمارو سەرۆك وەزیران دابگرێ‌و بەدەستیش بهێنێ.

ـ ئەرکێکی تری ئەنجومەنی نیشتمانی پەسەندکردنی بودجەی عیراق‌و دەستکاری کردنیەتی، بێگومان کورد ئەگەر ژمارەیەکی باش نوێنەری لەو ئەنجومەنەدا هەبێ، دەتوانێت لەدابینکردنی بودجەیەکی باش‌و گونجاو بۆ هەرێمی کوردستان رۆڵی دیاری هەبێ.

ـ شەڕێکی تری سیاسی کە رووبەڕووی فراکسیۆنی کوردی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق دەبێتەوە، مەسەلەی گەڕانەوەی ناوچە تازە ئازادکراوەکانە بۆ ئامێزی هەرێمی کوردستان، بێگومان ئەنجامی خەبات‌و تێکۆشانی چەندین



ساڵەمان بۆ بەدەست هێنانەوەی ئەو ناوچانەیە، دەبێ لەرێی ئەو فراکسیۆنەوە بەدەست بهێنرێت‌و بەشێوەیەکی یاسایی دەبێ لەو شەرەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنین‌و سنوری راستەقینەو لەمێژینەی هەرێمی کوردستان دیاری بکرێت لەژێر سایەی پەرلەمان‌و حکومەتی ناوخۆیی خۆیدا بێت.

ـ ئەرکێکی دیکەی نوێنەرانی کورد لەئەنجومەنی نیشتمانی عیراق ئەوەیە کە ناسنامەی عیراقی نوێ لەدەستوردا دیاری بکەن بەوەی کە عیراق دەوڵەتێکی کۆماری فدرالی، دیموکراتی، فرەییەو مافی هەموو پێکهاتەکانی تێدا پارێزراو دەبێ‌و سێ پێکهاتەی ئەساسییەکەی عیراق لەکوردو عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعەو پێکهاتەکانی دیکە دەبێ بەشێوازی تەوافق مافەکانیان بسەلێنرێ‌و نابێ رێگە بەهیچ پێکهاتەیەك بدرێ بەناوی ئەوەی کە زۆرینەیە زوڵم‌و زۆر لەپێکهاتەکانی تر بکات، بەڵکو دەبێ هەموان مافەکانیان پارێزراو بێ‌و تەنانەت هەرپێکهاتەیەك مافی ڤیتۆی هەر بڕیارێکی هەبێ کە لەدژی بەرژەوەندییەکانی بدرێت.

لەبەر ئەو بایەخانەی هەڵبژاردنەکانی عیراق‌و کوردستان، پێویستە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زۆر بەچڕی بەشداری ئەو هەڵبژاردنانە بکەن‌و بیکەنە جەژنێکی میللی‌و کەرنەڤاڵێکی نیشتمانی‌و نەتەوەیی.

★ رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(٣٦٠٦)لە٢٠٠٥/٢/٢٥

# پێگەی یاسایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

بۆ یەکەمجارە لەمێژووی نوێی عیراقدا، پاش وتووێژو مشتومڕی نوێنەرانی کورد لەبەغدا، لەدەقێکی یاسایی وەك یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا کە حوکمی دەستووری هەیە دان بەشەرعییەتی دامودەزگاکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری هەرێمی کوردستاندا نراوە، هەر لەویاسایەدا ئاماژە بەسازدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کراوە کە لەهەمان رۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجام دەدرێتو بەپێی بڕیاری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رۆژی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بۆ سازدانی ئەو سێ هەڵبژاردنە دیاریکراوە.

کەواتە سازدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پشتی بەچ دەقێکی یاسایی بەستووە؟

دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەچەند دەقێکەوە هێزی یاسایی وەرگرتووە لەوانە:

یەکەم: یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لەچەند بڕگەو مادەدەیەکدا ئاماژەی بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کردووە لەوانە:

ـ بڕگەی (ب)ی مادەدەی (٥٧)ی یاساکە ئاماژە بەوە دەکات کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقو ئەنجومەنی پارێزگاکاندا لەیەك رۆژدا ئەنجام دەدرێت، بەمەرجێك لەرۆژی ٣١ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ تێنەپەڕێت.

ـ بڕگەی (أ)ی مادەدەی (٥٣)ی یاساکە دانی بەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا ناوە بەسیفەتی حکومەتی رەسمی ئەو زەوییانەی کە تا ١٩/ ٣/ ٢٠٠٣



لەپارێزگاکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆكو کەرکوكو دیالەو نەینەوا بەڕێوەی بردوون.

هەر لەو بڕگەیەدا ئاماژە بەوەکراوە کە داننان بەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بەمانای داننانە بەهەموو دامودەزگا رەسمییەکانی هەرێم لەپەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی وەزیرانو دەسەڵاتی دادوەری.

ـ بەپێی بڕگەی (أ)ی مادەدەی (٥٤)ی یاساکە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەقۆناغی گواستنەوەدا، هەموو دەسەڵاتەکانی خۆی پیادە دەکات، تەنها دەسەڵاتە سیادییەکان نەبێت کە لەمادەدەی (٢٥)ی یاساکەدا حەسرکراونو تایبەتن بەداڕشتنی سیاسەتی دەرەوە، دارشتنو جێبەجێکردنی سیاسەتی بەرگریو ئاسایشی نیشتمانی، دارشتنی سیاسەتی داراییو بازرگانیو دانانی بودجەی گشتی، سەرپەرشتی کردنی سامانە سروشتیەکان، رێکخستنی کاروباری رەگەزنامەی عیراقیو کۆچو پەنابەری، رێکخستنی سیاسەتی پەیوەندیکردن.

ـ بەپێی بڕگەی (ب)ی مادەدەی (٥٤)ی یاساکە، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی ئەوەی هەیە یاساکانی پەرلەمانی فیدراڵی عیراق هەموار بکات، تەنها ئەو یاسایانە نەبێت کە پەیوەندییان بەبوارەکانی سیادییەوە هەیەو لەمادەدەی (٢٥)ی یاساکەدا دیاریکراون.

ـ بڕگەی (أ) مادەدەی (٥٧)ی یاساکەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە حکومەتی هەرێمەکانو ئەنجومەنی پارێزگاکان هەموو ئەو دەسەڵاتانە پیادە بکات کە بەپێی مادەدەی (٢٥) بۆ حکومەتی کاتی عیراق حەسرنەکراون.

دووەم: هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەسێ یاسای دیکەوە هێزی یاسایی وەرگرتووە، کە تایبەتن بەرێکخستنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانو پەرلەمانی عیراقو ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەوانیش یاسای هەڵبژاردنو یاسای

حزبو قەوارە سیاسییەکانو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانە، کە هەرسێکیان بەئیمزای پۆل بریمەری سەرۆکی ئەو کاتەی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لەعیراق دەرچوون.

سێیەم: یاسای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ئەمەش یەکێکە لەو یاسایانەی کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەم خولەی هەڵبژاردن پشتی پێبەستووە، بەڵام چەند گۆرانکارییەك لەیاساکەدا کراوە لەوانە:

- زیادکردنی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە (١٠٥) ئەندامەوە بۆ (١١١) ئەندام.
- دیاریکردنی رێژەی (٢٥٪) بۆ ژنان لەپەرلەمانی کوردستان.
- لابردنی رێژەی (٧٪) بۆ چوونە ناو پەرلەمانەوە.

هەڵبژاردنی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستانیش بەهەمان شێوەی خولی پێشوو بەشێوازی نوێنەرایەتی رێژەیی دەبێت، واتە سەرانسەری هەرێمی کوردستان یەك بازنەی هەڵبژاردن دەبێت، بەڵام یەك جیاوازی بچووکی هەیە، ئەویش ئەوەیە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بەشێوازی نوێنەرایەتی رێژەیی لیستی کراوە بوو، ئەمجارە بەشێوازی نوێنەرایەتی رێژەیی لیستی داخراوە، بەپێی شێوازی لیستی داخراو، ئەو لیستەی ژمارەیەك نوێنەری بۆ پەرلەمان دەردەچێت بەپێی زنجیرەی ناوەکان لەژمارە یەك بۆ سەرەوە بەدوایەکدا دادەنرێنو ئیدی ئەوانە دەبنە ئەندامی پەلەمانو حزبەکان ناتوانن بیانگۆرن تا ئەو خولەی پەرلەمان تەواو دەبێت بەئەندامی پەرلەمان دەمێننەوە.

چوارەم: بڕیارەکانی ژمارە (١٤٨٣، ١٥١١، ١٥٤٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی جەخت لەسازدانی هەڵبژاردنو بەئازادی دیاریکردنی ئایندەی سیاسی



گەلانی عیراق دەکەنەوەو نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانیش راستەوخۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی عیراقو کوردستان دەکات، ئەوەش بەپشتیوانیەکی گرنگی شەرعیەتی نێودەوڵەتی لەقەڵەم دەدرێت.

### بایەخی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

١- بایەخی ئەمجارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەوەدایە کە بەدەقێکی یاسایی کە حوکمی دەستووری هەیە دان بەشەرعییەتی ئەو هەڵبژاردنەدا نراوە.

٢- سازدانەوەی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستاندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنی گەشو تازە بکاتەوە جەستەی پەرلەمانو نوێی بکاتەوە.

٣ـ ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە هۆی دامەزراندنی حکومەتێکی ئیئتلافی نوێو نەهێشتنی دوو ئیدارەیی، ئەوەش رۆڵی ئیجابی لەبوارەکانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری هەرێمدا دەبێت.

٤ـ پەرلەمان باڵاترین دەسەڵاتی شەرعیو یاسایی هەرێم دەبێت بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمو حکومەت فیدراڵی بەغداو بڕیاردان لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان.

٥- پەرلەمان دەسەڵاتی دارشتنی هەموو یاسایەکی هەیە، تەنها ئەو یاسایانە نەبێت کە پەیوەندییان بەبوارەکانی سیادییەوە هەیەو لەماددەی (٢٥)ی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا ئاماژەی پێکراوە، هەروەها پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە هەموو یاساکانی پەرلەمانی عیراق هەموار بکات، تەنها یاسا سیادییەکان نەبێت.

٦- بنکەی پەرلەمانی نوێ، لەپەرلەمانی پێشوو فراوانترەو زۆربەی حزبو لایەنە سیاسییەکانو نەتەوە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان لەخۆگرتووە.

هەر بۆیەش ئەرکێکی نیشتمانیو نەتەوەییە، کە هاووڵاتیانی کوردستان بەشداری هەڵبژاردن بکەنو متمانەی خۆیان بەپەرلەمانی دڵخوازی خۆیان ببەخشنو رۆژی هەڵبژاردن بکەنە جەژنێکی میللیو کەرنەڤاڵێکی نیشتمانیو نەتەوەیی. رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(٣٥٥٧)لە٢٧/١٢/٢٠٠٤

## ئەرك‌و دەسەڵاتەكانی پەرلەمانی نوێی كوردستان

پاش چوار مانگ لەسازدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان‌و دوای چاوەروانی‌و مشتومڕێكی زۆر، رۆژی ٤/ ٦/ ٢٠٠٥ یەكەم كۆبوونەوەی پەرلەمانی نوێی كوردستان سازدرا‌و دەستەی نوێی سەرۆكایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرا.

پەرلەمانی ئەمجارە، جیا لەپەرلەمانی پێشوو، لەهەلومەرجێكی نوێی ناوخۆیی‌و نێودەوڵەتی دەست بەكاردەبێت. ئەم پەرلەمانە بێجگە لەوەی شەرعیەتی لەمتمانەی گەلی كوردستانەوە وەرگرتووە، لەسەر ئاستی عیراق‌و نێودەوڵەتیش شەرعیەتی یاسایی هەیە.

لەو چوارچێوەیەدا پەرلەمانی نوێ لەم سەرچاوانەوە هێزو شەرعییەتی یاسایی وەرگرتووە، كە ئەمانەن:

١ـ یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لەچەند ماددەو بڕگەیەكدا بەروونی‌و راشكاوی ئاماژەی بەدامودەزگا رەسمییەكانی هەرێمی كوردستان بەگشتی‌و پەرلەمانی كوردستان بەتایبەتی كردووەو دانی پێداناون‌و بەرەسمی ناسیوونی.

٢ـ یاسای هەڵبژاردن‌و یاسای حزب‌و قەوارە سیاسییەكان‌و كۆمسێونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان كەسێ یاسای تایبەت بەرێكخستنی هەڵبژاردنەكانی كۆمەڵەی نیشتمانی‌و پەرلەمانی كوردستان‌و ئەنجومەنی پارێزگاكان بوون‌و بەئیمزای پۆل بریمەری سەرۆكی دەسەڵاتی كاتی هاوپەیمانان لەعیراق دەرچوون.

٣ـ یاسای ژمارە (١)ی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان، لەم خولەی هەڵبژاردنی.



پەرلەمانی كوردستاندا چەند گۆڕانكارییەك لەم یاسایەدا كراوە لەوانە:

ـ زیادكردنی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان (١٠٥) ئەندامەوە بۆ (١١١) ئەندام.

ـ دیاریكردنی رێژەی ٢٥٪ بۆ بەشداری ژنان لەپەرلەماندا.

ـ لابردنی رێژەی ٧٪ بۆ بەشداری لەپەرلەمان.

٤ـ بڕیارەكانی ژمارە (١٤٨٣، ١٥١١، ١٥٤٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی جەختیان لەسەر سازدانی هەڵبژاردن‌و بەئازادی دیاریكردنی ئایندەی سیاسی گەلانی عیراق كردۆتەوە‌و نوێنەری نەتەوە یەكگرتووەكانیش سەرپەرشتی هەڵبژاردنەكانی كوردستان‌و عیراقی كرد‌و بەهەڵبژاردنێكی راست‌و دروستی لەقەڵەم دا، ئەوەش شەرعیەتێكی نێودەوڵەتی بەو هەڵبژاردنانە بەخشی.

لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی كەپەرلەمانی ئەمجارەی كوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆیی‌و نێودەوڵەتی بەرەسمی ناسێنراوە‌و دانی پێدا نراوە.

### دەسەڵاتەكانی پەرلەمان

بەپێی ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان، پەرلەمان ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

١ـ یاسادانان.

٢ـ پەسەندكردنی رێكەوتننامەكان‌و بڕیاردان لەمەسەلە چارەنووسسازەكانی گەلی كوردستانی عیراق‌و دیاریكردنی پەیوەندی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندا.

٣ـ ناونانی سەرۆكی دەسەڵاتی جێبەجێكردن، كەئەویش دەسەڵاتی ناونانی ئەندامانی دەسەڵاتەكەی لەناو ئەندامانی پەرلەمان‌و دەرەوەیدا هەیە.

٤ـ متمانە بەخشین‌و وەرگرتنەوەی متمانە لەدەسەڵاتی جێبەجێكردن.

٥ـ پەسەندكردنی بودجەی گشتی‌و نەخشەكانی پەرەپێدان.

٦ـ چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

٧ـ دروست کردنی لیژنەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەهەر کارێك پێی باش بێت.

٨ـ دانانی پەیڕەوی ناوخۆو دیاریکردنی میلاكو پەسەندکردنی بودجەو دامەزراندنی فەرمانبەرانی پەرلەمان.

٩ـ بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ لیژنەکانی هەمیشەییو کاتی لەنێو ئەندامانیدا پێك دەهێنێ.

١٠ـ دانانی بنەمای تۆمەتبارکردنو دادگایی کردنی ئەندامانی لەکاتی پێشێلکردنی ئەو سوێندەی خواردوویانە.

١١ـ یەکلایی کردنەوەی ئەو تانانەی پێشکەش دەکرێن لەبارەی راستی هەڵبژاردنی ئەندامانیەوە، ئەندامێتی پوچەڵ ناکرێتەوە بە بڕیاری زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئامادەبوان نەبێت.

بەپێی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراقیش پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی دارشتنی هەموو یاسایەکی هەیە، تەنها ئەو یاسایانە نەبێت کەپەیوەندییان بەبوارە سیادییەکانەوە هەیەو لەماددەی (٢٥)ی یاسای بەرێوەبردندا ئاماژەی پێکراوەو تایبەتن بەدارشتنی سیاسەتی دەرەوەو بەرگریو ئاسایشی نیشتمانی، دارشتنی سیاسەتی داراییو بازرگانیو دانانی بودجەی گشتیو سەرپەرشتیکردنی سامانە سروشتیەکانی عیراقو رێکخستنی کاروباری رەگەزنامەی عیراقیو کۆچو پەنابەری. هەروەها پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی ئەوەی کەهەر یاسایەکی پەرلەمانی فیدراڵی عیراق هەموار بکات، تەنها ئەو یاسایانە نەبێت کەپەیوەندییان بەبوارە سیادیەکانەوە هەیە.



ئەرکەکانی پەرلەمان

١ـ هەنگاونان بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێمی کوردستانو دامەزراندنی حکومەتێکی ئیئتلافی بنکە فراوان کە حزبو لایەنە سیاسیەکانو پێکهاتەنە سیاسیەکانی هەرێم تێیدا بەشدار بن.

٢ـ کارکردن بۆ گەڕانەوەی سەرجەم ناوچە تازە ئازادکراوەکان بۆ ژێر سایەی پەرلەمانو حکومەتی کوردستان.

٣ـ پەسەند کردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمو متمانە بەخشین بەسەرۆکی هەرێم.

٤ـ رێکخستنی پەیوەندی نێوان هەرێمو حکومەتی فیدرالی بەغدا لەسەر بنەمای فیدرالی.

٥ـ هەوڵدان بۆ چەسپاندنی سەرجەم مافەکانی گەلی کوردستان لەدەستوری هەمیشەیی عیراقدا.

٦ـ دانانی دەستوری هەرێمی کوردستان.

سەرچاوە:

ـ یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە.

ـ یاسای ژمارە (١)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢).

* رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە( ٣٦٩١ )لە٢٠٠٥/٦/٧

# کوردو پۆستی سەرکۆمار

ئەگەر بەوردی سەیری مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق بکەین، دەبینین ئەم دەوڵەتە لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تا ڕۆژی ڕوخاندنی لەنیسانی ۲۰۰۳دا، لەلایەن کەمینەیەکی عەرەبی سونییەوە حوکم کراوەو، هەموو پۆستە سیادیو باڵاکان لەدەستی ئەو کەمینەیەدا بووە، زۆرینەی گەلانی عیراق لەکوردو لەشیعە لەو پۆستانە بێبەشکراون‌و هەمیشە پەراوێزو فەرامۆشکراو بوون.

ئەگەر سەیری دەستوورە کاتییەکانی عیراق بکەین، دەبینین لەو دەستورانەدا زۆربەی دەسەڵاتەکان لەچنگی سەرکۆماردا کۆکراوەتەوەو دانانی سەرکۆماریش بەشێوازی هەڵبژاردن یادەست نیشانکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە نەبووە، بەڵکو زیاتر بەدامەزراندن بووە، بۆ نموونە دەستووری کاتی ساڵی ۱۹۵۸ ئەرکی دانانی سەرکۆماری بەئەنجومەنێکی سەروەری بەخشیووە، ئەوەش بەشێوازی دامەزراندن، نەك هەڵبژاردن.

هەروەها دەستووری کاتی ساڵی ۱۹٦۸، ئەرکی دانانی سەرکۆمارو جێگیرەکانی بەئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕش بەخشیوە بۆ ئەوەی لەناو ئەندامەکانیدا بەدامەزراندن کەسێك بەسەرکۆمار دابنێت، ئەوەش شێوازێکی یاسایی‌و دیموکراسی نییە، چونکە ئەو ئەنجومەنە گەل متمانەی پێنەبەخشیوە، هەرچەندە لەماددەکانی یەك‌و دووی دەستووری کاتی ساڵی ۱۹٦۸دا ئاماژە بەوە کراوە کە عیراق دەوڵەتێکی دیموکراتی گەلییەو گەل سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانە، بەڵام هەموو ڕەفتارەکانی ئەو ڕژێمە دژ بەدیموکراسی بووەو بەبێ متمانەی گەل هەموو دەسەڵاتەکان لەدەست سەرۆك‌و ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕشدا کۆکرابۆوە،



تەنانەت ئەو ئەنجومەنە دەسەڵاتی دەرکردنی یاساو بڕیاری هەبووە، کە ئەمەش پێچەوانەی یاسایەو دەبێت پەرلەمان ئەو کارانە بکات.

بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی عیراق، کورد لەپۆست‌و پایە باڵاکانی دەوڵەت دوور خراوەتەوە، ئەگەر هەندێ جاریش لەسەردەمی پاشایەتی یاخود سەردەمی کۆماری، هەندێ پۆستی وەزارەتەکان بەکورد سپێردرابێ، ئەوە ئەو پۆستانە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی کردنی گەلی کورد نەدراوە، بەڵکو ئەو کەسانە دڵسۆزی ئەو ڕژێمانە بوون‌و وەك فەرمانبەرێك سیاسەت‌و بەرنامەی ئەوانیان جێبەجێکردووەو هەر لەو چوارچێوەیەدا هەرگیز کورد پۆستی سەرکۆماری وەرنەگرتووە.

لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس، هەلومەرجێکی زێرین بۆ کورد هاتە گۆڕێ، بۆ ئەوەی نوێنەرانی کورد لەناوەندی دەسەڵاتی سیاسی عیراقدا کاربکەن‌و بەرگری لەمافەکانی کورد بکەن، ئەوە بوو نوێنەرانی کورد ڕۆڵی دیاریان لەئەنجومەنی حوکم‌و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی‌و ئەنجومەنی وەزیران‌و سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و وەزارەتەکاندا گێڕاو وا چاوەڕوان دەکرێت لەقۆناغی دوای هەڵبژاردن، نوێنەرانی متمانە پێبەخشراوی گەلی کوردستان لەناوەندی باڵای داڕشتنی بڕیاری سیاسی عیراقدا ڕۆڵی دیارترو کاراتر بگێڕن.

زۆربەی ئاماژەکان ڕوو لەوەن کە ئەم جارە کورد پۆستی سەرکۆمار بەدەست بهێنین. ئەمەش دەبێتە چەسپاندنی ئەو ڕاستییەی کە کورد شەریکی ئەساسییە لەم وڵاتەداو هەموو هاووڵاتیان لەبەردەم یاسادا یەکسانن‌و هیچ جیاوازییەك لەنێوان هیچ هاووڵاتییەکدا ناکرێت لەسەربنەمای نەتەوە، ئایین، مەزهەب، هەروەك لەچەند بڕگەیەکی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا ئاماژەی پێدراوە.

گرنگی پۆستی سەرکۆمار چییە؟ لەکاتێکدا لەسیستمی پەرلەمانیدا، ئەنجومەنی وەزیران دەزگایەکی کارایەو تەماسی زیاتری لەگەڵ خەڵکدا هەیە.

سەرەڕای ئەو راستییە پۆستی سەرکۆمار بایەخی تایبەتی خۆی هەیەو دەتوانێ رۆڵو دەسەڵاتی لەدووتوێی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراق دەربهێنن

- بەپێی ماددەی (٣٥)ی یاساکە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەدوو ئەنجومەن پێك دێت، ئەوانیش ئەنجومەنی سەرۆکایەتیو ئەنجومەنی وەزیرانە.

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەسەرکۆمار دووجێگر پێك دێت.

ــ بەپێی ماددەی (٣٦)ی یاساکە، کۆمەڵەی نیشتمانی سەرکۆمارو دوو جێگرەکەی بەیەك لیستو بەزۆرینەی دەنگی ٢/٣ی ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێت.

مەرجەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەمان ئەو مەرجانەیە کە تایبەتن بەپاڵێوراوانی ئەنجومەنی نیشتمانی کە لەماددەی ٣١ی یاساکەدا باسی کراوە.

بێجگە لەو مەرجانە دەبێت چەند مەرجێکی تریشیان تێدا بێت لەوانە:

١ـ تەمەنی لە٤٠ ساڵ کەمتر نەبێت.

٢ـ خاوەنی ناوبانگی باشو رەوشتی بەرزو سەر راست بێت.

٣ـ بەر لەرووخانی رژێم بە دەساڵ ریزەکانی حزبی بەعسی بەجێهێشتبێت، ئەگەر ئەندامی ئەو حزبە بووبێت.

٤ـ بەشداری لەسەرکوتکردنی راپەرینی ١٩٩١و ئەنفال دا نەکردبێتو تاوانی دژی گەلانی عیراق ئەنجام نەدابێت.

- بەپێی برگەی (ج)ی ماددەی (٣٦)ی یاساکە هەموو بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەکۆی دەنگ دەدرێت.

ئەركو دەسەڵاتی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی:

١ـ ئەرکی سەرەکی ئەنجومەنی عیراقو سەرپەرشتی کردنی کاروبارە باڵاکانی وڵات دەبێت.



٢ــ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی ڤیتۆکردنی هەر یاسایەکی هەیە کە کۆمەڵەی نیشتمانی دەریدەکات. ئەمەش لەدوای (١٥) رۆژ لەمێژووی ئاگادار کردنەوەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانییەوە لەو یاسایە. لەدوای ڤیتۆکردن یاساکە دەگێڕدرێتەوە بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی، ئەویش سەرلەنوێ دەتوانێت بەدەنگی ٢/٣ی ئەندامانی لەماوەی (٣٠) رۆژدا پەسەندی بکاتەوە، ئیدی بواری تانەلێدانی نابێت لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتییەوە.

٣ـ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی مافی دەستنیشانکردنو ناونانی سەرۆك وەزیرانی بەکۆی دەنگی ئەندامانی هەیەو دواتر کۆمەڵەی نیشتمانی متمانەی پێدەبەخشێت.

٤ـ بەرەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی وەزیران نوێنەران دەستنیشان دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەستنی پەیماننامەو رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی، هەر لەوچوارچێوەیەدا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، کۆمەڵەی نیشتمانی رادەسپێرێت بۆ دەرکردنی یاسا بۆ پەسەندکردنی ئەو پەیماننامەو رێککەوتننامانە.

٥ـ لەبۆنەو ئاهەنگەکاندا، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەرکی سەرکردایەتی باڵای هێزە چەکدارەکانی لەئەستۆدایە.

هەرچەند ئەو ئەنجومەنە لەکاتی تردا مافی فەرماندەیی ئەو هێزانەی نییە، بەڵام ماف ئاگاداربوونو پرسیارکردنو راوێژی هەیە، ئەرکی فەرماندەیی لەئەستۆی سەرۆك وەزیرانو وەزیری بەرگریو فەرماندە باڵاکانی سوپایە.

٦ــ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، دەسەڵاتی دامەزراندنی سەرۆكو ئەندامانی دادگای باڵای هەیە.

٧ـ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، لەسەر راسپاردەی دەزگای نەزاهەتی گشتیو لەدوای پەیڕەوکردنی رێو شوێنی یاسایی، دەتوانێت ئەندامی ئەنجومەنی وەزیرانو تەنانەت سەرۆك وەزیرانیش لاببات. رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(٣٦٠٦)لە٢٥/٢/٢٠٠٥

٨- بەرەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێوەبەری گشتی دەزگای هەواڵگریو گەورە ئەفسەرانی سوپا لەعەمید بەرەوژوور دادەمەزرێنێت.
دواتر ئەو دامەزراندنانە لەلایەن كۆمەڵەی نیشتمانیەوە بەزۆرینەی سادەی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو پەسەند دەكات.

٩- ئەنجومەنی سەرۆكایەتی رۆڵی لەچارەسەركردنی كێشەكانی دوو توێی ماددەی (٥٨)ی یاساكە هەیە، لەوچوارچێوەیەدا ئەنجومەنی سەرۆكایەتی لەگەڵ حكومەتی گواستنەوەدا دەتوانیت راسپاردە پێشكەش بە كۆمەڵەی نیشتمانی بكات بۆ چارەسەركردنی گۆرانكارییەكانی سنورە ئیدارییەكانی ئەو ناوچانەی لەو ماددەیەدا هاتووە.

ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆكایەتی نەیتوانی لەسەر ئەو مەسەلەیە رێك بكەوێت، دەبێ بەكۆی دەنگ ناوبژیوانێكی بێلایەن دابمەزرێنێت بۆ لێكۆلینەوە لەكێشەكەو پێشكەشكردنی راسپاردە، ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆكایەتی نەیتوانی لەسەر ناوبژیوانی بێلایەن رێك بكەوێت، دەبێت داوا لەسكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ ئەوەی كەسایەتیەكی نێودەوڵەتی ناودار بۆ ئەو ناوبژیوانییە دەست نیشان بكات.

ئەنجومەنی سەرۆكایەتی، كەسەركۆمار سەرۆكایەتی دەكات، ئەو هەموو ئەركو دەسەڵاتانەی هەیە كە لەماددەكانی یاسای بەرێوبردنی دەوڵەتی عیراقدا دیاریكراون. هەربۆیەش وەرگرتنی ئەو پۆستە بۆ كورد بایەخێكی گەورەی هەیەو بۆ یەكەمجار لەمێژووی دەوڵەتی عیراقدا كوردێك بەپێی یاساو بەمتمانەی خەڵكو پەرلەمان لەلوتكەی هەرەمی دەسەڵاتدا دەبێت.



# مام جەلال سەرۆك كۆمارو سەدامیش زیندانی

ئەگەر لاپەڕەكانی مێژووی حوكمڕانی عیراق هەڵبدەینەوە، دەبینین لە زۆربەی قۆناغە جیاجیاكانی پاشایەتی و كۆماریدا، پۆستە باڵاكانی دەوڵەت لەدەست كەمینەیەكی عەرەبی سونیدا بووەو زۆرینەی گەلانی عیراق لەكوردو شیعە لەو پۆستانە بێبەش و پەراوێزكراوبوون.

لەدەستوورە كاتییەكانی سەردەمی كۆماریشدا، دانانی سەركۆمار لەڕێی هەڵبژاردنی خەڵك یاخود متمانە پێدانی پەرلەمانەوە نەبووە، كەدوو شێوازی دیموكراسی دانانی سەرۆكن. دانانی سەرۆك لەو دەستوورانەدا بەشێوازی دامەزراندن بووە نەك هەڵبژاردن، بۆ نموونە دەستووری كاتی ساڵی ١٩٥٨ ئەركی دانانی سەركۆماری بەئەنجومەنی سەروەری بەخشیوە، ئەو ئەنجومەنش ئەنجومەنێكی هەڵبژێردراوی خەڵك نەبووەو بەشێوازی دامەزراندن سەرۆكی داناوە، هەروەها دەستووری كاتی ساڵی ١٩٦٨، ئەركی دانانی سەركۆمارو جێگیرەكانی بەئەنجومەنی بەناو سەركردایەتی شۆڕش بەخشیوە بۆ ئەوەی لەناو ئەندامەكانیدا بەدامەزراندن كەسێك بەسەركۆمار دابنێت، ئەوەش شێوازێكی دیموكراسی نییە، چونكە ئەو ئەنجومەنە گەل متمانەی پێنەبەخشیوە، بەڵكو لەڕێی كودەتاوە دەسەڵاتی گرتۆتە دەست. هەرچەندە لەماددەكانی یەكو دووی دەستووری كاتی ساڵی ١٩٦٨دا ئاماژە بەوە كراوە كە عیراق دەوڵەتێكی دیموكراتی گەلییەو گەل سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەكانە، بەڵام رەفتارەكانی رژێمی بەعس دژ بەدیموكراسی بووەو بەبێ متمانەی گەل هەموو دەسەڵاتەكان لەدەست سەرۆكو ئەنجومەنی بەناو سەركردایەتی شۆڕشدا كۆكرابۆوە. تەنانەت ئەو ئەنجومەنە دەسەڵاتی دەركردنی

یاساشی هەبووە، ئەوەش پێچەوانەی یاسایەو تەنها پەرلەمان دەسەڵاتی دەرکردنی یاسای هەیە..

لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە تارووخاندنی رژێمی بەعس، لەزۆربەی حکومەتەکاندا، پۆست و پایە باڵاکانی دەوڵەت بەکورد نەدراوە، ئەگەر هەندێ جاریش لەسەردەمی پاشایەتی یاخود کۆماری، هەندێ پۆست بەچەند کوردێك سپێردرابێت، ئەوە سپاردنی ئەو پۆستانە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی کردنی گەلی کورد نەبووە، بەڵکو زۆربەی ئەو کەسانە دڵسۆزی ئەو رژێمانە بوون‌و وەك فەرمانبەرێك سیاسەت‌و بەرنامەی ئەوانیان جێبەجێکردووەو هەر لەو چوارچێوەیەداو بەدرێژایی مێژووی حوکمڕانی عیراق، هەرگیز کورد پۆستی سەرکۆماری وەرنەگرتووە.

لەدوای روخاندنی رژێمی بەعس، هەلومەرجێکی زێرین بۆ کورد هاتە گۆڕێ، نوێنەرانی کورد لەناوەندی دەسەڵاتی سیاسی عیراقدا رۆڵی دیاریان لەئەنجومەنی حوکم و دارشتنی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی‌و ئەنجومەنی وەزیران‌و سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و وەزارەتەکاندا گێڕا.

ئەو هەلومەرجە نوێیە زەمینەی ئەوەی ڕەخساند، کە گەلی کوردستان لەشێوازێکی نوێی خەباتی سیاسی و کەرنەڤاڵێکی دیموکراسیداو لەرێی سندوقەکانی دەنگدانەوە چارەنووسی خۆی دیاربکات و لەو چوارچێوەیەدا لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کە لەژێر چەتری لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا کۆبوبونەوە ، توانیان داستانی گەورەی سەرکەوتن تۆمار بکەن و ٧٥ کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنن و لەدوای لیستی ئیئتلافی عیراقی یەکگرتوو لەپلەی دووەمدا بن، بەوەش بەشێوەیەکی یاسایی و شەرعی سەنگ و قورسایی گەلی کوردستان لەعیراقی نوێدا دەرکەوت و ئەوەش وایکرد کە بەدەنگێکی دلێر داوای



پشکی شایستەی خۆی لەپۆست و داهات و دەسەڵاتی وڵاتدا بکات. لەبەر رۆشنایی دەرەئەنجامەکانی هەڵبژاردن و بەپێی عورفی سیستمی پەرلەمانی پۆستی سەرۆك وەزیران دەدرێت بەو لیستەی کە رێژەی یەکەمی دەنگەکان بەدەست دەهێنی و لەسەر ئەو بنەمایە پۆستی سەرۆك وەزیران بەلیستی ئیئتلافی عیراقی یەکگرتوو درا، لەدوای پۆستی سەرۆك وەزیران، پۆستی سەرکۆمار دێت و بەپێی هەمان عورف و بنەمای سیستمی پەرلەمانی ئەو پۆستەش بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەخشرا کە هەڤاڵ مام جەلال سەرۆکایەتی دەکات و لەلایەن گەلی کوردستانەوە بەهەموو لایەن و پێکهاتەکانیەوە بۆ ئەو پۆستە پاڵێوراوە.

دەبێ بایەخی پۆستی سەرکۆمار بۆ کورد چی بێت، کە بە بەپێی سیستمی پەرلەمانی بەشێکی زۆری دەسەڵاتەکان بەئەنجومەنی وەزیران دەسپێردرێت و زۆربەی کاروبارەکان لەرێی ئەوەوە رایی دەکرێت. سەرباری ئەو راستیانە پۆستی سەرکۆمار گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیەو بۆ کوردیش ئەو بایەخە دووبەرابەرە، چونکە لە مێژووی عیراقدا ئەمە بۆ یەکەمجارە بەشێوەیەکی دیموکراسی و بەمتمانەی پەرلەمان دەرگای کۆشکی کۆماری بۆ سەرکردەو خەباتگێڕێکی کورد والاَ دەکرێت و لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا دەبێت، ئەمە ئەو راستییە وەك رۆژی روون دەدرەوشێنێتەوە کە رۆژانی سرینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و قەڵاچۆکردن و نکۆڵیکردن لەمافەکانی گەلی کورد بەسەرچووەو ئەم گەلەش وەك گەلانی تری ئەم وڵاتە لەخاك و سامان و دەسەڵاتدا هاوبەشەو وەك ئەوان هاونیشتمانی پلەیەکەو لەچوارچێوەی یاسادا وەك ئەوان وایەو هەموو مافێکی ئەوانی هەیە بەبێ جیاوازی، ئەو بنەمایانەش لەچەندین ماددەو برگەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا ئاماژەی پێکراوەو نوێنەرانی هەموو پێکهاتەکانی عیراق ئیمزایان کردووە.

بوونی کوردێك لەو پۆستەدا بالآیەدا وادەکات کە ئاگاداری هەموو یاساو بڕیارە ناوخۆیی‌و پەیوەندییە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان بێت.

بێجگەلەوە دەتوانین رۆڵ و دەسەلآتی سەرکۆمار لەدوو توێی یاسای بەڕێوەبردنی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق هەڵبهێنجین .

- بەپێی ماددەی (٣٥)ی یاساکە دەسەلآتی جێبەجێکردن لەدوو ئەنجومەن پێك دێت، ئەوانیش ئەنجومەنی سەرۆکایەتی‌و ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەسەرکۆمار دووجێگر پێك دێت.

- بەپێی برگەی(أ)ی ماددەی (٣٦)ی یاساکە، کۆمەڵەی نیشتمانی سەرکۆمارو دوو جێگرەکەی بەیەك لیستو بەزۆرینەی دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێت. بەپێی برگەی (ج)ی ماددەی (٣٦)ی هەمان یاسا هەموو بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەکۆی دەنگ دەدرێت.

ئەمانەش ئەرك و دەسەلآتی ئەنجومەنی سەرۆکایەتییە:

١. ئەرکی سەرەکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نوێنەرایەتیکردنی سەروەری عیراق‌و سەرپەرشتیکردنی کاروبارە بالآکانی ولآت دەبێت.

٢- ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەسەلآتی ڤیتۆکردنی هەر یاسایەکی هەیە کە کۆمەڵەی نیشتمانی دەریدەکات. ئەمەش لەدوای (١٥) رۆژ لەمێژووی ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانییەوە لەو یاسایە. لەدوای ڤیتۆکردن یاساکە دەگێڕدرێتەوە بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی، ئەویش سەر لەنوێ دەتوانێت دوو لەسەر سێی ئەندامانی لەماوەی (٣٠) رۆژدا پەسەندی بکاتەوە، ئیدی بواری تانوت لێدانی نابێت لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتییەوە.

٣- ئەنجومەنی سەرۆکایەتی مافی دەست نیشانکردن‌و ناونانی سەرۆك وەزیرانی بەکۆی دەنگی ئەندامانی هەیەو دواتر کۆمەڵەی نیشتمانی متمانەی پێدەبەخشێت.



٤- بەرەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی وەزیران نوێنەران دەستنیشان دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەستنی پەیماننامەو رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی، هەر لەوچوارچێوەیەدا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمەڵەی نیشتمانی رادەسپێرێت بۆ دەرکردنی یاسا بۆ پەسەندکردنی ئەو پەیماننامەو رێکەوتننامانە.

٥- لەبۆنەو ئاهەنگەکاندا، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەرکی سەرکردایەتی بالآی هێزە چەکدارەکانی لەئەستۆدایە.

هەرچەند ئەو ئەنجومەنە لەکاتی تردا مافی فەرماندەیی ئەو هێزانەی نییە، بەلآم ماف ئاگاداربوون‌و پرسیارکردن‌و راوێژدانی هەیە، ئەرکی فەرماندەیی لەئەستۆی سەرۆك وەزیران‌و وەزیری بەرگری‌و فەرماندە بالآکانی سوپایە.

٦- ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی بالآی دادوەری، دەسەلآتی دامەزراندنی سەرۆك‌و ئەندامانی دادگای بالآی هەیە.

٧- ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، لەسەر راسپاردەی دەزگای نەزاهەتی گشتی‌و لەدوای پەیڕەوکردنی رێو شوێنی یاسایی، دەتوانێت ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران‌و تەنانەت سەرۆك وەزیرانیش لاببات.

٨- بەرەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی وەزیران، بەرێوەبەری گشتی دەزگای هەواڵگری‌و گەورە ئەفسەرانی سوپا لەعەمید بەرەو ژوور دادەمەزرێنێت. دواتر ئەو دامەزراندنانە لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانییەوە بەزۆرینەی سادەی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو پەسەند دەکرێت.

٩- ئەنجومەنی سەرۆکایەتی رۆڵی لەچارەسەرکردنی کێشەکانی دوو توێی ماددەی (٥٨)ی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا هەیە، لەوچوارچێوەیەدا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەگەڵ حکومەتی گواستنەوەدا دەتوانێت راسپاردە پێشکەش بە کۆمەڵەی نیشتمانی بکات بۆ چارەسەرکردنی گۆرانکارییەکانی سنورە

ئیدارییەکانی ئەو ناوچانەی لەو ماددەیەدا هاتووە. ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەیتوانی لەسەر ئەو مەسەلەیە رێك بکەوێت، دەبێ بەکۆی دەنگ ناوبژیوانێکی بێلایەن دابمەزرێنێت بۆ لێکۆلینەوە لەکێشەکەو پێشکەشکردنی راسپاردە، ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەیتوانی لەسەر ناوبژیوانی بێلایەن رێك بکەوێت، دەبێت داوا لەسکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی کەسایەتیەکی نێودەوڵەتی ناودار بۆ ئەو ناوبژیوانییە دەست نیشان بکات.

١٠ـ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، دامەزراندنی بریکاری وەزارەتەکان و باڵوێزو فەرمانبەرە پلە تایبەتییەکان پەسەند دەکات لەدوای ئەوەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆی بەرز دەکرێتەوە.

١١ـ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، لەسە داخوازی سەرۆك و بەرەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی، بۆ یەکجار دەسەڵاتی درێژکردنەوەی ماوەی نووسینەوەی  رەشنووسی دەستووری هەیە بۆ شەش مانگی ترو نابێت ئەوە ماوەیە جارێکی تر درێژ بکرێتەوە.

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، کە سەرکۆمار سەرۆکایەتی دەکات، ئەو هەموو ئەرك و دەسەڵاتانەی هەیە کە لەماددەکانی یاسای بەرێوبردنی دەوڵەتی عیراقدا دیاریکراون. هەربۆیەش وەرگرتنی ئەو پۆستە لەلایەن مام جەلالەوە بایەخێکی گەورەی هەیەو بۆ یەکەمجار لەمێژووی دەوڵەتی عیراقدا کوردێك بەپێی یاساو بەمتمانەی پەرلەمان لەلوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا دەبێت. بێگومان مایەی شانازییە بۆ سەرکردەیەکی وەك مام جەلال لەم هەلومەرجە سەختەدا پۆستی سەرکۆماری عیراقی، کۆماری، فیدرالی ، دیموکراسی، فرەیی پێدەبەخشرێت. مام جەلال ئەو سەرکردە تێکۆشەرەیە کە سالانێکی دوورو درێژە لەپێناوی هێنانە دی عیراقێکی ئازادو دیموکراسدا خەبات دەکات و لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆرشی نوێ



و رابەرایەتیگردنی ئەو شۆرشەدا، مام جەلال چەندین تێزی نوێی هێنایە نێو فەرهەنگی شۆرشەوە، کە ئێستا بوونەتە بنەماو کۆڵەکەی سەرەکی عیراقی نوێ، لەو چوارچێوەیەدا ئاماژە بە چەند دروشمێك دەکەین ، لەوانە دروشمی دیموکراسی بۆ عیراق لەو سەردەمە سەخت و تاریك و توونەدا بەرزکرایەوەو هەزاران تێکۆشەری گەلەکەمان لەو پێناوەدا گیانی خۆیان کردە خەلات و ئەوە دوو ساڵە رژێمی دیکتاتۆری رووخاوەو ئالای دیموکراسی دەشەکێتەوە.و دیموکراسی بۆتە بنەمایەکی سەرەکی عیراقی نوێو لەیاسای بەرێوەبردندا جێگیر کراوە. هەرلە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆرشی نوێداو لەکاتێکدا فکری شمولی و دیکتاتۆری باڵی بەسەر بەشێکی زۆری ولاتاندا کێشابوو، بیرۆکەی فرەیی لەهەناوی (ی. ن. ك)دا چەکەرەی کردو یەکێتی بووە چەتری کۆکردنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان. ئێستا فرەیی بۆتە یەکێك لەبنەماو کۆڵەکە سەرەکییەکانی عیراقی نوێ. فیدرالیش یەکێکە لەو دروشمانەی کە بیرۆکەکەی بۆ مام جەلال دەگەرێتەوە، لەو چوارچێوەیەدا (یەتانا دویخ نەوشا) کە نووسەرێکی مەسیحییە لە رۆژی ٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤دا نووسینێکی بەناوی (فیدرالییەکەی تالەبانی) لەرۆژنامەی کوردستانی نوێدا بلاوکردۆتەوەو تییێدا ئاماژە بەوە دەکات کە ساڵی ١٩٨٧ مام جەلال لەئیسپانیا موحازەرەیەکی لەسەر هەلومەرجی عیراق و کێشە ناوخۆییەکانی پێشکەش کردووەو تێیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێشنیازی سیستمی فیدرالی کردووەو لەدوای ئەوەش لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستاندا دروشمی فیدرالی دروشمی بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستی (ی. ن. ك)بوو ، دواتر لەرێی پەرلمانی کوردستانەوە ئەو دروشمە بووە دروشمی ناوەندی گەلی کوردستان و دواتر دروشمی ڤیدرالی بۆ عیراق بووە دروشمی ئۆپۆزسیۆنی عیراق و لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقیش دروشمی فیدرالی لەیاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراق و

بڕیاری ژمارە (١٥٤٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا جێگیر کرا، جێگەی شانازییە کە ئەمڕۆ مام جەلال سەرکۆماری ئەو عیراقە فیدرالییە کە (١٨) لەمەوبەر لەسەردەمێکی سەختو دژواردا پێشنیازی سیستمی فیدرالی بۆ کردووەو ئێستا ئەو سیستمە چەسپیوەو دیکتاتۆرو جەللادەکانی رژێمی بەعسیش لەزینداندا چاوەڕوانی وەرگرتنی سزای تاوانە گەورەکانیان دەکەن.

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(٣٦٣٩)لە٧/٤/٢٠٠٥



# پێویستی بەڕەسمی ناسینی هێزی پێشمەرگە

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وەك هێزێکی شۆڕشگێڕو قارەمان، لەسەنگەری خەباتو تێکۆشاندا بەرگری لەناسنامەی نەتەوەیی‌و وجودی گەلی کوردستان کردووە. هەزاران ڕۆڵەی ئەم گەلە لەریزی هێزی پێشمەرگەدا گیانی خۆیان کردە خەڵاتی ڕێگای رزگاری. سەرباری بەشداری کاریگەری ئەم هێزە لەقۆناغە سەختەکانی خەباتدا لەدژی دیکتاتۆریەت، لەپرۆسەی ئازادی عیراقیشدا وەك هێزێکی کارامەو قاڵبووی خۆماڵی شانبەشانی هێزی هاوپەیمانان بەشداری ئەو پرۆسەیەی کرد. فەرماندەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان لەچەندین بۆنەدا بەئیعجابو پێزانینەوە رۆڵی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەیان بەرز نرخاند.

هێزێك کە ئەم رۆڵە درەوشاوەو جوامێرانەیەی هەبووبێ، دەبوو وەك هێزی رزگاری نیشتمانی بەرەسمی بناسرایە.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوەدا، بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بەرەسمی ناسینی ئەو هێزە نەکراوە.

ئەگەرچی لەبڕگەی (أ)ی ماددەی (٥٣)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، دان بەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا نراوە بۆ ئەوەی لەقۆناغی گواستنەوەدا کاروبارەکانی بەڕێوەببات.

کەچی لەهیچ بڕگەو ماددەیەکی ئەو یاسایەدا ئاماژە بەرەسمی ناسینی هێزی پێشمەرگە نەکراوە، بەڵکو لەبڕگەی (أ)ی ماددەی (٥٤)ی یاساکەدا تەنها ئاماژە بەوەکراوە کەهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو هێزەکانی پۆلیس لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمدا دەبن‌و ناوی پێشمەرگە نەهاتووە ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە گوایە مەسەلەی بەرگری‌و هێزی چەکدار لەچوارچێوەی دەسەڵاتە سیادیەکانەو بەپێی ماددەی (٢٥)ی یاساکە حەسرکراوە بۆ حکومەتی فیدرالی بەغدا.

لەو چوارچێوەیەدا بڕگەی (ب)ی ماددەی (٢٥)ی یاساکە دارشتنو جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانیو پێکهێنانی هێزی چەکداری بەدەسەڵاتی سیادی حکومەتی گواستنەوەی عیراق داناوەو حکومەتی هەرێمەکان ئەو دەسەڵاتانەیان نییە، تەنانەت پەرلەمانی عیراق هەر یاسایەك سەبارەت بەو مەسەلە سیادییانە دەربکات، دەبێت لەسەرانسەری عیراقدا جێبەجێ بکرێتو پەرلەمانی کوردستانیش بۆی نییە رەتی بکاتەوە یاخود هەمواری بکات.

ماددەی (٢٧)ی یاساکە جارێکی تر باسی هێزی چەکداری عیراق دەکاتو لەبڕگەی (أ)ی ماددەکەدا دەڵێت ئەم هێزە لەئەندامانی ئەویەکانە پێك دێت کە لەکاردان یاخود یەدەگنو ئامانجیان پاراستنی عیراقە.

لەم بڕگەیەشدا باسی عیراق بەگشتی دەکاتو هیچ ئاماژەیەك بەتایبەتمەندی هەرێمی کوردستان ناکات. بڕگەی (ب)ی ماددەی (٢٧)ی یاساکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێت هیچ هێزێکی سەربازیو میلیشیا پێك بهێنرێت کە راستەوخۆ لەژێر فەرمانو دەسەڵاتی حکومەتی گواستنەوەی عیراقدا نەبێت، تەنها بەپێی قانونێکی فیدراڵی نەبێت.

بەپێی ئەم بڕگەیەش دەبێت هێزە چەکدارەکان لەژێر کۆنترۆڵو دەسەڵاتی راستەوخۆی حکومەتی گواستنەوەی عیراقدا بن، بەم پێیەش حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی نییە، هێزی چەکدار یاخود پێشمەرگەی تایبەت بەخۆی هەبێت، تەنها بەپێی قانونێکی فیدراڵی نەبێت، کە تا ئێستا هیچ قانونێکی ئەوتۆ نییە کە ئەو مافە فەراهەم بکات.

ئەگەر بە وردی ئەو بڕگەو ماددانەی یاساکە شەنو کەو بکەین کە تایبەتمەندن بە مەسەلەی هێزی چەکدار دەگەینە ئەو راستییەی کە سەرباری دانانی بەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەیاسای بەڕێوەبردندا کەچی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسنووری دەسەڵاتی ئەو حکومەتەدا بە رەسمی نەناسراوەو تەنها هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو پۆلیسی هەرێم بەرەسمی ناسێنراون.



بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە بەرگریو هێزی چەکدار لەدەسەڵاتە سیادییەکانو ئەو دەسەڵاتانە تەنها حکومەتی فیدراڵی بەغدا پیادەیان دەکاتو بەو پێیە دەبێت هێزە چەکدارەکان راستەوخۆ لەژێر فەرمانو دەسەڵاتی ئەودابنو حکومەتی هەرێمەکان بۆیان نییە خۆیان لەقەرەی ئەو مەسەلانە بدەن.

لەئەنجامی شیکردنەوەی ئەو بڕگەو ماددانەی یاسای بەڕێوەبردندا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەسمی دانی پێدانەنراوەو نەناسراوە، ئەمەش غەدرێکی گەورەیە لەو هێزە شۆڕشگێڕو قارەمانەی کە رۆڵی دیارو بەرچاوی لەدژایەتیکردنی دیکتاتۆریەتدا هەبوو، لەپرۆسەی ئازادی عیراقیشدا شەریكو هاوسەنگەری هێزی هاوپەیمانان بوو.

هەر بۆیەش جێگەی خۆیەتی هەموو وزەو توانای گەلەکەمان بۆ بە رەسمی ناسینی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بخەینە گەڕو هەوڵیش بدەین هەموو هێزی پێشمەرگە لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا لەژێر سایەی یەك فەرماندەییدا کۆبکەینەوە.

مایەی شانازیو پێزانینە کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، بەرەسمی ناسینی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردۆتە مەرجێکی پێشوەخت بۆ وەرگرتنی هەر پۆستێکی سیادیو باڵا لەبەغدا.

دەبێت لەکاتی نووسینی دەستووری هەمیشەیی عیراقدا هەوڵی ئەوە بدرێت کە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە فەرامۆش نەکرێتو بەرەسمی ئەوە بچەسپێنرێت کە هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگەی تایبەت بە خۆی هەبێتو ئەرکی پاراستنی هەرێم لەئەستۆ بگرێت، هەروەك چۆن سەرکردەکانی هەرێمی خوارووی سودان لەپرۆتۆکۆلەکانیاندا لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی سوداندا بەرەسمی ناسینو هێشتنەوەی سوپای رزگاری هەرێمەکەیان چەسپاندووەو ئیمزا کردووە.

رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(٣٦٨٠)لە٢٠٠٥/٣/٢٠

## دەستووری هەمیشەیی عیراقو چەسپاندنی فیدرالی

ئەگەر بەوردی سەیری بڕگەو ماددەکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین، دەبینین لەدیباجەو ماددەکانی (١، ٥٥، ٧٣، ٧٦)ی ئەو پەیماننامەیەدا ئاماژە بەپرنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان کراوەو بەپێی ئەو ماددانە هەموو گەلێك مافی ئاسایی‌و سروشتی خۆیەتی داوای ئەو مافە بکاتو بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا کە تێیدا دەژی یاخود لەدەرەوەی چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەو بە دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بەرجەستە بکات.

بەشێك لەپسپۆڕانی بواری یاسای گشتی نێودەوڵەتی رەخنەی ئەوەیان هەبووە کە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەشێوەیەکی راگوزاری باسی پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی کردووەو مافی خۆی نەداوەتێ، لەئەنجامی ئەوەدا نەتەوەیەکگرتووەکان چەندین بڕیارو بەڵگەنامەو راسپاردەی تری دەرکردووەو زۆر بەروونی‌و راشکاوی پشتیوانی خۆی بۆ مافی چارەی خۆنووسینی گەلان دووپات کردۆتەوە.

لەبەر رۆشنایی ئەو رێکەوتننامەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانەو بەپێی پێوەرەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان چەندین گەلو نەتەوە لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، بەمافی چارەی خۆنووسینی خۆیان گەیشتنو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێك هێناو ئێستا ئالای ولاتەکانیان لەسەر تەلاری نەتەوەیەکگرتووەکان دەشەکێتەوە. لەو بوارەشدا دەتوانین گەلانی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران‌و چیکۆسلۆفاکیاو یۆگوسلافیا وتیمۆری خۆرهەلات بەنموونە بهێنینەوە.



ئایا گەلی کوردستانیش وەکو ئەو گەلانەو بەپێی بنەماو پێوەرەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆی نییە؟

گەلی کوردستان لەزۆربەی ئەو گەلانە زیاتر قوربانی لەپێناو ئازادیو بەدیهێنانی مافەکانیدا داوەو هەموو مەرجو پێوەرەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانیش تێدایە لەزمانو رۆشنبیری جیاو مێژووی هاوبەشو بوونی ناسنامەو هەرێمو خاکی تایبەت بەخۆی.

لەوەش زیاتر گەلی کوردستان، نزیکەی ١٣ ساڵە ئازادو سەربەخۆیەو خاوەن حکومەتو پەرلەمانی خۆیەتی. کەچی سەرباری ئەوانەش، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەجیاتی بەرجەستەکردنی ئەو سەربەخۆییە، دروشمی فیدراڵی بەرزکردۆتەوەو داوای یەکگرتنەوەی لەگەڵ هەرێمی عەرەبی عیراقدا کردووەو لەو چوارچێوەیەداو لەرۆژی ٤/ ١٠/ ١٩٩٢دا پەرلەمانی کوردستان وەك بالاترین دامەزراوەی یاسایی متمانە پێدراوی خەڵکی کوردستان بڕیاری فیدراڵی پەسەند کرد بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستانو حکومەتی بەغدا.

چەسپاندنی دروشمی فیدراڵی خەباتو ماندووبوونێکی زۆری ویست، ئەم دروشمە ئەگەرچی لەسەردەمی خەباتی پێشمەرگانەی شاخدا لەهەندێ ئەدەبیاتی سیاسی (ی. ن. ك) باسی لێوەکراوە، بەلام زیاتر ئەم دروشمە وەك دروشمێکی سیاسی بانگەشەی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن (ی. ن. ك) بەرزکرایەوەو دواتریش پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردو بووە دروشمی ناوەندی بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستانو دواتر بەهەوڵو هیمەتی سەرکردایەتی سیاسی کورد بووە دروشمی ئۆپۆزسیۆنی عیراق، پاشان ئەو دروشمە بووە بەرنامەی سیستمی سیاسی عیراقو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا جێگرکراو لەماددەی چواری یاساکەدا زۆر بەروونیو راشکاوی ئاماژە بەوە کراوە کە سیستمی

دەسەڵات لەعیراق، کۆماری، فیدراڵی، دیموکراسی، فرەییەو دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدرالو حکومەتی هەرێمو پارێزگاکان دابەش دەکرێت.

ئەوە بێجگە لەوەی لەبڕیاری (١٥٤٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا جەخت لەوەکراوەتەوە کە سیستمی سیاسی عیراق سیستمێکی فیدرالییە، ئەوەش رەهەندێکی نێودەوڵەتی بەو مەسەلەیە بەخشیوەو عیراق ناچار دەکات بەپێی ئەو بڕیارە نێودەوڵەتییە پابەندی سیستمی فیدرالی بێت.

لەدوای جێگیربوونی سیستمی فیدرالی لەیاسای بەڕێوەبردنی دەڵەتی عیراقو لەبڕیاری ژمارە (١٥٤٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا، وا دەخوازێت کە جارێکی تر ئەو سیستمە لەیاسای هەمیشەیی دەوڵەتی عیراقدا بچەسپێت لەسەر بنەمای یەکێتی ئارەزوومەندانەی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عیراق هەروەها پێویستە سنووری هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای راستیە جوگرافیو مێژووییەکان وەك هەرێمێکی فیدراڵ دیاری بکرێتو لەو چوارچێوەیەدا هەموو ناوچە تازە ئازادکراوەکان بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوەش تاکە زامنی هێشتنەوەی یەکپارچەیی دەوڵەتی عیراقو سڕینەوەی شوێنەوارە دزێوەکانی سەردەمی پێشووە.

رۆژنامەی کوردستانی نویٚ ژمارە(٣٥٧١)لە١٤/١/٢٠٠٥



# کاریگەری نەوت لەسەر چارەنووسی سیاسیی گەلی کوردستان

هەڵکەوتی شوێنی جوگرافی کوردستان لەناو دڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گرنگیو بایەخێکی گەورەی جیۆپۆلەتیکی هەیە. چونکە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی ستراتیجیو دەوڵەمەندی نەوتەو ئەڵقەی پێکەوە بەستنی کیشوەرەکانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەوروپایەو بەدرێژایی مێژووش گۆرەپانی شەرو ململانێی توندو تیژی نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان بووە، بوری نەوتێکی زۆر لەژێر خاکەکەیدا، کوردستانی کردۆتە گۆرەپانی ئەو شەڕو ململانیٚ خوێناویە، ئەوەش کاریگەری خراپی لەسەر کوردستان بەجیٚ هێشتووەو هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی بووە لەبوارەکانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیداو رێگری سەرەکی بووە لەبەردەم پێکهێنانی قەوارەی کوردستاندا، ئەم توێژینەوەیە رۆڵی نەوت لەچارەنووسی سیاسیی گەلی کوردستاندا روون دەکاتەوە.

**یەکەم: مێژووی دۆزینەوەی نەوتی کوردستانوپانۆرامای ململانێی نێودەوڵەتی**

لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، سەرزەمینەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە مەیدانی چالاکیو جموجۆڵی دەوڵەتە رۆژئاواییەکان، کوردستانیش وەك بەشێکی گرنگو ستراتیجی ئەو ناوچانە هەر زوو تێکەڵاوی نەخشەو پیلانی زلهێزەکان بوو.

ئەڵمانیا لەپێشەنگی ئەو ململانێیەدا بوو، چونکە تیمە جیۆلۆجیەکانی ئەڵمانیا لەساڵی ١٨٧١ داو لەئەنجامی گەرانو پشکنین بەناوچەکانی کوردستانی باشووردا

دڵنیا بوون لەوەی کە نەوتێکی زۆر لەوناوچانەدا هەیە، ئەوە بێجگە لەوەی کە گەریدەکانی بەریتانیاو فەرەنساو دانیمارکو هۆڵەندا لەنوسراوەکانیاندا ئاماژەیان بەوە کرد بوو کە لەژێر زەمینەکانی کوردستانی باشوردا نەوتێکی زۆر هەیە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کەسوڵتانەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زۆر بایەخ بەو ناوچانەی کوردستانی باشور بدەنو ئیمتیازی گەڕانو پشکنین بە دوای نەوتدا لەو ناوچانەدا بخەنە ژێر رکێفی فەرمانی خۆیانو ئەو ناوچە نەوتیانەش بکەنە بەشێك لەسامانی سوڵتانەکان.

پێشبڕکێو ململانێی ئەو دەوڵەتانە رۆژ بەرۆژ زیاتر پەرەی دەسەندو توندو تیژتر دەبوو بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئەو ناوچە نەوتیانەی کوردستان بکەن، ئەڵمانیا هەر لەساڵی ١٨٧١ەوە درکی بەبایەخو گرنگی ئەو ناوچە نەوتیانە کردبوو، لەبەر ئەوە لەپێش هەموانەوە لەهەڵپەی وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی ئەو ناوچانەدا بوو، ئەوە بوو لەساڵی ١٩٠٤دا توانی لەرێی کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵی عوسمانیەوە ئیمتیازی وەزارەتی مولکی تایبەتی دەوڵەتی عوسمانی وەربگرێ بۆ گەڕانو پشکنین بەهەر دوو بەری هێڵی ئاسنی بەغدادا بەدووری ٢٠کم لەهەردوو ویلایەتی موسڵو بەغدادا، ئەو کارە بووە هۆی نیگەرانی هەردوو سەفارەتی بەریتانیاو ئەمریکا لەئەستەنبوڵ.

بەریتانیا ئەو کارەی بەهەرەشەیەکی راستەوخۆی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی خۆی لەناوچەکەدا لەقەڵەم دا، لەبەر ئەوە لەساڵی ١٩٠٧دا لەرێی کۆمپانیای (رویاڵ دەچ شل)ەوە کەوتە پێشبڕکێ لەگەڵ ئەڵمانیادا، ئەمریکاش لەرێی کۆمپانیای (چیستەر)ەوە کەوتە پێشبڕکێ بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی نەوتی ناوچەکە، فەرەنساو روسیاش چاویان لەنەوتی ئەو ناوچایە بریبوو لەهەوڵی ئەوەدا بوون شوێن پێی خۆیان لەو ناچەیەدا بکەنەوە.



ساڵی ١٩١١ ئەڵمانیاو بەریتانیا ناکۆکیەکانیان سەبارەت بە نەوتی ولایەتی موسڵ (کوردستانی باشور) یەکلایی کردەوەو هەردوولا کۆمپانیایەکی هاوبەشیان دامەزراند بە ناوی (کۆمپانیای ئیمتیازی ئەفریقیو رۆژهەڵاتی) لەم کۆمپانیایەدا پشکی بەریتانیا ٧٥٪و پشکی ئەڵمانیا ٢٥٪ بوو.

ناکۆکیەکانی نێوان زلهێزەکان لەو سەردەمەدا بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم، بەرپابوونی جەنگیش ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەشەڕەکەوە گلان، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە مەسەلەی دابەشکردنی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هەریەك لەروسیاو فەرەنسا بێتە گۆڕێ، لەگەڵ توندوتیژ بوونی ململانێو ناکۆکی بۆ زیاتر دەست بەسەراگرتنی ناوچەی نفوزی نوێ رۆڵی سازشو لێك نزیك بوونەوە بەمەبەستی هاوسەنگ راگرتنی بەرژەوەندیەکانیان وەك فاکتەرێکی گرنگ هاتە ئاراوە، لەو چوارچێوەیەدا ساڵی ١٩١٦ پێش ئەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی تەواو بێ بەریتانیاو فەرەنساو روسیای قەیسەری بەنهێنی پەیمانی (سایکس ـ بیکۆ)یان بۆ دابەشکردنی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئیمزا کرد، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەساڵی ١٩١٧دا، لینین پەردەی لەسەر ئەو پەیمانە نهێنیە لاداو ئاشکرای کردو رایگەیاند کە ولاتەکەی واز لەهەموو دەستکەوتەکانی ئەو پەیمانە دەهێنێ.

رۆژی ٣٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ جەنگی جیهانی یەکەم کۆتایی هاتو ئاگربەستی (مۆدرۆس) ئیمزا کراو بەپێی ئاگربەستەکە دەبوو هێزە سەربازییەکانی ئەو ولاتانە لەشوێنی خۆیان بوەستنو پێشڕەوی نەکەن بۆ هیچ شوێنێکی تر، کەچی بەپێچەوانەی بڕیاری ئاگربەستەوە بەریتانیا کە ١٢ میلو ١٩کم لەشاری موسڵەوە دوور بوو شارەکەی ئابلۆقەداو دەستی بەسەردا گرت، هۆی ئەوەش ئەوە بوو کە بەریتانیا دەیزانی کە شاری موسڵ بایەخێکی گەورەی ئابووری

هەیە، چونکە نەوتێکی زۆر لەژێر خاکەکەیدا بوو، ئەو کارە بووە مایەی نیگەرانی فەرەنسا چونکە بەپێی ڕێکەوتننامەی (سایکس ـ بیکۆ) ولایەتی موسڵ بەر ئەو کەوتبوو، بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو مەسەلەیە بەریتانیاو فەرەنسا کەوتنە وتوویژەوەو پاش وتوویژێکی دوورو درێژ لەسەر ولایەتی موسڵ، پاریس وازی لەویلایەتەکە هێنا بەو مەرجەی پشکی لەنەوتی ولایەتی موسڵ هەبێ‌و بەریتانیا پشتیوانی فەرەنسا بکا لەدژی ئەمریکاو لەجیاتی ولایەتی موسڵیش (دیمەشق‌و حەلەب‌و ئەسکەندەرونەو بەیروت) کە پێشتر بڕیار بوو لەژێر ئینتدابی بەریتانیادا بێ، خرایە ژێر ئینتدابی فەرەنساوەو دواتریش لەکۆنگرەی سان ڕیمۆدا کە لە٢٥ی نیسانی ١٩٢٠دا بەسترا بڕیار درا کە ڕێژەی ٢٥٪ی نەوتی ولایەتی موسڵ بەفەرەنسا بدرێ، ئەوەش بووە مایەی نیگەرانی‌و وروژاندنی ئەمریکا چونکە بەبڕوای واشنتۆن ئەو کارە دژی سیاسەتی دەروازەی کراوە (الباب المفتوح) بوو ئەمریکای لەبەرژەوەندییە نەوتیەکانی ناوچەکە بێبەش دەکرد، لەبەر ئەوە ئەمریکا کەوتە ململانێیەکی توندو تیژەوە لەگەڵ بەریتانیاداو لەئەنجامدا هەردوولا لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦دا لەسەر ئەوە پێکهاتن کە ئەمریکاش بەرێژەی ٥٧و٢٣٪ لەکۆمپانیای نەوتی تورکیدا پشکی هەبێ.

بەو جۆرە بەرژەوەندییە نەوتیەکانی ولاتە زلهێزەکان بووە هۆی ئەوەی کەچاو لەماف‌و داواکارییەکانی گەلی کوردستان بپۆشن‌و ئەوەشی پێشتر لەپەیمانی سیڤەردا سەبارەت بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بەرجەستە بوو بوو، لەپەیمانی لۆزاندا کرا بەقوربانی بەرژەوەندی نەوتی دەوڵەتە زلهێزەکان‌و زیندە بە چاڵکراو لەسەر داوای بەریتانیا کوردستانی خواروو لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦دا بەزۆری زۆر داری‌و بەبێ ڕەزامەندی خەڵکەکەی بە تەواوی بەعیراقی عەرەبییەوە لکێنراو بەرامبەر بەواز هێنان لەکوردستانی باشوور تورکیا بڕی (٣٠٠) هەزار جونەیهی



ئەستەرلینی وەرگرت‌و بڕیاریش درا کە بۆ ماوەی (٥٠) ساڵ ١٠٪ی پشکی نەوتی ولایەتی موسڵی لەلایەن عیراقەوە بدرێتێ‌و لەوەش دڵنیا کرایەوە کە دەوڵەتی کوردی دروست ناکرێ.

دروستکردنی دەوڵەتی عیراق لەسەر ئەو بنچینەیەی کە کەمینەی سوننەی عەرەب حوکمی ڕەهای عیراق بکات‌و بێبەشکردنی زۆرینەی خەڵکی کوردو شیعە لەبەشداریکردن لەحوکمدا گەورەترین شوێنەواری خراپی لەسەر ژیانی سیاسی خەڵکی کوردو شیعە بەجێهێشت بەشێکی زۆری سامانی ئابووری‌و مرۆیی گەلی کوردستان‌و شیعەکانی بەهەدەر داوگەلانی عیراق ڕووبەرووی چەندین کارەساتی ناهەموار کردەوە، لەبەر ئەوە کارەساتە خوێناوییەکان‌و مەینەتیەکان ئەو ڕاستیەیان سەلماند کە شێوازی سیستمی دیکتاتۆری ڕژێمی عیراق سیستمێکی فاشل بوو، هەر بۆیەش پێویستە دەرس و پەندی پێویست لەو ئەزموونە شکستخواردووە وەربگیرێت و لەسایەی عیراقی نوێدا مافی هەموو پێکهاتەکان دابین بکرێت‌و نوێنەری هەموان لەناوەندە جیاجیاکانی دەسەڵاتدا بەشداری بکەن و شوێن پەنجەیان بەدارشتنی بڕیاری سیاسیی ولاتەوە دیار بێ.

دووەم: دابەشبوونی جوگرافی نەوتی کوردستان

یەدەگی نەوتی عیراق نزیکەی ٦٤ ملیارد تۆنە، لەدوای ڕوسیاو عەرەبستانی سعودی، عیراق سێیەم ولاتە لەرووی یەدەگی نەوتەوە، ڕێژەی ٦٤٪ی ئەو نەوتەی عیراق لەکوردستاندایە، بەلام ١٠٪ی لەناوەڕاستی عیراق و ٢٦٪ی لەخوارووی عیراقدایە.

١. ئەو چاڵگانەی نەوتیان لێ دەردەهێنرێ

١ـ چاڵگەی کەرکوک: ئەم چاڵگەیە درێژترین‌و گەورەترین چاڵگەی نەوتی جیهانە لەناوچەی جەبەل بۆرەوە تا ناوچەی دیبەگە درێژ دەبێتەوە، لەدوای نەوتی باکۆو

تەکساس سێیەمین جۆری نەوتی جیهانە، ئەم چاڵگەیە لە ٢٢٢ بیرە نەوت پێکهاتووەو لەتوانایدا هەیە رۆژانە دوو ملیۆن و ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێ.

٢ـ چاڵگەی چەمەبۆر: ئەم چاڵگەیە لەگوندی بەعەرەبکراوی عەلی دەحامەوە تا بازگەی ئێستای کەرکوک ـ بەغدا درێژ دەبێتەوە.

٣ـ چاڵگەی بای حەسەن: لەناوچەی سلێمان بەخشیانەوە تا گوندی بای حەسەنی نزیک زێی بچووک درێژ دەبێتەوە.

٤ـ چاڵگەی خۆبازە: لەناوچەی خۆبازەیەو بە ئێستگەکانی بای حەسەنەوە بەستراونەتەوە.

٥ـ چاڵگەی نەفتخانە: چاڵگەیەکی کۆنە بەر لەجەنگی عیراق ـ ئێران بەرهەمی رۆژانەی ٧٠ هەزار بەرمیل بوو، چاڵگەیەکی هاوبەشە لەگەڵ چاڵگەی نەفت شای ئێران.

٦ـ چاڵگەی بەتمە: لەنزیک عێنزالەیە.

٧ـ چاڵگەی عێنزالە: ژمارەی چاڵگەکانی ٢٢ چاڵە.

٨ـ چاڵگەی سفییە: دەکەوێتە نزیک مەحمودیە لەنزیک سنوری سوریاو چاڵگەیەکی هاوبەشە لەگەڵ سوریاو ژمارەی چاڵەکانی ٢٤ چاڵە لەرێگەی عێنزالەوە بەهێڵی عێراقی ـ تورکییەوە بەستراوەتەوە.

٩ـ چاڵگەی حەمرین: دەکەوێتە سەر زنجیرە چیای حەمرین.

**٢- ئەو چاڵگە نەوتیانەی دۆزرانەتەوە نەوتیان لێدەرنەهێنراوە**

**١. چاڵگەی گوێر: لەناوچەی گوێر**

٢ـ چاڵگەی قەرەچووغ: لەسەر شاخی قەرەچووغ بەرهەمی رۆژانەی هەر چاڵێک ٧ هەزار بەرمیلە.



٣ـ چاڵگەی مەخمور: ئەم چاڵگەیە هەموو دەشتی مەخمور دەگرێتەوە.

٤ـ چاڵگەی جدیدە: لەناوچەی گوندی جدیدە لەباشوری داقوقە.

٥ـ چاڵگەی ئینجانە دەکەوێتە سەر شەقامی کەرکوک ـ بەغدا پێش بازگەی حەمرین.

٦ـ چاڵگەی گلابات: لەناوچەی گلابات.

٧ـ چاڵگەی کۆرومۆر: لەناوچەی قادر کەرەم.

٨ـ چاڵگەی پەلکانە: لەشاری کفری.

٩ـ چاڵگەی گومار: لەناحیەی کۆکز لەسەر چەمی سیروان.

١٠ـ چاڵگەی مەنسوریە ئەلجەبەل: دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای شاری شارەبان.

١١ـ چاڵگەی ناودۆمان: لەناوچەی ناودۆمان لەباشوری شاری خانەقین.

١٢ـ چاڵگەی تەلغەزال: لەخوار چاڵگەی ناو دۆمانەوەیە.

١٣ـ چاڵگەی دارە خورما: دەکەوێتە نزیک ناحیەی مەیدان لەنزیک سنوری ئێران.

١٤ـ چاڵگەی چەمچەماڵ: دەکەوێتە رۆژهەلاتی شاری چەمچەماڵەوە.

١٥ـ چاڵگەی شنگار: لەدەشتی شنگارە.

١٦ـ چاڵگەی شاخی قەند: لەباشوری ئەلکیشە.

١٧ـ چاڵگەی تەقتەق: چاڵگەیەکی زۆر گەورەیە دەکەوێتە ناوچەی شیواشۆک بە دوری ١٠کم لەرۆژئاوای باشوری شاری کۆیەو ئەم کیلگەیە لەسێ بیر پێک هاتووەو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نەوتی لێ دەرهێنراوە.

١٨ـ چاڵگەی حەمرین: دەکەوێتە سەر زنجیرە چیای حەمرین.

**٣- ئەوناوچە نەوتیانەی کە هێشتا مەسح نەکراون**

١ـ ناوچەی ئاوەکەڵە لەقەرەداغ.

٢ـ ناوچەی دێلێژە لەقەرەداغ.

٣ـ ناوچەی شارەزوور.

٤ـ ناوچەی هاوینە هەواری سەلاحەدین.

٥ـ چیای ئاوەگرد لەنێوان کۆیەو شەقلاوە.

٦ـ ناوچەی دوکان.

٧ـ ناوچەی ناحیەی مەیدان.

٨ ـ ناوچەی ناحیەی قۆرەتوو.

٩ـ ناوچەی ئاوەسپی.

١٠ ـ ناوچەی شاکەل لەکفری.

١١ـ باکوری شاری خانەقین.

١٢ـ ناوچەی بێستانە لەنێوان هەولێرو تەقتەق‌و پردێ دا.

١٣ـ ناوچەی بجزانی لەنێوان حەمدانیەو ئاکرێ.

١٤ـ ناوچەی ساسان لەسەرووی شنگار.

١٥ ـ ناوچەی خواررووی تەلەعفەر.

١٦ـ ناوچەی جەسان لەقەزای بەدرە.

**سێیەم: نەوت‌و ئەزموونەکانی دەسەڵاتی سیاسی کورد**

**١. نەوت‌و حکومەتەکەی شێخ مەحمود**

بەریتانیا هەر لەمێژەوە درکی بەبایەخی ستراتیجی ناوچە نەوتیەکانی کوردستانی باشوور کرد بوو، هەربۆیەش بەهەموو شێوەیەك لەهەوڵی کۆنترۆڵ



کردنی ئەو ناوچانەدا بوو، پاش ئەوەی لەدوای ئاگر بەستی مۆردۆس ناوچەکانی پارێزگای موسڵی داگیر کرد، دواتر هەوڵی خۆی خستە گەر بۆ ئەوەی سەرنجی کورد بەلای خۆیادا رابکێشێ بۆ ئەو مەبەستەش پەیامی خۆی بەشێخ مەحمودی نەمر راگەیاند سەبارەت بەوەی کە ئامادەیە مافەکانی گەلی کورد دابین بکات، بۆ ئەو مەبەستەش رۆژی ١ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ میجەر نۆئیلی حاکمی سیاسی بەریتانی نارده شاری سلێمانی بۆ لای شێخ مەحمودو بریاریان دا شێخ بکەنە حوکمداری کوردستان‌و بۆ ماوەیەکیش رێگەیان دا لەناوچەی سلێمانی حوکمڕانی بکات، بەڵام پاش ئەوەی هێزەکانی بەریتانیا لەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا جێگیر بوون کەوتنە دژایەتیکردنی شێخ مەحمودو لاوازکردنی دەسەڵاتەکەی، ئەوەش بووە هۆی هەڵایسانی شەر لەنێوان هەر دوولاداو پاش زنجیرەیەك شەڕو وتوێژو ئاشتبوونەوە دواتر رێگەی دامەزراندنی حکومەتیان دا لەلایەن شێخەوە کەچی دواتر رێگەی بەردەوام بوونی دەسەڵات‌و حوکمڕانی شێخ مەحمودیان نەداو بۆ دواجار لەرۆژی ١٧ی تەموزی ١٩٢٤دا چرای حکومەتەکەیان کوژاندەوە، هۆی دژایەتیکردنی شێخ مەحمودو رێگەگرتن لەحکومەتەکەی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە بەریتانیا لەو سەردەمەدا لەبەرژەوەندیدا نەبووە کە حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی دروست ببێ. چونکە بە دامەزراندنی ئەو حکومەتە زیانێکی گەورە لەبەرژەوەندییە نەوتیەکانی دەکەوت‌و نەیدەتوانی نەوتی کوردستان بۆ دەرەوە بگوازێتەوە، بەریتانیا بۆ گواستنەوەی نەوتی کوردستان بۆ سەر دەریا دەوڵەتی عیراقی عەرەبی دروست کرد تالەرێگەی کەنداوەوە نەوتی کوردستان بۆ وڵاتەکەی بگوازێتەوە، ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنێ کە نەوت رۆڵێکی خراپی بۆ سەر چارەنووسی سیاسی گەلی کوردستان هەبووەو رێگر بووە لەبەردەم دامەزراندنی قەوارەی سیاسی کوردستانداو هۆی سەرەکی لەناوبردنی حکومەتەکەی شێخ مەحمودیش بووە.

**٢. نەوتو ئەزموونی کۆماری کوردستان**

نەوتی ئێران بابەتی ململانێی نێوان زلهێزەکان بوو لەو کاتەدا ئێران باش دەیزانی کە یەکێك لەهۆکارەکانی مانو بەردەوامی کۆماری کوردستان پشتیوانی یەکێتی سۆڤیەت بوو، لەبەرئەوە (قەوام سەڵتەنە)ی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتەی ئێران هەوڵەکانی خۆی بۆتێکدانی پەیوەندی نێوان کۆماری کوردستانو یەکێتی سۆڤیەت خستە گەر، بۆ ئەو مەبەستەش قەوام سەردانی مۆسکۆی کردو ڕێکەوتننامەیەکی نەوتی لەگەڵ سۆڤیەتدا ئیمزا کردو بەپێی ڕێکەوتننامەکە مۆسکۆ ئیمتیازی نەوتی ناوچەکانی ئازەربایجانو کوردستانی وەرگرت، بەرامبەر بەوەش مۆسکۆ بەڵێنی داکە سوپاکەی پاشەکشە پێ بکاتو لەدوای ئەوەش هەڵبژاردنی گشتی لەسەرانسەری ئێراندا سازبدرێ، بەبیانووی سازدانی ئەو هەڵبژاردنەوە ئێران هێزەکانی بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان گێڕایەوەو دەستی بەسەر ناوچە ئازادکراوەکاندا گرتەوەو کۆمارەکەی لەناو برد.

ئەوەش ئەو راستیە دەسەلێنێ کە نەوت ڕۆڵی خراپی لەچارەنووسی سیاسی کۆماری کوردستاندا وازی کردووەو نەوت ئەو هۆکارە بوو کە ئێران توانی پشتیوانی سۆڤیەتی بۆ کورد پێ لەدەست بداتو ئەو هەلە مێژووییە لەدەست کورد بدات.

**٣ . نەوتو ئەزموونی پەرلەمانو حکومەتی کوردستان**

ئەگەرچی لەئازاری ١٩٩١دا بەراپەرینێکی قارەمانانە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستانی باشوور بەشاری کەرکوکی کانگای نەوتیشەوە ئازاد کران، کەچی پاش ماوەیەکی کەم لەو ئازادییە هاوپەیمانان ڕێگەیان بە سوپای عیراق دا کە هەرێمی کوردستان داگیر بکاتەوە ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان لەکۆرەوێکی مێژوویدا سەرجەم شارو شارۆچکەو گوندەکانیان بەجێ



بهێڵنو بەرەو سنورەکانی تورکیاو ئێران بەرێ بکەون، ئەو هەڵویستە دەستە جەمعیەی خەڵکی کوردستان مەعناو مەغزای سیاسی گەورەی هەبوو وریفراندۆمێکی میللیو جەماوەریش بوو بۆ ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی رژێمی بەغدا، ئەوەش هاوپەیمانانی ئیحراج کرد، هەربۆیەش بەناچاریو لەسەر پیشنیاری فەرەنسا لە ٥ی نیسانی ١٩٩١دا، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی دەرکرد بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەعیراقو کوردستاندا، لەدوای ئەوەش بڕیار درا کە ناوچەی ئەمنیو ناوچەی دژەفڕینی سەروو هیڵی ٣٦ بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان پێك بێ، ئەو ڕێوشوێنانە زەمینەی دامەزراندنی پەرلەمانو حکومەتی کوردستانی خۆشکرد، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە بوو ناوچەی دژەفرینی سەروو هێلی ٣٦ تەنها پارێزگاکانی دهۆكو هەولێر بە تەواوی دەگرتەوە بەشی زۆری پارێزگای سلێمانیو تەواوی پارێزگای کەرکوکی نەدەگرتەوە، ئەگەر چی سلێمانی کە لەدەرەوەی هێڵەکەدایە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستاندا بوو، کەچی پارێزگای کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی کوردستاندا بوو.

ئەگەر بەراوردی هەرسێ حکومەتەکەی کورد (حکومەتی شێخ مەحمودو حکومەتی قازی محەمەدو حکومەتی هەرێمی کوردستان) بکەین دەبینین لەهەر سێ حکومەتەدا ناوچە ستراتیجیە نەوتیەکان لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتەکاندا بوونوتەنانەت ئێستاش لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق ناوچە نەوتییەکان بەناوچەی کێشە لەسەر دانراون و نەگەراونەتەوە بۆ ژێر سایەی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان. لەسەرجەم گفتوگۆکانی کورددا لەسەردەمی شێخ مەحمودەوە تا دوا گفتوگۆی بەرەی کوردستانیو حکومەتی عیراق لەساڵی ١٩٩١دا، خاڵی ناکۆکیو پێك نەگەیشتن لەسەر ناوچە ستراتیجیە نەوتیەکان بووەو سەرجەم حکومەتە یەك

لەدوای یەکەکانی عیراق ویستوویانە نکۆڵی کوردبوونی ئەو ناوچە ستراتیجیە نەوتیانە بکەن‌و هەوڵیان داوە سیمای کوردەواری ئەو ناوچانەش بسڕنەوە، بەڵام بەپێی هەموو بەڵگەنامە مێژوویی‌و جوگرافیەکان ئەو ناوچانە خاکی لەمێژینەی کوردستانن‌و سەرباری ئەو هەوڵە دزێوانەی شێواندنی سیمای کوردەواری ئەو ناوچانە، کەچی تا ئێستاش ئەو ناوچە نەوتیانە مۆرکی کوردەواریان لەدەست نەداوەو خەڵکەکەی خۆیان بە بەشێك لەجەستەی کوردستان دەزانن.

**٤ . پرۆژەی نەوتی کوردستان (شیواشۆك)**

لەئەنجامی گەمارۆی حکومەتی عیراق لەسەر هەرێمی کوردستان‌و رێگە گرتنی بەرهەمە نەوتیەکانی بۆ سنوری هەرێمی کوردستان، هەلومەرجێکی ناهەموار لەهەرێمەکەدا دروست بوو بوو، ئەوەش وای لەسەرکردایەتی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد کە بیر لەدامەزراندنی پرۆژەیەکی نەوتی خۆماڵی لەهەرێمی کوردستان بکاتەوە، لەو بارەیەوە ئەندازیار حەمە جەزا ساڵح کە پسپۆرێکی دیاری بواری نەوت بوو چەندین ساڵ لەدامەزراوە نەوتیەکانی کەرکوك‌و موسڵ ئیشی کرد بوو، پێشنیارێکی سەبارەت بەدامەزراندنی پاڵاوگەیەکی خۆماڵی پیشکەش بە بەڕێز (کۆسرەت رەسوڵ عەلی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، رۆژی ١٧/٨/١٩٩٣ سەرۆکی حکومەت رەزامەندی دەربڕی‌و فەرمانیدا دوو لیژنە بۆ ئەو مەبەستە پێك بێ، لیژنەی یەکەم بارەگای لەهەولێر بوو بۆ سەرپەرشتی کردن‌و دەرهێنانی نەوت‌و لیژنەی دووەمیش لە سلێمانی‌و لەناو کارگەی شەکردا بۆ راپەراندنی ئیش‌و کارەکان، دواتر لەسەر بریاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم کۆمیتەی باڵای پرۆژە تایبەتیەکان پێکهات‌و ئەرکی کۆکردنەوەی کادری پسپۆڕی ئەو بوارەی گرتە ئەستۆو ساڵی ١٩٩٤ ئامێرو کەرەستەی پێویست دروستکراو رۆژی ١٣/١١/١٩٩٤ کەرەستەکان برایە سەر بیری ژمارە دووی



شیواشۆك‌و رۆژی ٢٧/١٢/١٩٩٤ نەوت بەرهەم هێنرا، رۆژی ٢٥/١١/١٩٩٥ بەرهەمی ئەو بیرە گەیشتە کارگەکانی چیمەنتۆی سلێمانی‌و وەك سووتەمەنی سوودی لێ وەرگیرا، ئەوەی جێگەی سەرنجە نەوتی ئەو بیرە نەوتێکی قورسەو وەك نەوتی رەش بۆ کارگەکان بەکار دێ، پاشان بیری ژمارە یەك خرایە کارو لەرۆژی ٥/٧/١٩٩٦ بەرهەمی ئەو بیرەش گەیشتە پاڵاوگەی سلێمانی، نەوتی ئەو بیر لەنەوتە باشەکانی جیهانە، رۆژی ٣١/٨/١٩٩٦ پاڵاوگەی نەوتی کوردستان تەواو بوو ئامادەی ئیشکردن بوو، بەڵام بەهۆی روداوی ٣١ی ئابەوە کارکردنی دواکەوت‌و رۆژی ٣/١١/١٩٩٦ دەست بەکارکردن لەپرۆژەکەدا کرایەوەو کەموکوڕییەکانی چارەسەر کراو رۆژی ٢٣/١٠/١٩٩٧ بەفەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم پرۆژەکە کەوتە گەڕو رۆژی ٥/١٢/١٩٩٧ بەرهەمەکانی کەوتە بازاڕەوە.

پاڵاوگەی ئەم پرۆژەیە لەو کاتەدا بەنزین‌و نەوت‌و نەوتی رەش بەپێی مواسەفاتی زانستی بەرهەم دەهێناو لەشەوو رۆژێکدا بڕی ١٠ هەزار بەرمیلی دەپاڵاوت‌و نزیکەی ٢٠٪ی پێداویستیەکانی هەرێمی کوردستان دابین دەکرد وەك سووتەمەنیەکیش بۆ بەگەرخستنی کارگەکانی ناوخۆ بەکار دەهات ئەم پرۆژەیە رۆڵی دیاریش هەبوو لەدابەزینی نرخی ئەو سووتەمەنیانەی لەدەرەوەی هەرێمەوە دەهاتن‌و حکومەتی عیراقیشی ناچار کرد کە بەشێکی زیاتر لەبەرهەمە نەوتیەکان بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێ، بێگومان ئەم پرۆژەیە بەگرنگترین پرۆژەی ستراتیجی پڕ بایەخی حکومەتی کوردستان لەو قۆناغەدا دادەنرێ‌و لەلاپەڕە درەوشاوەکانی مێژوودا بەشانازییەوە تۆمار دەکرێ.

**چوارەم: سامانی سروشتی و یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق**

مەسەلەی سامانی سروشتی کوردستان بەگشتی‌و نەوت بەتایبەتی رۆڵی سلبی لەدیاریکردنی چارەنووسی کوردستاندا هەبووە، لەسەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی

عیراقدا، بوونی نەوت لەهەرێمی کوردستان هۆکارێکی سەرەکی بوو کە وای لەئینگلیزەکان کرد کە ئەو هەرێمە بەزۆری زۆرداری بەبێ ویستو رەزامەندیی خەڵکەکەی بەهەرێمی عیراقی عەرەبییەوە بلکێنن.

هەموو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق بەگشتیو رژێمی بەعس بەتایبەتی بەپێی دەستوورو یاساکانیان خاوەنداریتی سەرجەم سامانە سروشتییەکانی سەرانسەری عیراقیان بۆ دەوڵەتی ناوەندی مۆنۆپۆڵ کردبوو. واتە تەنها دەوڵەت مافی دەرهێنانو بەرهەمهێنان فرۆشتنو دابەشکردنی داهاتی ئەو سامانانەی هەبوو. تەنانەت زۆربەی حکومەتەکان بەگشتیو رژێمی بەعس بەتایبەتی هیچ زانیارییەکی لەسەر داهاتی ئەو سامانە سروشتیانە بڵاونەکردۆتەوەو بەنهێنی دەوڵەتی داناوەو وەك مەسەلەیەکی پەیوەست بەئاسایشی نەتەوەیی سەیری کردووە.

بێگومان نەوتی کوردستان وەك سامانێکی گرنگی سروشتی، کە خێروبێرو نیعمەتێکی گەورەیە، بۆ کورد مایەی بەڵاو شەڕو ئاشووب بووە، ئەو سامانە لەجیاتی ئەوەی مایەی پێشکەوتنو گەشەپێدانی وڵاتەکەمان بوویێت، مایەی دواکەوتنو کاولکردنی هەرێمەکەمان بووەو بۆتە هۆی بەهێزکردنی دامودەزگا سەربازیو ئەمنیەکانو ماکینەی جەنگی رژێمی بەعسو داینەمۆی درێژەپێدانی جەنگە یەك لەدوای یەکەکانی لەدژی کوردو ئێرانو کوەیتو هاوپەیمانان.

هەربۆیەش رژێمی بەعس لەگفتوگۆکانیدا لەگەڵ کورد، هەرگیز دەستبەرداری ناوچە ستراتیجیە نەوتییەکان نەدەبوو، هەموو توانای خۆشی بۆ بەعەرەبکردنو راگواستنو سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ئەو ناوچانە خستبووە گەڕ، ئەوەش بەمەبەستی ئەوەی رۆژێك لەرۆژان ئەو ناوچانە نەیەنەوە سەر هەرێمی کوردستانو



ببنە بنەمای بەهێز بوونی ژێرخانی ئابووریو رەنگدانەوەی لەبەرجەستە بوونی سەربەخۆییو جیابوونەوەی ئەو هەرێمەدا هەبێ.

لەلایەکی ترەوە بەپێی دەستوورو یاساش ئەوەیان جێگیرکردبوو کە خاوەنداریتی سامانە سروشتییەکان بۆ حکومەتی ناوەندی دەگەرێتەوەو لەبەر ئەوە دەبێت ئەو ناوچە نەوتیانە لەژێر دەسەڵاتو کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندیدا بێت. هەر لەو چوارچێوەیەدا بەهەمان شێوە سەیری سامانی ئاویش کراوە، بەعسییەکان لەگفتوگۆکانیان لەگەڵ کورد هەموو جەختیان لەوە کردۆتەوە کە ئیدارەی هەردوو بەنداوی دوکانو دەربەندیخان بەدەست حکومەتی مەرکەزییەوە بێتو دانیان بەوەدا نەناوە کە ئیدارەی ئەو دوو بەنداوە بەدەست کوردەوە بێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجو تێرامانی قووڵە ئەوەیە کە لەدوای پرۆسەی ئازادیی عیراقو روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری بەعس، لەوەرزی ئازادیی عیراقدا، هێشتا ناوچە نەوتییە ستراتیجیە تازە ئازادبووەکان نەگەڕاونەتەوە بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرباری ئەوەی هەموو بەڵگەنامە مێژووییو جوگرافییەکان جەخت لەسەر کوردستانیبوونی ئەو ناوچانە دەکەنەوە، کەچی بە ناوچەی کێشە لەسەرو بەهەڵپەسێردراوی ماونەتەوە.

هەربۆیەش جێگەی خۆیەتی سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەموو وزەو توانای خۆی بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ ئامێزی هەرێمی کوردستان بخاتە گەڕو بەئامانجی لەپێشینەی خۆی بزانێت.

لەلایەکی دیکەوە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد، مەسەلەی دابەشکردنی سامانی سروشتیو دیاریکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەغدا بەپێی رێکەوتنو دەقێکی یاسایی جێگیر بکاتو ئەوەش لەدەستووری هەمیشەیی داهاتووی عیراقدا زۆر بەروونی دیاری بکرێت. بێگومان

ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی زۆر ڕەواو یاساییەو تەنانەت پەیماننامەو بەڵگەنامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانیش ئاماژەیان پێکردووە.

لەوڕووەوە دەتوانین هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤی ساڵی ١٩٦٦ بەنموونە بهێنینەوە، کە لەبەندی دووەمی ماددەیەکی هەردوو پەیماننامەکە (پەیماننامەی مافە مەدەنیو سیاسیەکانو چەسپاندنی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەکان) زۆربەڕوونی ئاماژەی بەو مەسەلەیە کردووەو دەڵێ (گەلان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان بۆیان هەیە بەئازادی دەست بەسەر سامانو بەرووبوومی سروشتی خۆیاندا بگرن).

ئەگەر بەوردی سەیری ئەو بڕگەیە بکەین دەبینین بەروونی ئاماژەی بەوە کردووە کە گەلانی بۆیان هەیە بەئازادی دەست بەسەر سامانو بەروبوومی سروشتی خۆیاندا بگرن، ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە، چونکە ناوی گەلانی هێناوە، نەك دەوڵەتان، بەوەش هەموو گەلێك بەبێ جیاوازی بۆی هەیە سوود لەسامانی سروشتی خۆی وەربگرێت، بێگومان گەلی کوردیش دەتوانی سوود لەو بڕگەو مافە یاساییە وەربگرێت، چونکە عیراق لەساڵی (١٩٦٩)دا ئەو دوو پەیماننامەیەی ئیمزا کردووەو لەساڵی (١٩٧١) بەرەسمی پەیوەندی پێوەکردووە، ئەوەش عیراق ناچار دەکات کە پابەند بێت بەو دوو پەیماننامەیەوە.

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقیش جارێکی تر پابەندبوونی عیراق بە یاساو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانەوە دوو پاتکردۆتەوە.

بڕگەی (٥)ی ماددەی (٢٥)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق ئاماژەی بەوەکردووە کە بەڕێوەبردنی سامانی سروشتی عیراق بەراوێژ لەگەڵ حکومەتو ئیدارەی هەرێمو پارێزگاکان دەبێ، ئەمەش مانای وایە کەداهاتی سامانی سروشتی کوردستان بۆ خەزینەی حکومەتی بەغدا دەگەڕێتەوەو لەوێوە لەگەڵ



داهاتی هەموو عیراقدا بەسەر هەموو ناوچەکانی وڵاتدا دابەش دەکرێت. هەر لەو بڕگەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە دابەشکردنی بودجەدا دەبێت ڕەچاوی وەزعی ئەو ناوچانە بکرێت کە لەکاتی ڕژێمی پێشوودا بێبەشکراون، کە بەپێی ئەم بڕگەیەبێت دەبێ هەرێمی کوردستان پشکی زیاتری بدرێتێ، چونکە ئەم هەرێمە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا لەهەموو ناوچەکانی تری عیراق زیانی زیاتر لێکەوتوە.

دەبێ نوێنەرانی کورد لەکاتی نووسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عیراقدا جەخت لەوەبکەنەوە کە مۆڵکدارێتی سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بێتو مافی دەرهێنانو بەرهەم هێنانو فرۆشتنی ئەو سامانانە بەدەست حکومەتی هەرێم بێتو بودجەی پێویستی هەرێمی لێ دابینبکاتو زیادەکەی بۆ حکومەتی فیدراڵی بگێڕێتەوە، بێگومان نوێنەرانی کورد لەئەنجومەنی حوکم لەکاتی نووسینەوەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا داوای ئەوەیان کردبوو کە موڵکیەتی سامانە سروشتیەکانی کوردستان بۆ حکومەتی هەرێم بێت، بەڵام بەهۆی نارەزایی نوێنەرانی عەرەبی سێگۆشەی سوننیو بەغدا ئەو پێشنیازە سەری نەگرت، عەرەبە سوننەکانیش لەبەر ئەوە دژی ئەو پێشنیازە بوون چونکە ناوچەکانیان لەرووی سامانی سروشتییەوە هەژارەو زۆربەی کانگای سامانە سروشتیەکان لەهەرێمی کوردستانو ناوچەکانی سنوری شیعەنشین دایە.

لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامەو پەیماننامە دەوڵەتییەکانو بەهۆی پابەندبوونی عیراق بەو پەیماننامانەوە، گەلی کوردستان مافی ڕەوای خۆیەتی کەخۆی خاوەنی سامانە سروشتییەکانی بێت، پێداگرتن لەسەر ئەو مافانەش مافێکی ئاساییو یاساییەو پێویستە بسەلێنرێت.

**سەرچاوەکان**


**١- د. أزاد محمد امين النقشبندى** - مشكلة الموصل أم مشكلة النفط - جريدة الاتحاد - الصحيفة المركزية للاتحاد الوطني الكردستاني - الاعداد **(٤٣، ٤٤، ٤٨، ٥٠) ١٩٩٣.**

**٢- عبدالرحمن سليمان الزيبارى** ، الوضع القانوني لاقليم كردستان العراق ، مطبعة وزارة التربية ، اربيل/٢٠٠٢.

**٣-** م. س **لازاريف ، کێشەی کورد** ، وەرگێڕانی د. کاویس قەفتان بەرگی یەکەم - بەغدا.

**٤- چیا - راگواستنی ناوچە نەوتیەکانی کوردستان، گۆڤاری سیاسەتی دەولی ژمارە (١)ی ساڵی دووەمی نیسانی ١٩٩٣.**

**٥- نەوزاد عەزیز ، دەستبەسەراگرتنی نەوتی کوردستان ، رۆژنامەی ئالاّی ئازادی ژمارە (١١٧)ی رۆژی ١٠/٤/١٩٩٤.**

**٦- کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسی بەرێز رەشید خۆشناو سەرپەرشتیاری پرۆژەی نەوتی کوردستان لەژمارە (١٨٤٣)ی کوردستانی نوێی رۆژی ٢١/٤/١٩٩٩.**

**٧- یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە.**


**رۆژنامەی کوردستانی نویَ ژمارەکانی(٣٦٦٩و٣٦٧٠)لە١٢و١٣/٥/٢٠٠٥**



# پشکی کورد لەبودجەی حکومەتی عیراقدا

**مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤ دامودەزگاکانی راگەیاندن هەواڵی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە لەبودجەی خەملێنراوی ساڵی ٢٠٠٥دا رێژەی ٨ - ١٠٪ بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە.**

**وروژاندنی ئەو مەسەلەیە لەدامودەزگاکانی راگەیاندنەوە، کاردانەوەی توندی لێکەوتەوەو لەو چوارچێوەیەدا سەرکردایەتی سیاسی کورد نارەزایی خۆی دەربڕیو تەنانەت تاڵەبانیو بارزانی بەنامەیەکی هاوبەش سەرکۆمارو سەرۆك وەزیرانی عیراقیان لەو ناعەدالەتیە ئاگادار کردەوەو داوایان کرد رێژەکە بکریَ بە ٢٥٪ دواتر پاش گفتوگۆو مشتومڕی زۆری نوێنەرانی هەردوو وەزارەتی دارایی هەرێم لەگەڵ بەرپرسانی بەغدا رێژەکە کرا بە ١٧٪ واتە نزیکەی دوو بەرابەری رێژەی پێشوو زیاد کرا، ئەمەش تاڕادەیەك لەگەڵ سەنگی دانیشتوانی هەرێمی کوردستاندا دەگونجیَ.**

**بێگومان ئەگەر ئەو مەسەلە گرنگە لەدامودەزگاکانی راگەیاندنەوە نەوروژێنرایەو سەرکردایەتی سیاسی کورد نارەزایی دەرنەبڕیایەو داوای زیادکردنی بودجەکەی نەکردایە، ئەوە بودجەکە بەهەمان رێژەی پێشوو دەمایەوە، کە ئەوەش زوڵمێکی گەورەبوو لەهەرێمی کوردستان.**

**هەربۆیەش جێگەی خۆیەتی سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەو مەسەلەیە بەهەند وەربگریَو هەوڵ بدات لەکاتی داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی عیراقدا زۆر بەڕوونی پشکی کورد لەبودجەو سامانی سروشتی عیراقدا دیاری بکریَو تەنانەت داوای ئەوەش بکات مۆڵکدارێتی سامانە سروشتیەکانی کوردستان بۆ حکومەتی**

هەرێمی کوردستان بێت هەر وەك چۆن نوێنەرانی خەڵکی خوارووی سودان لەرێکەوتننامەیەکدا لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی سودان لەسەر دابەشکردنی سامانی سروشتی وڵات بەرێژەی ٥٠٪ رێککەوتوون.

مەسەلەی سامانی سروشتی کوردستان بەگشتیو نەوت بەتایبەتی رۆڵی سلبی لەدیاریکردنی چارەنووسی کوردستاندا هەبووە، لەسەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عیراقدا، بوونی نەوت لەهەرێمی کوردستان هۆکارێکی سەرەکی بوو کە وای لەئینگلیزەکان کرد کە ئەو هەرێمە بەزۆری زۆرداری بەبێ ویستو رەزامەندیی خەڵکەکەی بەهەرێمی عیراقی عەرەبییەوە بلکێنن.

هەموو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق بەگشتیو رژێمی بەعس بەتایبەتی بەپێی دەستوورو یاساکانیان خاوەنداریێتی سەرجەم سامانە سروشتییەکانی سەرانسەری عیراقیان بۆ خۆیان مۆنۆپۆڵ کردبوو، واتە تەنها دەوڵەت مافی دەرهێنانو بەرهەمهێنان فرۆشتنو دابەشکردنی داهاتی ئەو سامانانەی هەبوو. تەنانەت زۆربەی حکومەتەکان بەگشتیو رژێمی بەعس بەتایبەتی هیچ زانیارییەکی لەسەر داهاتی ئەو سامانە سروشتیانە بڵاونەکردۆتەوەو بەنهێنی دەوڵەتی داناوەو وەك مەسەلەیەکی پەیوەست بەئاسایشی نەتەوەیی سەیری کردووە.

بێگومان نەوتی کوردستان وەك سامانێکی گرنگی سروشتی، کە خێروبێرو نیعمەتێکی گەورەیە، بۆ کورد مایەی بەڵا و شەڕو ئاشووب بووە، ئەو سامانە لەجیاتی ئەوەی مایەی پێشکەوتنو گەشەپێدانی وڵاتەکەمان بوویێت، مایەی دواکەوتنو کاولکردنی هەرێمەکەمان بووەو بۆتە هۆی بەهێزکردنی دامودەزگا سەربازیو ئەمنیەکانو ماکینەی جەنگی رژێمی بەعسو داینەمۆی درێژەپێدانی جەنگە یەك لەدوای یەکەکانی لەدژی کوردو ئێرانو کوەیتو هاوپەیمانان.



هەربۆیەش رژێمی بەعس لەگفتوگۆکانیدا لەگەڵ کورد، هەرگیز دەستبەرداری ناوچە ستراتیجیە نەوتییەکان نەدەبوو، هەموو توانای خۆشی بۆ بەعەرەبکردنو راگواستنو سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ئەو ناوچانە خستبووە گەڕ، ئەوەش بەمەبەستی ئەوەی رۆژێك لەرۆژان ئەو ناوچانە نەیەنەوە سەر هەرێمی کوردستانو ببنە بنەمای بەهێز بوونی ژێرخانی ئابووریو رەنگدانەوەی لەبەرجەستە بوونی سەربەخۆییو جیابوونەوەی ئەو هەرێمەدا هەبێ.

لەلایەکی ترەوە بەپێی دەستوورو یاساش ئەوەیان جێگیرکردبوو کە خاوەنداریێتی سامانە سروشتییەکان بۆ حکومەتی ناوەندی دەگەرێتەوەو لەبەر ئەوە دەبێت ئەو ناوچە نەوتیانە لەژێر دەسەڵاتو کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندیدا بێت. هەر لەو چوارچێوەیەدا بەهەمان شێوە سەیری سامانی ئاویش کراوە، بەعسییەکان لەگفتوگۆکانیان لەگەڵ کورد هەموو جەختیان لەوە کردۆتەوە کە ئیدارەی هەردوو بەنداوی دوکانو دەربەندیخان بەدەست حکومەتی مەرکەزییەوە بێتو دانیان بەوەدا نەناوە کە ئیدارەی ئەو دوو بەنداوە بەدەست کوردەوە بێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجو تێڕامانی قووڵە ئەوەیە کە لەدوای پرۆسەی ئازادیی عیراقو روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری بەعس، لەوەرزی بەهاری ئازادیی عیراقدا، هێشتا ناوچە نەوتییە ستراتیجیە تازە ئازاد بووەکان نەگەڕاونەتەوە بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرباری ئەوەی هەموو بەڵگەنامە مێژووییو جوگرافییەکان جەخت لەسەر کوردستانیبوونی ئەو ناوچانە دەکەنەوە، کەچی بە ناوچەی کێشە لەسەرو بەهەڵپەسێردراوی ماونەتەوە.

هەربۆیەش جێگەی خۆیەتی سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەموو وزەو توانای خۆی بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ ئامێزی هەرێمی کوردستان بخاتە گەڕو بەئامانجی لەپێشینەی خۆی بزانێت.

لەلایەکی دیکەوە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد، مەسەلەی دابەشکردنی سامانی سروشتیو دیاریکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدرالی بەغدا بەپێی ڕێکەوتنو دەقێکی یاسایی جێگیر بکاتو ئەوەش لەدەستووری هەمیشەیی داهاتووی عیراقدا زۆر بەرووی دیاری بکرێت. بێگومان ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی زۆر ڕەواو یاساییەو تەنانەت پەیماننامەو بەڵگەنامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانیش ئاماژەیان پێکردووە.

لەڕووەوە دەتوانین هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤی ساڵی ١٩٦٦ بەنموونە بهێنینەوە، کە لەبەندی دووەمی ماددەیەکی هەردوو پەیماننامەکە (پەیماننامەی مافە مەدەنیو سیاسیەکانو پەیمانەی مافە ئابووریو کۆمەلایەتیو ڕۆشنبیرییەکان) زۆربەڕوونی ئاماژەی بەو مەسەلەیە کردووەو دەڵێ (گەلان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان بۆیان هەیە بەئازادی دەست بەسەر سامانو بەرووبوومی سروشتی خۆیاندا بگرن).

ئەگەر بەوردی سەیری ئەو بڕگەیە بکەین دەبینین بەروونی ئاماژەی بەوە کردووە کە گەلانی بۆیان هەیە بەئازادی دەست بەسەر سامانو بەروبوومی سروشتی خۆیاندا بگرن، ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە، چونکە ناوی گەلانی هێناوە، نەك دەوڵەتان، بەوەش هەموو گەلێك بەبێ جیاوازی بۆی هەیە سوود لەسامانی سروشتی خۆی وەربگرێت، بێگومان گەلی کوردیش دەتوانی سوود لەو بڕگەو مافە یاساییە وەربگرێت، چونکە عیراق لەساڵی (١٩٦٩)دا ئەو دوو پەیماننامەیەی ئیمزا کردووەو لەساڵی (١٩٧١) بەرەسمی پەیوەندی پێوەکردووە، ئەوەش عیراق ناچار دەکات کە پابەند بێت بەو دوو پەیماننامەیەوە.

یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراقیش جارێکی تر پابەندبوونی عیراق بە یاساو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانەوە دوو پاتکردۆتەوە.



بڕگەی (٥)ی ماددەی (٢٥)ی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراق ئاماژەی بەوەکردووە کە بەرێوەبردنی سامانی سروشتی عیراق بەراوێژ لەگەڵ حکومەتو ئیدارەی هەرێمو پارێزگاکان دەبێ، ئەمەش مانای وایە کەداهاتی سامانی سروشتی کوردستان بۆ خەزینەی حکومەتی بەغدا دەگەرێتەوەو لەوێوە لەگەڵ داهاتی هەموو عیراقدا بەسەر هەموو ناوچەکانی وڵاتدا دابەش دەکرێت. هەر لەو بڕگەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە دابەشکردنی بودجەدا دەبێت ڕەچاوی وەزعی ئەو ناوچانە بکرێت کە لەکاتی ڕژێمی پێشوودا بێبەشکراون، کە بەپێی ئەم بڕگەیەبێت دەبێ هەرێمی کوردستان پشکی زیاتری بدرێتێ، چونکە ئەم هەرێمە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا لەهەموو ناوچەکانی تری عیراق زیانی زیاتر لێکەوتوە.

بەبڕوای من دەبێ نوێنەرانی کورد لەکاتی نووسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عیراقدا جەخت لەوەبکەنەوە کە مۆڵکدارێتی سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بێتو مافی دەرهێنانو بەرهەم هێنانو فرۆشتنی ئەو سامانانە بەدەست حکومەتی هەرێم بێتو بودجەی پێویستی هەرێمی لێ دابینبکاتو زیادەکەی بۆ حکومەتی فیدرالی بگێڕێتەوە، بێگومان نوێنەرانی کورد لەئەنجومەنی حوکم لەکاتی نووسینەوەی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا داوای ئەوەیان کردبوو کە موڵکیەتی سامانە سروشتیەکانی کوردستان بۆ حکومەتی هەرێم بێت، بەڵام بەهۆی نارەزایی نوێنەرانی عەرەبی سێگۆشەی سوننیو بەغدا ئەو پێشنیازە سەری نەگرت، عەرەبە سوننەکانیش لەبەر ئەوە دژی ئەو پێشنیازە بوون چونکە ناوچەکانیان لەرووی سامانی سروشتییەوە هەژارەو زۆربەی کانگای سامانە سروشتیەکان لەهەرێمی کوردستانو ناوچەکانی سنوری شیعەنشین دایە.

لەبەر رۆشنایی بەڵگەنامەو پەیماننامە دەوڵەتییەکانو بەهۆی پابەندبوونی عیراق بەو پەیماننامانەوە، گەلی کوردستان مافی رەوای خۆیەتی کەخۆی خاوەنی سامانە سروشتییەکانی بێت، پێداگرتن لەسەر ئەو مافانەش مافێکی ئاسایی‌و یاساییەو پێویستە بسەلمێنرێت.

رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە(٣٦)لە٢١/١٢/٢٠٠٤



## مافی چارەی خۆنوسین

مافی چارەی خۆنووسین یەکێکە لەچوار دروشمە سەرەکییەکەی (ی. ن. ك) لە (ئاشتی، دیموکراسی، مافی چارەی خۆنووسین، مافی مرۆڤ)، لەپێناو بەرجەستە بوونی ئەو دروشمەدا هەزاران تێکۆشەری گەلەکەمان گیانی خۆیان کردۆتە خەڵات، لەبەر ئەوە بەپێویستی دەزانین تیشك بخەینە سەر ئەو پرنسیپەو لەرووی یاساییەوە لێکی بدەینەوە.

**یەکەم: پێناسەی مافی چارەی خۆنوسین**

ئەگەرچی چەندین پێناسەی جیاواز هەیە بۆ پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسین، ئێمە ئەم پێناسەیەمان بەپەسەند زانی کەدەڵێت (مافی چارەی خۆنووسین مافی هەموو گەلانە کەبەئازادییەکی تەواو وەزعی یاسای دەستوری‌و نێو دەوڵەتیان دیاری بکەن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا بگونجێ بەپێی دیسپلینەکانی پێوانەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی).(١)

**دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی مافی چارەی خۆنوسین**

هەندێ پێیان وایە کەسەرەتای سەرهەڵدانی چەمکی مافی چارەی خۆنووسین دەگەرێتەوە بۆ شەری نێوان ئیسپانیاو نیزرلاند (١٥٦٦ ـ ١٦٠٩) کەنیزلاند لەئیسپانیا جیابۆوەو دەوڵەتی نیشتمانی خۆی دامەزراند.

بەڵام زۆربەی شارەزایان پێیان وایە کەچەمکی مافی چارەی خۆنووسین لەهەردوو شۆرشی ئەمریکا (١٧٧٦)و شۆرشی فەرەنسا (١٧٨٩) سەرچاوەی گرتووە.

زۆربەی لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەوە کۆکن کە پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسین لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی‌و دوای کۆتایی هاتنی جەنگەکە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەشێکی زۆری لێکۆڵەرەوان پێیان وایە ئەو پرنسیپە لەو

كاتەدا بەتەواوی دەركەوتووە، بەڵام جیاوازی دیدو بۆچوون هەیە سەبارەت بەدامەزرێنەری ئەو پرنسیپە، هەندێ پێیان وایە كەشۆڕشی بەلشەفی لەئۆكتۆبەری ١٩١٧و رابەرەكەی لینین رۆڵی دیارو پێشەنگیان لەبەرجەستەكردنی ئەو پرنسیپەدا هەبووەو لینین بیروبۆچوونەكانی خۆی سەبارەت بەمافی چارەی خۆنووسین پێش سەركەوتنی شۆڕشی ئۆكتۆبەری ١٩٧١ نووسیوەو لەشوباتی ١٩١٤ نوسینێكی بەناوونیشانی (مافی نەتەوەكان لەدیاریكردنی چارەنووسیاندا) نووسیوەو لەساڵی ١٩١٦شدا نووسینێكی تری بەناو نیشانی (كورتەی گفتوگۆ سەبارەت بەمافی چارەی خۆنووسین) نووسیوە، لینین لەو نووسینانەدا لەرووی تیۆرییەوە پشتگیری كردووە لەمافی چارەی خۆنووسین گەلانو ئاماژەی بەوە كردووە كە ئەو مافە دەرفەت بەهەموو نەتەوەكان دەدات كە لەژێر سایەی دەوڵەتی نەتەوەییدا یەك بگرن.

بەڵام هەندێ لێكۆڵەرەوەی تر پێیان وایە كەودرۆ ولسنی سەرۆكی ئەو كاتەی ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا رۆڵی دیاری لەخستنەڕووی ئەو پرنسیپەدا هەبووەو لەدوای جەنگی یەكەمی جیهان پرۆژەو وتارەكانی ودرۆ ولسن لەلایەن گەلانی ژێر دەستو رزگار بووەوە بەگەرمی پێشوازی لێكرا، چواردە بەندەكەی ودرۆولسن كە لەوتاری رۆژی ١٨ی كانوونی دووەمی ١٩١٨دا وەك بنچینەی ئاشتبوونەوە لەگەڵ دەوڵەتانی دۆڕاوی جەنگدا راگەیەنرا، سەداو دەنگدانەوەی باشی هەبوو.

**سێیەم: كۆمەڵەی گەلانو پرنسیپی مافی چارەی خۆنوسین**

ئەگەر بەوردی سەیری ماددەو بڕگەكانی دەستووری كۆمەڵەی گەلان بكەین، دەبینین دەقێكی تێدا نییە بەروونیو راشكاوی باسی پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسین بكات، بەڵام لێكۆڵەرەوانو پسپۆرانی بواری یاسا باسی ئەوە دەكەن كەچەند ماددەو بڕگەیەكی دەستووری كۆمەڵەی گەلان بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ ئاماژە بەپرنسیپی مافی چارەی خۆنووسین دەكات، لەوانە قەدەغەكردنی مافی



گرتن (حق الفتح) و دانانی سیستمی پاراستنی كەمینەكانو دامەزراندنی سیستمی ئینتداب (كەوەك قۆناغی گواستنەوە بۆ سەربەخۆیی سیاسی گەلانی ژێر سایەی ئینتداب سەیر دەكرێ)، هەندێكی تر پێیان وایە كەسیستمی ئینتداب خۆی لەخۆیدا جێبەجێكردنی پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسین بووە، ئەوە بێجگە لەوەی كەكۆمەڵەی گەلان بەشێوەیەكی پراكتیكی مافی چارەی خۆنووسینی لەچەند حاڵەتو لەچەند ولاتێكدا كەسەربەخۆییان وەرگرتووە پیادە كردووە.

هەروەها كۆمەڵەی گەلان چەندین ئاڵوگۆڕو گۆڕانكاری هەرێمی لەسەر بنچینەی پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسین كردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا كۆمەڵەی گەلان داخوازیی هەندێ گەلانی ژێر دەستو چەوساوەی سەبارەت بەدیاریكردنی مافی چارەنووسییان رەتكردۆتەوە، باشترین نمونەش رەتكردنەوەی داخوازیەكانی گەلی كوردە.

**چوارەم: نەتەوە یەكگرتووەكانو پرنسیپی مافی چارەی خۆنوسین**

ئەگەرچی دەستووری نەتەوەیەكگرتووەكان (١١١) ماددەی لەخۆگرتووە، كەچی تەنها دووجار بەشێوەیەكی راستەوخۆو راشكاو باسی پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی كردووە.

لەبەندی یەكەمی دەستوورو لەئامانجەكانی نەتەوە یەكگرتووەكاندا بەم شێوەیە باسی مافی چارەی خۆنووسین كراوەو تیایدا هاتووە (پەرەپێدانی پەیوەندی دۆستانەی نێوان گەلان لەسەر بنەمای رێزلێنانی مافەكانیان بەمافی چارەی خۆنۆسینیانەوەو گرتنە بەری هەر رێبازێكی شیاو بۆ بەرجەستەكردنی ئاشتی).(٢)

بەندی نۆیەمی دەستووری نەتەوە یەكگرتووەكان كە بۆ روونكردنەوەی هاریكاری نێودەوڵەتی لەرووی ئابووریو كۆمەڵایەتی تەرخانكراوە ئاماژە بەوە دەكات كەرێوشوێنەكانی نەتەوەیەكگرتووەكان لەو بوارەدا پشت بەخواستی زەمینە

خۆشکردن بۆ جێگیریو خۆشگوزەرانی دەبەستێ کە پێویستن بۆ بەستنی پەیوەندی ئاشتیخوازانە لەنێو نەتەوەکان کە لەسەر ئەو پرنسیپە بنیات نرابێ کە کار بۆ بەرز راگرتنی مافەکانی گەلان دەکات بەوەی کەهەریەکەیان مافی چارەی خۆنووسینی خۆیان هەبێ.

هەروەها لەدیباجەی دەستووری نەتەوە یەککگرتووەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کەگەلانی نەتەوە یەککگرتووەکان سەر لەنوێ جەخت لەباوەڕی خۆی دەکاتەوە بۆ دابینکردنی مافە بنچینەییەکانی مرۆڤو شکۆمەندی تاك بەژنو پیاوو نەتەوەکان بەگەورەو بچوکیانەوە.

بەڕای شارەزایانی بواری یاسا، داننان بەیەکسانی گەلان بەچاوپۆشین لەقەبارەو گەورەو بچوکی، ناراستەوخۆ داننانە بەمافی چارەی خۆنووسینی ئەو گەلانەدا.

هەندێ کەس رەخنە لەوە دەگرن کەدەستووری نەتەوە یەککگرتووەکان لەو ماددەو بڕگانەی پەیوەندی بەسیستمی راسپاردەی نێودەوڵەتی ئەو هەرێمانەی کەحوکمی زانیان نییە، بەشێوەیەکی روونو راشکاو باسی پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی نەکردووە، دەستەواژەی حوکمی زاتی لەجیاتی مافی چارەی خۆنووسین بەکارهێناوە، بەڵام بەبڕوای چاودێرانی بواری یاسای نێودەوڵەتی، دەستووری نەتەوە یەککگرتووەکان ئەو دوو مەسەلەیەی بەئامانجی ئەوە خستۆتەروو کەبەشێوەیەکی ناراستەوخۆ جەخت لەبەرژەوەندیو خواستی گەلانی ئەو هەرێمانە بکاتەوە بۆ گەیشتن بەمافی چارەی خۆنووسین.

زۆر لەتوێژەرانی بواری یاسا سەرنجو تێبینی ئەوەیان هەیە کە دەستووری نەتەوە یەککگرتووەکان بەشێوەیەکی خێراو راگوزاری باسی پرنسیپی مافی خۆنووسینی کردووەو مافی خۆی نەداوەتێ، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کەدەقەکانی دەستووری نەتەوە یەککگرتووەکان سەبارەت بەمافی چارەی خۆنووسین وەك پێویست نەبێو



بەتەواوی خواستەکانی گەلان بۆ بەرجەستەبوونی ئەو مافە بەدی نەهێنێ، هەربۆیە چەندین رێکەوتننامەی نێودەوڵەتیو هەرێمیو چەندین بڕیارو راگەیاندنی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان سەبارەت بەمافی چارەی خۆنووسین دەرچوون بۆ پڕکردنەوەی درزو کەلینەکانی دەستووری نەتەوە یەککگرتووەکان لەوبارەیەوە بەپێویستی دەزانین بەکورتی ئەوانەش بخەینە روو:

**١. جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی ١٩٤٨**

زۆربەی لێکۆڵەرەوانی بواری یاساو مافەکانی مرۆڤ پێیان وایە، ئەم جاڕنامەیە بەشێوەیەکی روونو ئاشکرا ئاماژەی بەمافی چارەی خۆنووسین نەکردووە، پاساوی ئەوەش ئەوەیە کەئەو جاڕنامەیە تایبەتە بەمافەکانی تاكو مافی چارەی خۆنووسین مافێکی گشتی تایبەت بەگەلانە، بەڵام هەندێ توێژەری تر پێیان وایە کەئەو جاڕنامەیە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ پشتگیری لەپرنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان دەکات ئەویش لەرێی ئەو بڕگەیەی کە لەجاڕنامەکەدا هاتووەو دەڵێ (ئیرادەی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتی حکومەتە).

**٢. راگەیاندنی پاکتاوکردنی کۆلۆنیالیزم لەساڵی ١٩٦٠**

لەرۆژی ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٦٠ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان راگەیاندنی بەخشینی سەربەخۆیی بەوڵاتانو گەلانی کۆلۆنیکراوی بڵاوکردەوە کە بەشێوەیەکی روونو ئاشکرا دەڵێ (هەموو گەلان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیەو بەپێی ئەو مافە بۆیان هەیە بەئازادی وەزعی سیاسیی خۆیان دیاری بکەنو بەئازادی چاودێری گەشەپێدانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییان بکەن)، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجو تێڕامانە لەگەڵ ئەو تێڕوانینە روونە بۆ مافی چارەی خۆنووسین کەچی راگەیاندنەکە لەکۆتاییدا جەخت لەسەر سەروەری دەوڵەتانو سەلامەتی هەرێمایەتییان دەکاتەوە.

### ٣. هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی ١٩٦٦

ماددەی یەکەمی هەردوو پەیماننامەکە (پەیماننامەی مافەکانی مەدەنیو پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری) بەم شێوەیەیە:

١ـ هەموو گەلان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە، بەگوێرەی ئەو مافانەش ئازادن لەدیاریکردنی شوێنی سیاسیو دابینکردنی پێشکەوتنی ئابووریو کۆمەڵایەتیو کلتوری.

٢ـ گەلان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان بۆیان هەیە بەئازادی دەست بەسەر سامانو بەروبوومی سروشتی خۆیاندا بگرنو بەبێ شکاندنی ئەو پابەندێتییەی بەهۆی هاوکاری ئابووری نێوان دەوڵەتانەوە دروست بووە کەپرنسیپی سوودی هاوبەشو یاسای نێودەوڵەتان بۆتە بناغەیو بەهیچ جۆرێکیش نابێ هیچ گەلێك لەسەرچاوەی ژیانی تایبەتی خۆی بێبەش بکرێ.

٣ـ لایەنەکانی ئەم پەیماننامەیە، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی بەرپرسیارن لەبەڕێوەبردنی ئەو هەرێمانەی ئۆتۆنۆمیان پێنەدراوەو ئەو هەرێمانەش کە لەژێر چاودێریدان رێگە بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسو رێزگرتنی ئەو مافانە بەگوێرەی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان خۆش دەکەن، تاجێبەجێی بکەن.(٣)

ئەگەر بەوردی سەیری ئەو دوو پەیماننامەیە بکەین، کەسیفەتی مافی یاساییان بۆ پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسین زیاد کردووە، تەنها وەك پرنسیپی تیۆریو سیاسی سەیریان نەکردووەو ئەوەش پێگەی مافی چارەی خۆنووسین لەرووی یاساییەوە بەهێزتر دەکات، هەروەها لەو دوو پەیماننامەیەدا مافی دیاریکردنی سیاسیو مافی دیاریکردنی ئابووری بەتوندی پێکەوە گرێداون.



### ٤. راگەیاندنی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەڵەتی (١٩٧٠)

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٦٢٥)ی رۆژی ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی بەم شێوەیە دیاری کردووە (هەر دەوڵەتێك پابەندە بەبەرگرتنی بەکارهێنانی هەر جۆرە هێزێك کەدەبێتە هۆی بێبەشکردنی گەلان لەبەکارهێنانی مافی خۆیان لەدیاریکردنی چارەنووسو ئازادیو سەربەخۆییدا، گەلانیش لەکاروانی خۆیاندا کەبەگژ ئەو هێزە زۆردارەدا دەچنەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی، مافی ئەوەیان هەیە داوای پشتگیری بکەن بەگوێرەی ئامانجو پرنسیپەکانی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان).(٤)

بەڵام ئەوەی دیسان جێگەی سەرنجو تێڕامانە راگەیاندنی پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی ١٩٧٠ش وەك راگەیاندنی پاکتاوکردنی کۆلۆنیالیزمی ساڵی ١٩٦٠ جەخت لەسەر سەلامەتی هەرێمایەتی دەوڵەتانی خاوەن سەروەری دەکاتەوە.

### ٥ـ بەڵگەنامەی هلسنکی ساڵی ١٩٧٠

کۆنگرەی هلسنکی بۆ ئاسایشو هاوکاری کەساڵی ١٩٧٠ لەئەوروپا بەسترا، لەراگەیاندنێکدا جەخت لەسەر مافی چارەی خۆنووسینی گەلان دەکاتەوە.

بێجگە لەو راگەیاندنانە راگەیاندنی جەزائیری ١٩٧٦و بەڵگەنامەی بانجولی ١٩٨١ بەهەمان شێوە جەخت لەسەر دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان دەکەنەوە.

لەبەر رۆشنایی دەستووری نەتەوەیەکگرتوەکانو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیو هەرێمایەتییەکاندا کەپێشتر ئاماژەمان پێکردن، دەگەینە ئەو راستییە کەپرنسیپی مافی خۆنووسین لەپرنسیپەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتیو بنەماکانی ئامرەو ملزەمەو مافێکی مرۆیی جێگیرو بنچینەییە، بەوەش لەسەر کۆمەڵگەی

نێودەوڵەتی بەگشتیو دەوڵەتانی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەگشتی پێویستە کە لەرێی دامودەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاوکاری گەلان بکەن بۆ ئەوەی بەمافی چارەی خۆنووسینی خۆیان شادبنو ماددەی (٥٦)ی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت لەوە دەکاتەوە کەهەموو ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ هاوکاری دامو دەزگاکانی نەتەوە کگرتووەکان بکەن بۆ هێنانە دی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەماددەی (٥٥)ی دەستووردا دیاریکراوە.

**پێنجەم: گەلی کوردو پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسین**

دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکانو چەندین ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتیو هەرێمیو ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت لەسەربڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسین بۆ سەرجەم گەلان دەکەنەوە، هەر بۆیەش مافێکی ئاساییو ڕەوای هەر گەلێکە کە داوای مافی چارەی خۆنووسین بکات، شێوازی داواکردنی مافی چارەی خۆنووسینیش بەئامرازی ئاشتیخوازانە یاخود بەئامرازی توندوتیژی (خەباتی چەکداری) دەبێ، ئامرازی ئاشتیخوازانە خۆی لەخەباتی سیاسی حزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانو گفتوگۆو ڕاپرسیدا دەبینێتەوە، شیوازی توندو تیژیش خۆی لەخەباتی چەکداریدا دەبینێتەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان دانی بەرەوایەتی خەباتی چەکداری گەلانی چەوساوە بۆ گەیشتن بەمافی چارەی خۆنوسینیاندا ناوەو ئەنجومەنی ئاسایش چەندین بڕیاری لەو بارەیەوە دەرکردووە لەوانە بڕیاری ژمارە (٤٢١) لە ٢٤ی یەکەمی ١٩٥٠و بڕیاری ژمارە (٢٣٢) لە١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٦٦و بڕیاری ژمارە (٢٣٥) لە ٢٩ی شوباتی ١٩٧٨، بەهەمان شێوە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەچەند بڕیارێکی تردا دانی بەرەوایەتی خەباتی چەکداری گەلان لەپێناو مافی چارەی خۆنووسینداناوە لەوانە



بڕیاری ژمارە (٢١٠٥) لە ٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٦٥و بڕیاری ژمارە (٢١٥١) لە٦ی کانونی یەکەمی ١٩٦٦و بڕیاری ژمارە (٢٧٨٧) لە ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٧١.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕیارانەی سەرەوەدا نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری خەباتی گەلانی کردووە بۆ گەیشتن بەمافی چارەی خۆنووسین، هەر لەو چوارچێوەیەدا ئەنجومەنی ئاسایش لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٨دا دانی بەشۆڕشی چەکداری ئەندەنوسیادانا لەپێناوی گەیشتن بەمافی چارەی خۆنووسین، هەروەها ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دانی بەمەشروعیەتی شۆڕشی گەلی کشمیردا نا لەدژی دەسەڵاتدارانی هند، ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بەشۆڕشی گەلانی جەزائیرو نامیبیاو فەلەستین هەمان هەڵوێستی هەبووە.

سەبارەت بەشێوازی خەباتی ئاشتیخوازانە بۆ بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، ئاماژە بەچەند نمونەیەکی زیندووی دوای جەنگی سارد دەکەین لەوانە دەوڵەتانی بەلتیق (لاتڤیاو لیتوانیاو ئیستونیا) و بەشێك لەیوگۆسلافیا (سلۆڤیناو کرواتیاو مەقدۆنیاو بۆسنەو هەرسك) و هەروەها کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران کە بەشێوازی ئاشتیخوازانەو بەبێ یەك دڵۆپ خوێن ڕشتن بەمافی چارەی خۆنووسینی خۆیان گەیشتنو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێکهێناو لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەرەسمی دانیان پێدانرا.

لەبەر ڕۆشنایی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکانو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانو بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیو ڕاستیەکانی سەرەوەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە گەلی کوردستانیش مافی ڕەوای خۆیەتی بەمافی چارەی خۆنووسین شادبێ، چونکە گەلی کوردستان لەهەموو ئەو گەلانە زیاتر خەباتی کردووەو قوربانی داوە، لەم قۆناغەشدا کەداوای

مافی فیدرالی دەکات وەك بەرجەستە بوونێك بۆ مافی چارەی خۆنووسین کەمترە لەو مافانەی کەدەستووری نەتەوە یەکگرتووەکانو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان جەختی لێدەکەنەوە بەزۆر گەلی بچوکیشیان ڕەوا بینیوە.

**شەشەم: ی. ن. ك)و پرنسیپی مافی چارەی خۆنوسین**

ئەگەرچی ماوەیەکی دوورو درێژ دروشمی حوکمی زاتی دروشمی سەرەکی بەشێکی زۆری حزبە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق بوو، (ی. ن. ك) لەهەمومەرجێکی سەختو دژواری خەباتو تێکۆشاندا دروشمی مافی چارەی خۆنووسینی بەرز کردەوەو لەو پێناوەشدا قوربانی زۆریداو ئەو دروشمەی بەخوێنی گەشی هەزاران تێکۆشەری شارو شاخ نەخشاند.

لەدوای ڕاپەڕینو لەقۆناغێکی نوێی خەباتو تێکۆشاندا، ی. ن. ك) جارێکی تر سوور بوونی خۆی لەخەباتکردنی بۆ دیهێنانی مافی چارەی خۆنوسین دووپات کردەوەو لەو چوارچێوەدا لەکۆنگرەی یەکەمی (ی. ن. ك)دا لەساڵی ١٩٩٢دا جەخت لەسەر خەباتکردن بۆ دیهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان کرایەوەو دروشمی مافی چارەی خۆنووسین، لەپاڵ دروشمەکانی تری ئاشتیو دیموکراسیو مافی مرۆڤدا بوونە دروشمی ناوەندی خەباتو تێکۆشانی (ی. ن. ك).

لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشدا لەساڵی ١٩٩٢دا (ی. ن. ك) جیاواز لەزۆربەی حزبو ڕێکخراوەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانو سەربای هەرەشەو گوڕەشەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، ئازایانەو بوێرانە بەدروشمی مافی چارەی خۆنووسین هاتە مەیدانی پێشبڕکێی هەڵبژاردنەوە.

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(٣٣٧٩)لە٣٠/٥/٢٠٠٤



لەکۆنگرەی دووەمی (ی. ن. ك)دا جارێکی تر جەخت لەخەباتکردنو بۆ بەدیهێنانی دروشمی پیرۆزی مافی چارەی خۆنووسین کرایەوە.

ئێستاش لەم هەلومەرجە نوێیەی خەباتداو لەدوای پرۆسەی عێراقو ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس لەهەموو کاتێك زیاتر زەمینە لەبارە بۆ هێنانەدی خواستەکانی گەلەکەمانو هێنانەدی دروشمی مافی چارەی خۆنووسین کەخۆی لەفیدرالیدا دەبینێتەوەو کە بەپێی دەستوور نەتەوە یەکگرتووەکانو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان مافێکی ڕەوای هەموو گەلێکە چەوساوەیەو بەپێی خەباتو قورباندانیش بێ گەلەکەمان زیاتر لەفیدرالی قابیلە.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان**

١ـ عبدالرحمن سليمان الزيباري، الوضع القانوني لاقليم كوردستان العراق، مطبعة وزارة التربية، اربيل الطبعة الاولى ٢٠٠٢.

٢ـ شێخ عەبدول، پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئۆفسێتی ڕوناکبیری مەکتەبی ڕێکخستنی (ی. ن. ك) ٢٠٠٠.

٢ـ د. مارف عومەر گوڵ، مەنهەجی وانەی مافی مرۆڤی قۆناغی یەکەمی کۆلیجی یاسای ئێواران/ زانکۆی سلێمانی.

٤ـ د. مارف عومەر گوڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# عیراقو سیستمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ڕێژەیی

ئەگەرچی مەسەلەی هەڵبژاردنو دیاریکردنی سیستمی سیاسییو پەرلەمانو حکومەت مەسەلەیەکی ناوخۆییە، هەموو دەوڵەتێك بەخواستی خۆی بەپێی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەکەی بەرجەستەی دەکات، بەڵام هەڵبژاردنی عیراق سەرباری ئەوەی ئەزمونێکی نوێیەو پەیوەندی بە ڕێکخستنەوەی ژیانی سیاسیو دیموکراسی دوای ڕووخانی ڕژێمی شمولیو دیکتاتۆری بەعسەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووەو بۆیە بابەتی جێگەی بایەخی دەوڵەتانی بڕیار بەدەستی جیهان بەگشتیو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بەتایبەتی، هەر لەوچوارچێوەیەدا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەبڕیارەکانی ژمارە (١٤٨٣و ١٥١١)ی ساڵی ٢٠٠٣و بڕیاری ژمارە (١٥٤٦)ی ساڵی ٢٠٠٤دا ئاماژەی بەمەسەلەی هەڵبژاردن کردووەو ئەو ڕاستیەی دووپات کردۆتەوە کە گەلی عیراق مافی ڕەوای خۆیەتی ئایندەی سیاسی خۆی بەئازادی دیاری بکات.

لەسەر ئاستی ناوخۆی عیراقو لەبەندی (٣٠)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوەدا ئەو جێگیر کراوە کە هەڵبژاردن دەبێ بەر لە٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٤ ئەنجام بدرێ، یاخود ئەوپەڕی لە٣١ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ نابێ تێپەر بکات.

ئەنجومەنی حوکمیش بەپێی بڕیاری ژمارە (٨٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ جەختی لەوەکردۆتەوە کە هەڵبژاردن دەبێ ئەنجام بدرێ.

بەڵام دەبێ شێوازو سیستمی ئەو هەڵبژاردنە چۆن بێ؟



ئەنجومەنی حوکم بەپێی بڕیاری ژمارە (٨٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ ئاماژەی بەوە کردووە کە دەبێ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق بەشێوازی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بێو سەرجەم ڕووبەری خاکی عیراق یەك ناوچەی هەڵبژاردن دەبێ.

پۆل بریمەری بەڕێوەبەری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لەعیراق لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٠٤دا فەرمانی ژمارە (٩٦)ی تایبەت بە یاسای هەڵبژاردنی عیراق دەرکردووە، بەپێی ئەو یاسایە سیستمی هەڵبژاردن بەپێی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دەبێ.

سیستمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی لەچاو سیستمەکانی دیکەدا پێشکەوتوترو دیموکراسیترە، ئەم سیستمە کە لەکۆتایی سەدەی (١٩) هاتۆتە گۆڕێ، بەری ڕەنجو تێکۆشانی حزبو ڕێکخراوە سۆسیالیستو چەپەکان بەگشتیو حزبە بچوکەکانە بەتایبەتی، ئەم سیستمە نوێیەی هەڵبژاردن دەروازەیەکی نوێی واڵا کرد بۆ حزبە بچوكو کەمینە سیاسییەکان بەپێی ژمارەی دەنگەکانیان نوێنەریان بێتە ناو پەرلەمانەوە بەپێی ئەم سیستمەی هەڵبژاردن، هەر حزبێك بەتەنها یاخود چەند حزبێك پێکەوە لیستی ناوی پاڵێوراوەکانیان پێك دەهێننو بەولیستەوە دەچنە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، هەر لیستێك بەپێی ڕێژەی ئەو دەنگانەی بەدەستی دەهێنێ کورسی پەرلەمان مسۆگەر دەکات، بەپێی ئەم سیستمە سەرکەوتن بەمانای ئەوە نایەت ئەو لیستەی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێ، سەرجەم کورسیەکانی پەرلەمان کۆنترۆڵ دەکات، وەك لەسیستمی زۆرینەدا پەیڕەوی دەکرێت، بەڵکو کورسییەکانی پەرلەمان بەپێی ڕێژەی ئەو دەنگانە دابەش دەکرێ کە هەر لیستێك بەپێی پێویست بەدەستی هێناوە، سیستمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دوو

جۆره، یەکەمیان سیستمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی تەواو، دووەمیان سیستمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی نزیك.

بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە جۆری یەکەمیانە، واتە سیستمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی تەواوەو لەیاسای هەڵبژاردنی عیراقیشدا باسی ئەو جۆرە کراوەو ئەوە پەیڕەو دەکرێت.

بەپێی ئەم سیستمە پرۆسەی هەڵبژاردن لەسەر ئەساسی دەوڵەت ئەنجام دەدرێ‌و سەرانسەری عیراق بەیەك بازنەی هەڵبژاردن دادەنرێ.

**خەوشەکانی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی:**

بەشێوەیەکی گشتی چەند ڕەخنەیەك ئاراستەی ئەم سیستمەی هەڵبژاردن دەکرێ لەوانە:

١- پەیوەندی بەتین لەنێوان دەنگدەرو پاڵێوراو بە شێوەی کەسی نابێ، چونکە دەنگدەران دەنگ بەلیستی حزبەکان دەدەن بە شێوەیەکی گشتی‌و دەنگ بەخودی پاڵێوراوەکان نادەن بەتایبەتی، واتە دەنگدەر دەنگ بەکۆی لیستەکە دەدات‌و ناتوانێ پاڵێوراوێك یاخود چەند پاڵێوراوێك جیا بکاتەوەو ڕاستەوخۆ دەنگیان بداتێ‌و دەنگ بەوانیتر نەدات، بەڵکو کە دەنگیدا دەنگ بەسەرجەم پاڵێوراوانی ناو لیستەکە دەدات، دوای دەنگدان حزبی خاوەن لیست بەپێی ڕێژەی ئەو کورسیانەی لەپەرلەمان بەدەستی هێناوە، لەناو لیستەکەیدا نوێنەران بۆ پەرلەمان دیاری دەکات، هەر وەك چۆن لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ١٩٩٢دا بینیمان دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەر یەك لەیەکێتی‌و پارتی (٥٠) کورسییان بەدەست هێنا بوو. هەریەکەیان لەلیستە (١٠٠) کەسییەکەی خۆیدا (٥٠) کەسیان بۆ ئەندامێتی پەرلەمان دیاری کرد.



٢- بەپێی ئەم سیستمە حزبە بچوکەکانیش بەلایەنی کەمەوە دەتوانن نوێنەرێکیان بگەیەننە پەرلەمان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نوێنەری ژمارەیەکی زۆر لەحزبە بچوکەکان بگەنە پەرلەمان، ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچ حزبێك نەتوانێ زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێ‌و بەتەنها حکومەت پێك بهێنێ، بەناچاری لەگەڵ ئەو حزبە بچوکانەدا ئیئتلاف دەکات، ئەوەش دەبێتە مایەی ناجێگری حکومی‌و سیاسی، بەڵام چارەسەری ئەم کێشەیەش بەوەکراوە کە زۆربەی وڵاتان لەم سیستمەی هەڵبژاردندا کار بە پرنسیپی ڕێژەی حەسم یاخود کۆسپی هەڵبژاردن دەکەن، ئەویش ئەوەیە کە ڕێژەیەك دادەنێن بۆ چوونە پەرلەمانەوە، هەر حیزبێك ئەو ڕێژەیە بەدەستن نەهێنێ نوێنەری ناتوانێ بچێتە پەرلەمانەوە، ئەو ڕێژەیەش هەر وڵاتێك بەپێی بەرژەوەندی‌و خواستی خۆی دایدەنێ، بۆ نموونە لەئیسرائیل ١،٥٪ ، لەئەڵمانیا ٥٪ ، لەتورکیا ١٠٪ ، لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستانیش ٧٪ بوو.

٣- لەم سیستەمەدا دەرهێنانی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن پێویستی بەعەمەلیاتی حیسابی ئاڵۆز هەیە، کە کاتێکی زۆری دەوێ، ئەوەش دەبێتە هۆی دواخستنی ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردن‌و زەمینە خۆشکردن بۆ ئەنجامدانی کاری ساختەکاری‌و فێڵ لەدەنگەکاندا.

ئەگەر ئەم کێشەیە بۆ کۆتایی سەدەی (١٩)و سەرەتای سەدەی (٢٠)و وڵاتە دواکەوتووەکان ڕاست بووبێ، ئەوا بۆ ئێستاو وڵاتە پێشکەوتووەکان کە خاوەن تەکنەلۆژیای نوێن‌و دەتوانن لەماوەیەکی کەمدا ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بخەنە ڕوو، ڕاست نییە.

٤- یەکێك لەخەوشە گەورەکانی ئەم سیستمە ئەوە کە کەسایەتیە سەربەخۆکان ناتوانن بەتەنها دەنگی پێویست بهێنن‌و بچنە پەرلەمانەوە، چونکە ئەوانە

مونافەسەی لیستی حزبەکانیان پێناکرێ، چارەسەری ئەمەش تەنها بەوە دەکرێ کە ئەو کەسایەتیانە لەسەر لیستی ئەو حزبانە خۆیان بپاڵێون کە لەبیرو بۆ چوونیانەوە نزیکن.

**باشییەکانی سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی**

**١- بەپێی ئەم سیستمە نوێنەرایەتی راستەقینەی سەرجەم دەنگدەران دەکرێ، چونکە دەنگی هیچ کەس لەدەنگدەران و بەشدارانی پرۆسەی هەڵبژاردن بەهەدەر ناڕوات، هەموو دەنگدەران تاڕادەیەکی باش نوێنەری خۆیان دەبێ، ئەم سیستمەش راست پێچەوانەی سیستمی زۆرینەیە کە دەنگی بەشێکی زۆری دەنگدەران لەبازنەکانی هەڵبژاردن بەهەدەر دەڕوات و ناتوانن نوێنەریان بۆ پەرلەمان سەربخەن.**

**٢- بە پێی ئەم سیستمە، حزبە بچوکەکان و گروپە میللییەکان دەتوانن نوێنەریان بگەیەننە پەرلەمان ئەوەش بەوەی کە دەنگەکانیان لەسەرجەم بازنەکانی هەڵبژاردندا کۆدەبێتەوە بەپێی رێژەی ئەو دەنگانە کورسییان بۆ مسۆگەر دەکرێ، ئەمەش دادپەروەرییەکی باشی تێدایە، بەپێچەوانەی سیستمی زۆرینە کە زوڵمێکی زۆر لەحزبە بچوکەکان دەکات بەوەی کە دەنگەکانیان لەبازنە جیاجیاکانی هەڵبژارندا کۆناکرێتەوەو بەهەدەر دەڕوات.**

**٣- کارکردن بەسیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی بەشێك لەحزبەکان دەخاتە دەسەڵات و بەشێکی تریشیان دەکات بە ئۆپۆزسیۆن، بێگومان حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان لەناو پەرلەمان رۆڵی ئیجابیان دەبێ بەوەی وەك چاودێر وا دەبن بەسەر حزبە دەسەڵاتدارەکان و سنور بۆ نفوزو دەسەڵاتیان دادەنێت، حزبە بچوکەکانی ناو پەرلەمانیش رۆڵی تایبەتی خۆیان دەبێ و دەتوانن لەگەڵ حزبە گەورەکان ئیئتلاف بکەن، چونکە ئەو حزبانە بەتەنها ناتوانن حکومەت پێك بهێنن.**



**٤- ئەم سیستمە لەگەڵ گیانی سەردەم و بنەماکانی دیموکراسییدا دەگونجێ، چونکە رێگە بەهەموو حزب و کەمینەو گروپ و توێژو کۆمەڵەکان دەدات کە نوێنەریان بگاتە پەرلەمان، ئەوەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە پەرلەمان گوڵدانی رەنگە جیاجیاکان و ئاوێنەی رەنگدانەوەی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵ بێ.**

**٥- ئەم سیستمە ئومێد لای هەموو لایەنگران و ئەندامانی حزب و کەمینەو چین و توێژە جیاجیاکان کۆمەڵ دروست دەکات کە بەشداری هەڵبژاردن بکەن بۆ ئەوەی نوێنەریان بگاتە پەرلەمان، ئەوەش کاریگەری لەبەرز بونەوەی رێژەی بەشداری هەڵبژاردن دەبێ.**

**٦- ئەم سیستمە وا دەکات کە دیاردەی ساختەکاری و فێڵ کردن لەبازنەکانی هەڵبژاردن کەم بێتەوە، چونکە دەوڵەت بەگشتی یەك بازنەی هەڵبژاردنە.**

**لەبەر رۆشنایی شیکردنەوەی سیستمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی رێژەیی، دەتوانین بڵێین ئەو سیستمە بۆ ئەم هەڵبژاردنەی عیراق گونجاوە؟**

**دەتوانین بەدڵنییاییەوە بڵێین ئەم سیستمە لەهەموو سیستمەکانی دیکەی هەڵبژاردن گونجاوترە، چونکە هەموو بەشداران و دەنگدەران لەسەرانسەری عیراقدا نوێنەریان دەبێ و هیچ دەنگێك بەهەدەر ناڕوات، بەحوکمی ئەوەشی بەپێی ئەم سیستمە سەرانسەری عیراق یەك بازنەی هەڵبژاردنە، ئەم قۆناغە نوێ و هەستیارە وا دەخوازێ کە هەموو ئەو حزب و رێکخراوە سیاسییانەی باوەڕی تەواویان بەعیراقی دیموکراتی و فیدرالی و فرەیی و یەکگرتوو هەیە بەیەك لیستی هاوبەشی سەرانسەری بێتە ناو مەیدانی مونافەسەی هەڵبژاردنەوە، ئەو لیستە چانسی سەرکەوتنیشی لەهەموو لیستێکی دیکە زیاتر دەبێ، چونکە ئەو حزبانە لەسەرانسەری کوردستان و عیراق دۆست و لایەنگرو جەماوەرییان هەیەو هەموو ئەو دەنگانەشی دەیاندرێتێ حساب دەکرێ و کۆدەکرێتەوە، ئەوەش وا دەکات ئەو لیستە سەرکەوتن**

بەدەست بهێنێ، سەرکەوتنی ئەو لیستەش سەرکەوتنی ئیرادەی زۆرینەی گەلانی عیراق دەبێو ئەو ئیرادەیەش دەتوانێ ئاشتیو ئارامیو ئۆقرەیی سەقامگیر بکات.

سەرچاوە:-

سرهەنگ حمید البرزنجی، أنتخابات أقلیم کردستان بین النظریة و التطبیق، مطبعة/ وزارة التربیة/ اربیل/ ٢٠٠٢

رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(٣٤٩٦)لە١٢/١٠/٢٠٠٤



# عیراقی نوێ و پرنسیپی تەوافق

ئەگەر بەوردی سەیری مێژووی نوێی عیراق بکەین، دەبینین دەوڵەتی عیراق لەو کاتەوەی بەبێ ویستو رەزامەندی بەشێکی زۆر لەهاولاتیانی دامەزرا تا رووخاندنی رژێمی دیکتاتۆری بەعس بەزەبری هێزی سوپای هاوپەیمانان لەمانگی نیسانی ٢٠٠٣دا، لەلایەن کەمینەیەکی عەرەبی سوننییەوە حوکم کراوە، ئەوەش بۆتە مایەی ئەوەی کەبەشێکی زۆری گەلانی عیراق لەسەردەمی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق بەگشتیو رژێمی بەعس بەتایبەتی، لەپەراوێزی دەسەلاتدابنو هیچ رۆڵێکی ئەو تۆیان لەدارشتنی بڕیاری سیاسییدا نەبێو تەنانەت لەسەردەمی رژێمی بەعسدا، کوردو شیعە رووبەڕووی سیاسەتی دزێوو شۆڤینیانەی کوشتنو لەناوبردن بوونەوەو ئەگەرچی کەمینەی عەرەبی سوننە کۆنترۆڵی هەرەمی دەسەلاتیان کردبوو، هاوولاتیانی ئاسایی سوننەش، لەسیاسەتی شەرەنگێزانەی بەعس زەرەرمەند بوون.

ئەزموونی زیاتر لە٨٠ ساڵ حوکمی کەمینەی عەرەبی سوننە بەسەر زۆرینەی کوردو شیعەو ئەو نەهامەتیانەی لێی کەوتەوە، ئەو راستییەی بەعەمەلی سەلماند کە ئەو شێوازەی حوکمی عیراق شێوازێکی هەڵەو شکست خواردوو بوو، زیانێکی گەورەی مرۆییو ئابووری بەگەلانی عیراق گەیاندو زامی هێندە قووڵو پڕسوێی لەجەستەیاندا بەجێهێشت کە تا ئێستاش خوێنیان لێ دەچۆڕێ.

هەر بۆیەش لەدوای پرۆسەی ئازادیی عیراقەوە، تێزو تێڕوانینی نوێ بۆ حوکمڕانی عیراق هاتە گۆڕێ، ئەزموونی ئەنجومەنی حوکم نۆبەرەی ئەو هەلومەرجە نوێیە بوو کە کۆتایی بەسیستمی شمولی تاکە حزبی هێناو دەروازەیەکی نوێی بۆ ژیانی دیموکراتیو فرە حزبی والا کردو لەو کاتەوە پرنسیپی تەوافق وەك پرنسیپێکی نوێی کاری سیاسی بەرجەستە بوو، بەو پێیە هەموو لایەنە

جیاجیاکانی سەرانسەری عیراق هەریەکەیان بەپێی سەنگو قورسایی خۆیان نوێنەریان لەئەنجومەنی حوکم دیاریکرا، هەر لەسەردەمی ئەنجومەنی حوکمو لەکاتی پێکهێنانی کابینەی ئەنجومەنی وەزیراندا لەسەر بنەمای تەوافق پۆستی وەزارەتەکانیان دابەشکرا، دواتریش کە هاوپەیمانان سەروەری تەواویان بۆ گەلانی عیراق گێڕایەوە، هەر لەسەر بنەمای تەوافق ئەنجومەنی سەرۆکایەتیو ئەنجومەنی وەزیرانو ئەنجومەنی نیشتمانی پێکهات.

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوەش هەر بەرەنجامی تەوافقی ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم بوو، کە تێیدا تا رادەیەك لایەنی کەمی مافەکانی گەلانی عیراقی تێدا جێگیر کراوە. خودی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقیش لەچەند ماددەو بڕگەیەکدا جەختی لەسەر پرنسیپی تەوافق کردۆتەوە.

لەماددەی چواری یاساکەدا باسی ئەوە دەکات کە سیستمی حوکمڕانی عیراق سیستمێکی فیدراڵییە، ئەوەش خۆی لەخۆیدا داننانە بەبنەمای تەوافقدا، چونکە بەپێی سیستمی فیدراڵی دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدراڵیو حکومەتی هەرێمەکانو پارێزگاکانو شارەوانییەکان دابەش دەکرێ، ئەوەش یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی بنەمای دیموکراتییەتی تەوافقی. لەماددەی (٣٦)ی یاساکەدا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئاماژە بەوەدەکات کە کەمینەکان لەئەنجومەنی نیشتمانی مافی ڤیتۆیان هەیە، ئەوەش بەوەی کەمەرجی ئەوەی داناوە کە دەبێ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەزۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵبژێردرێ کە ١٨٤ دەنگی لەکۆی ٢٧٥دەنگەکەی ئەنجومەنی نیشتمانی دەوێ. ئەمەش وا دەخوازێ کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەتەوافق بێت لەنێوان نوێنەرانی گروپە سەرەکیەکانی کوردو عەرەبی سوننەو شیعەدا. هەر لەماددەی (٣٦)ی یاساکەدا جارێکی تر ئاماژە بەپرنسیپی تەوافق کراوە لەو بڕگەیەدا کە



باسی ئەوە دەکات کە لابردنی ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێویستی بە ٣/٤ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی هەیە کە ٢٠٧ دەنگی لەکۆی ٢٧٥ دەنگی ئەنجومەنەکەی دەوێ.

هەر لەبڕگەی (ج)ی ماددەی (٣٦) یاساکەدا باسی ئەوە دەکات، کە دەبێ بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەکۆی دەنگ (الاجماع) دەربکرێ، ئەمەش وا دەکات هەموو بڕیارەکانی ئەو ئەنجومەنە بە تەوافقو بەرەزامەندی سەر کۆمارو هەردوو جێگرەکەی دەربچێ، کە هەریەکەیان سەربە نەتەوەو مەزهەبێکی جیاوازنو دەتوانن مافی ڤیتۆ لەدژی هەر بڕیارێك بەکاربهێنن کە لەگەڵ خواستەکانیان نەگونجێ. بەپێی بڕگەی (أ)ی ماددەی (٣٨)ی یاساکە، ناونانی سەرۆك وەزیرانو ئەنجومەنی وەزیران، پێویستی بە کۆی دەنگی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەیە، ئەمەش هەر پێویستی بەتەوافق هەیە.

لەدوای ئەوەش پێویستە ئەنجومەنی نیشتمانی بەزۆرینەی ڕەهای ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی متمانە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزیرانی کابینەکەی ببەخشی، کە ئەوەش هەر بەتەوافق دێتە دی. بەپێی بڕگەی (هـ)ی ماددەی (٤٤)ی یاساکە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دامەزراندنی هەر حەوت ئەندامەکەی دادگای باڵای فیدراڵی هەیە کە دادگایەکی گرنگەو کێشەی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵیو هەرێمەکان چارەسەر دەکاتو دەسەڵاتی شیکردنەوەی دەستووری هەیە، بێگومان دانانی ئەو حەوت دادوەرەش، هەر دەبێ بەتەوافقی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بێ.

سەرباری ئەوەی کە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لەچەند ماددەو بڕگەیەکدا ئاماژەی بە پرنسیپی تەوافق کردووە، تەنانەت بڕیاری ١٥٤٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش ئاماژەی بە پرنسیپی تەوافق کردووەو جەختی

لەسەر ئەوە كردۆتەوە كە دەبێ دەستووری هەمیشەیی عیراق لەسەر بنەمای تەوفق دابنرێو مافی هەموانی تێدا پارێزراو بێ.

لەبەر رۆشنایی ئەو راستییانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پرنسیپی تەوافق پرنسیپێکی گونجاوە بۆ شێوازی حوکمڕانی عیراق، چونکە تەنها لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانرێ هەموو نەتەوەو ئایینو مەزهەبو نەژادە جیاجیاکان رازی بکرێ کە بەشێوازێکی یەکسانو دادپەروەرانە بەشداری لەناوەندی دارشتنی بڕیاری سیاسییدا بکەن، هەرئەوەش زامنی پاراستنی مافەکانی سەرجەم لایەنەکانەو مایەی دڵنیایی کەمینەکانەو رێگرە لەوەی کە گروپێك لەرێی هەڵبژاردنەوە لەسەر بنچینەی نەتەوەیی، ئایینی، مەزهەبی، نەژادی بیەوێ زۆرینە بەدەست بهێنێو ناوەندە گرنگەکانی دەسەلات کۆنترۆڵ بکاتو بەناوی شەرعییەتی هەڵبژاردنەوە بیەوێ دیکتاتۆریەتی زۆرینە پەیڕەو بکاتو لایەنەکانی تر بێبەش بکات، ئەمەش مەترسی جدی بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە دەبێ.

هەربۆیەش ئەمڕۆ لەزۆر ولاتی پێشکەوتودا کە نەتەوەو رەگەزی جیای تێدایە لەسەر بنەمای تەوافق کاری سیاسیو حکومی دەکرێو نوێنەرانی گروپە نەتەوەییو رەگەزییە جیاجیاکان هەریەکەیان بەپێی سەنگو قورسایی خۆیان پشکییان لەدەسەلات پێ دەدرێ.

تەنانەت لەولاتێکی پێشکەوتووی وەك سویسرا لەسالانی پەنجاکانەوە حکومەت لەسەر بنەمای ئیئتلافی فراوان بەتەوافق پێك دەهێنن بەرێژەی ٤ئەندام بۆ ئەسڵی ئەڵمان، ٢ئەندام بۆئەسڵی فەرەنسی، ١ئەندام بۆئەسڵی ئیتالی.

هەروەها دەستوری بەلجیکاش بەشێوەیەکی یەکسانو دادپەروەرانە زامنی حوکمی زۆرینەو کەمینەی کردووە. بەپێی ئەو دەستورە ئەنجومەنی وەزیران بە یەکسانی لەنێوان نوێنەرانی کەمینەی فرنسیو کەمینەی هۆڵەندی دابەش دەکرێ، ئەمە



لەکاتێکدایە کەکەمینەی هۆڵەندی زیاترنو رێژەی ٥٧٪ی دانیشتوان پێك دەهێنن، کەچی کەمینەی فەرەنسی ٤٢٪ی دانیشتوان پێك دەهێنن.

لەهەندێ ولاتی تردا کەمینەکان مافی ڤیتۆیان لەناو ناوەندی دارشتنی بڕیاری سیاسییدا هەیە، ئەوەش بۆ ڤیتۆکردنی ئەو بڕیارانەی کەڕەنگدانەوەی خراپی بۆسەر چارەنووسی سیاسی کەمینەکان هەیە. سەرەڕای ئەمانە ئێستا مەسەلەی کەمینەکان رەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە، چەندین پەیماننامەو بڕیاری نێودەوڵەتی داوای پاراستنی مافەکانیانو بەشداری دادپەروەرانەیان لەناوەندی دەسەلاتی دەوڵەتدا دەکەن، هەر لەو چوارچێوەیەدا ماددەی یەکی راگەیاندنی نەتەوەیەکگرتووەکان کەساڵی ١٩٩٢دەرچووە باسی ئەوە دەکات کە ئەندامانی کەمینەکان مافی بەشداری کاریگەرییان هەیە لەپڕۆسەی دارشتنی بڕیاری سیاسی دەوڵەتدا.

هەروەها ماددەی (٢٧)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنیو سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦ جەخت لەوە دەکاتەوە کە باشترین رێگە بۆ زامنکردنو پاراستنی مافەکانی کەمینەکان نوێنەرایەتی دادپەروەرانەیانە لەئەنجومەنەکانی یاسادانانداا.

ئێستاش لەکوردستانو عیراق لەدەروازەی هەڵبژاردندایە، ئەم قۆناغە هەستیارە وادەخوازێ کە ئەو لایانانەی کە باوەڕیان بەعیراقی دیموکراسیو فیدراڵیو فرەییو یەکگرتوو لەسەر بنەمای تەوافق لەسەر ئاستی کوردستانو عیراق لەچوارچێوەی لیستێکی هاوبەشدا بەشداری پڕۆسەی هەڵبژاردن بکەن.

سەرچاوەکان:ـ

١ ـ د. کمال سید قادر/ نحو تمثیل عادل للأقلیات في العراق. موقع PUK media

٢ـ د. کمال سید قادر/ الدیموقراطیة التوافقیة في قانون ادارة الدولة العراقیة. موقع PUK media

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(٣٥٣٢)لە٢٨/١١/٢٠٠٤



# عیراقی نوێو مەسەلەی زۆرینەو کەمینە

لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی عیراق، یەکێك لەو مەسەلانەی زۆرجار گفتوگۆو مشتومڕی گەرمی لەسەر دەکرێت، مەسەلەی زۆرینەو کەمینەیە، هەندێك چاودێری کاروباری سیاسی ناوخۆی عیراق باس لەمەترسی ئەوە دەکەن یەکێك لەپێکهاتە سەرەکییەکانی عیراقو بەتایبەتی شیعەکان لەهەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عیراقدا زۆرینەی کورسییەکان بەدەست بهێنن، بەوەش لەسەر بنەمای شەرعییەتی دیموکراسی ناوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسی کۆنترۆڵ بکەنو حکومەتێك لەسەر بنەمای جیهانبینی شیعەگەری دابمەزرێنێت ستەمی زۆرینە بەسەر کەمینەدا بسەپێنن.

یاخود دووپێکهاتە ئیئتلاف بکەنو پێکهاتەکەی تر بخەنە پەراوێزەوە.

ئایا ئەم شتانە لەگەڵ واقیعی نوێی عیراقدا دەگونجێ؟

عیراق لەسێ پێکهاتەی سەرەکی (کورد، عەرەبی شیعە، عەرەبی سوننە)و چەند پێکهاتەیەکی بچووك پێکهاتووە.

هەرلایەك هەوڵ بدات بەتەنها یاخود بە ئیئتلاف لەگەڵ لایەنێکی تر حوکمڕانی وڵات بکاتو حساب بۆ ئەوانیتر نەکاتو بیانخاتە پەراوێزەوە، تووشی گرفتو کاردانەوەی لایەنەکانی دیکە دەبێتەوەو ناتوانی بەئارامی حوکم بکات.

ئەزموونی ماوەی (٨٢) ساڵی رابردووی حوکمڕانی کەمینەی عەرەبی سوننی لەبەرچاوە کە زۆرینەی کوردو شیعەی خستبووە پەراوێزەوەو لەناوەندی دەسەڵاتی سیاسییدا هیچ رۆڵێکیان نەبوو، ئۆپۆزسیونێکی قەدەغەو سەر کوتکراو بوون، هەر بۆیەش عیراق لەماوەی ئەو (٨٢) ساڵەدا جێگیریو ئارامی سیاسی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە.

پرۆسەی ئازادی عیراق کۆتایی بەو شێوازە دیکتاتۆریو تاکڕەوییەی حوکم هێنا، تێزو تێڕوانینی نوێ بۆ حوکمڕانی عیراق هاتە گۆڕێ، لەسەر بنەمای دیموکراسیو فرەییو تەوافق بۆ پاراستنی هاوسەنگی پێکهاتەکانی عیراق حسابکردن بۆ هەمووانو بەبێ پەراوێزکردنو فەرامۆش کردنی هیچ لایەك.

ئەزموونی ئەنجومەنی حوکم ئەگەر هەندێ خەوشیشی هەبووبێ، نۆبەرەی هەلومەرجی نوێی دوای ئازادیو ماڵئاوایی سیستمی تاکە حزبیو تاکە سەرکردە بوو، پێکهاتەی ئەو ئەنجومەنە تاڕادەیەك ڕەنگدانەوەی هەموو پێکهاتەو دەنگو ڕەنگە جیاجیاکانی کۆمەڵی عیراقی بوو.

هەر لەو واقیعە نوێیەدا پرنسیپی تەوافق چەکەرەی کرد، یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لەسەر بنەمای تەوافقو ڕێکەوتنی هەموان دانراو تارادەیەك لایەنی کەمی مافەکانی گەلانی عیراقی تێدا جێگیر کراوە.

هەروەها ئەنجومەنی وەزیرانو ئەنجومەنی سەرۆکایەتیو ئەنجومەنی نیشتمانی بەتەوافق دانران.

ئەگەرچی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە بەڕوونیو ڕاشکاوی باسی بنەمای تەوافق ناکات، بەڵام لەچەندین بڕگەو ماددەی ئەو یاسایەدا ئەو بنەمایە ڕەنگی داوەتەوە.

لەماددەکانی (٤، ٣٦، ٣٨، ٤٤)ی یاساکەدا، ئەگەرچی وشەی تەوافق بەکارنەهاتووە، بەڵام ئەو مەسەلانەی ئەو ماددانە باسی کردوون، تەنها بەتەوافقی پێکهاتە سەرەکییەکانی عیراق دێتەدی. ئەو بابەتانەشی ئەو ماددانە باسیان دەکات مەسەلەکانی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵو حکومەتەکانی هەرێمەکانو پارێزگاکانو متمانە بەخشینی پەرلەمان بەئەنجومەنی سەرۆکایەتیو ئەنجومەنی وەزیرانو دەرکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتیو دانانی



ئەندامانی دادگای فیدراڵییە، کە هەموویان پێویستیان بە (٢/٣و ٣/٤)ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی هەیە، کە بەدەست هێنانی ڕێژەی ئەو دەنگانە تەنها بەرازیبوونو پشتیوانی نوێنەرانی زۆربەی پێکهاتە سەرەکییەکانی ناو ئەنجومەنی نیشتمانی دەبێو هیچ لایەك بەتەنها ناتوانێ ژمارەی ئەو دەنگانە مسۆگەر بکات.

تەنانەت بڕیاری ژمارە (١٥٤٦) ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێت دەستووری هەمیشەیی عیراق لەسەر بنەمای تەوافقو ڕازیکردنی هەمووان دابنرێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی کە ئاماژەمان پێکردن، لەعیراقی نوێدا هیچ پێکهاتەیەك تەنانەت ئەگەر تاڕادەیەك زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمانیشی بەدەست هێنابێ، ناتوانێ بەتەنهاو بەبێ حساب کردن بۆ پێکهاتەکانی تر جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەستو بەتەنهاو بەئارامی حوکم بکاتو دیکتاتۆریەتی زۆرینە بسەپێنێ.

مەسەلەی کەمینەو زۆرینە وەك مەسەلەیەکی ناوخۆیی نەماوەتەوە، بەڵکو ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووەو نەتەوەیەکگرتووەکان لەچەندین ماددەو بڕگەی بەڵگەنامەکانیدا جەختی لەسەر پاراستنی مافی کەمینەکانو بەشداری کاریگەریان لەناوەندی دارشتنی بڕیاری سیاسیو ئەنجومەنەکانی یاسادانناندا کردۆتەوە.

لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا، پێوەری دیموکراسی پاراستنو ڕێزگرتنی مافی کەمینەیە، ئەوەتا لەسویسرا لەساڵی ١٩٥٦ەوە بەتەوافق پۆستەکانی حکومەت لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵدا دابەش دەکەن بەڕێژەی ٤ بۆ ئەسڵی ئەڵمان، ٢ بۆ ئەسڵی فەرەنسی، ١ بۆ ئەسڵی ئیتاڵی.

دەستوری بەلجیکاش بەشێوەیەکی یەکسانو دادپەروەرانە مافەکانی کەمینەو زۆرینەی زامن کردووەو پۆستەکانی حکومەت بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان نوێنەرانی کەمینەی فەرەنسیو زۆرینەی هۆڵەندی دابەش دەکرێت، ئەمە لەکاتێدایە کە هۆڵەندییەکان ڕێژەی ٥٧٪ی دانیشتوان پێك دەهێنن.

لەدەستووری هەندێ وڵاتی دیکەی ئەوروپیدا، ئەوە بۆ کەمینەکان زامن کراوە کە لەناوەندی دارشتنی بڕیاری سیاسییدا نوێنەریان هەبێو مافی ڤیتۆ کردنی ئەو بڕیارانەیان هەبێ کە ڕەنگدانەوەی خراپی بۆ سەرچارەنووسی سیاسییان هەبێ.

هاووڵاتیانی هەرێمی سکۆتلەندا کە هەرێمێکی فیدراڵن، ئێستا (٧٣) نوێنەریان لەپەرلەمانی بەریتانیادا هەیە، دەیانەوێ لەخولی داهاتووی پەرلەمانی بەریتانیادا ئەو نوێنەرانە بۆ (٥٦) نوێنەر کەم بکەنەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە سەرجەم مافەکانیان بەپێی یاساو دەستور پارێزراوەو ئیدی زۆریو کەمی ژمارەی نوێنەریان هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆ نابینێ.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەدەبێ لەدەستووری هەمیشەی عیراقدا مافی هەموو هاوڵاتیانو پێکهاتە گەورەو بچووکەکان پارێزراوبێت، هیچ لایەك گەورەبێت یان بچووك ترسی لەئایندەی خۆی نەبێتو دڵنیابێت لەوەی کە دەستوور چەتری پاراستنێتی، بەپێچەوانەی ئەوەوە هەر پێکهاتەیەك بیەوێت لەسەر بنەمای زۆرینە خۆی بسەپێنیو کەڵەگایی بکات، بەدڵنیاییەوە بە ئارامی بۆی ناچێتە سەرو لەئەنجامدا هەر شکست دێنێ.

ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە(١٢)لە٢٧/١٢/٢٠٠٤



# عیراقو مەسەلەکانی مافی مرۆڤ ومافی کەمینەکان

عیراق چەندین ڕێکەوتننامەو بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤی مۆرکردووە، بەوەش ئیلتزامێکی نێودەوڵەتی لەئەستۆدایە لەو بوارەدا.

ئەمەش بەشێکە لەو ڕێکەوتننامەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانەی کە عیراق مۆری کردوون:

١ـ هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنیو سیاسییەکانو مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەکانی ساڵی ١٩٦٦، ساڵی ١٩٦٩ عیراق هەردوو ڕێکەوتننامەکەی ئیمزاکردووە، ساڵی ١٩٧٠ پەسەندی کردوون، ساڵی ١٩٧١ بەرەسمی پەیوەندی پێوەکردوون.

٢ـ ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنو سزادانی تاوانبارانی تاوانی جینۆساید (١٩٤٨).

٣ـ ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی تەمییزی نەژادی (١٩٦٥).

٤ـ ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی سەرکوتکردنی تاوانی پاکتاوی نەژادی (١٩٧٣).

٥ـ ئەو ڕێکەوتننامانەی کە عیراق لایەنێکە تێیداو پابەندێتی نێودەوڵەتی سەبارەت بەپاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەخۆگرتووە.

٦ـ عیراق بەو سیفەتەی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە، ئەو پابەندییانەی دەکەوێتە ئەستۆ کە لەدوو توێی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا سەبارەت بەپاراستنی مافەکانی مرۆڤ هاتووە.

لەرووی یاسایییەوە هەرڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی کەلەلایەن دەوڵەتێکەوە بەشێوەیەکی رەسمی پەسەند دەکرێت، ئیدی وەك یاسایەکی ناوخۆیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێتو پێویستە ئەو دەوڵەتە پێوەی پابەند بێت.

سەرپێچیکردن لەئەحکامەکانی ئەو یاسایە، لێپرسراوێتی نێودەوڵەتی دروست دەکات.

بەپێی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، دەستەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانو ئەندامەکانی، کار لەپێناوی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدا دەکەن کە لەپەیماننامەکەدا هاتوونو دەبێت دەوڵەتان ئەو پابەندییانە جێبەجێ بکەن کە بەپێی پەیماننامەکە دەخرێتە ئەستۆیان کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەتوانێت بەهۆی پێشێلکردنی پرنسیپەکانی پەیماننامەکەوە، ئەندامێتی دەوڵەتێك هەڵپەسێرێت، یاخود فەسڵی بکات.

هەربۆیەش دەبوو عیراق بەپێی ئەو پابەندییە نێودەوڵەتیانە رێزی لەمافەکانی مرۆڤ بگرتایە، چونکە عیراق بەئیرادەی ئازادی خۆی پەسەندی کردوونو ئیمزای کردوون.

لەلایەکی ترەوەو لەسەر ئاستی ناوخۆ، عیراق بەرامبەر بەگەلی کوردو کەمینەکانی تری وڵات بەڵێنی جێبەجێکردنی چەند رێکەوتن و راگەیاندنێکی تری داوە ، لەوانە:

١ـ راگەیاندنی هاوبەشی بەریتانیاو عیراق لە ٢٤ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢، لەم راگەیاندنەدا هەردوو حکومەتی بەریتانیاو عیراق دانیان بەمافی گەلی کوردی نیشتەجێی سنووری عیراقدا ناوە بۆ دروستکردنی حکومەتێکی کوردی لەو سنورەدا.



٢ـ بەگوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لەساڵی ١٩٢٥دا، عیراق خۆی پابەند کردووە کە مافە سیاسیو رۆشنبیرییەکانی گەلی کورد دابین بکات.

٣ـ بەگوێرەی راگەیاندنی کۆمەڵەی گەلان لە ٣٠مارسی ١٩٣٢دا، عیراق بووە ئەندامی ئەو رێکخراوەو لەئینتدابی بەریتانی رزگاری بوو، لەبەرامبەر ئەوەدا عیراق بەڵێنیدا کە کورد حوکمی زاتی خۆی هەبێتو مافی کەمینەکانیش پارێزراوبێت.

**عیراقو پێشلکردنی رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان**

عیراق چەندین رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی ئیمزا کردووەو بەحوکمی ئەوەشی ئەندامی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە ، دەبوو پابەندی ناوەڕۆکی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بێت لەپاراستنی مافەکانی مرۆڤو مافی کەمینەکان.

کەچی بەپێچەوانەی ئەوەوە رژێمی بەعس ناوەڕۆکی زۆربەی ئەو رێکەوتننامەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانەی پێشێل کردووە، لەو چوارچێوەیەدا ئاماژە بەچەند پێشێلکارییەك دەکەین لەوانە:

١ـ ئەنجامدانی پرۆسەی شووم و بەدناوی ئەنفال لەلایەن رژێمی بەعسەوە کە زیاتر لە (١٨٢) هەزار مرۆڤی کوردی تێدا بێسەرو شوێن کرا، بەپێشێل کردنی چەند بڕگەیەکی ماددەی دووی رێکەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨ دادەنرێت، کە عیراق ئەو رێکەوتننامەیەی ئیمزاو پەسەند کردووەو دەبوایە پێوەی پابەند بوایەو پێشێلی نەکردایە.

٢ـ بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ لەدژی گەلی کوردستان لەهەڵەبجەو چەند ناوچەیەکی تری کوردستان لەلایەن رژێمی بەعسەوە، لەرووی نێودەوڵەتییەوە قەدەغەیەو دەبوو عیراق پابەندی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی ئەو بوارە بوایە.

٣ـ شالاوی پاکتاوکردنی رەگەزیو راگواستنی هاوولاتیانی کوردو تورکمانو کلدۆ ئاشووریو پەیڕەوکردنی سیاسەتی تەعریب لەلایەن رژێمی بەعسەوە بەپێشێلکردنی رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان دادەنرێت، بەتایبەت رێکەوتننامەی نەهێشتنی هەموو شێوازێکی تەمییزی نەژادی کە عیراق بەرەسمی ئیمزای کردووە.

٤ـ گرتنو راونانو کوشتنی هەزاران مرۆڤی کوردو نەتەوەکانی تر لەلایەن رژێمی بەعسەوە پێشێلکردن ئاشکرای جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤو رێکەوتننامەکانی تری تایبەت بەپاراستنی مافی مرۆڤو مافی کەمینەکانو ئازادییە ئەساسییەکان دادەنرێت.

**دەسەڵاتی کوردو مافی کەمینەکان**

بێجگە لەکورد چەندین نەتەوەی دیکەی وەك تورکمان و کلدۆ ئاشوری وئەرمەن لەسەر خاکی کوردستان دەژین ، کە هەریەکەیان خاوەن ئایین و مەزهەبی تایبەتی خۆیەتی .

ئەوەی جێگەی سەرنجە کوردو نەتەوەکانی تر، سەرباری جیاوازی ئاینی و نەتەوەییان، سەدان ساڵە بەئاشتی وئارامی لەم نیشتمانەدا پێکەوە دەژین و هیچ کێشەو گرفتێکی ئەوتۆیان نەبووە.

لەدوای راپەرین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ، کە کورد حوکمڕانی ئەم هەرێمەی گرتە دەست، مافە رەواکانی ئەو نەتەوانەشی بەجوانترین شێوە پاراستو لەئەدەبیاتی کوردیشدا هەردەم بەنەتەوە ناویان هاتووەو هەرگیز بە کەمینەی نەتەوەییو ئایینی باس نەکراون. لەیەکەم پەرلەمانی کوردستاندا لەساڵی ١٩٩٢دا پێنج کورسی بۆ ئاشوری و مەسیحییەکانی کوردستان دابینکرا و لەحکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا پۆستی وەزارەتیان پێبەخشراو هەروەها زەمینەی ئەوە رەخسێنرا هەموو ئەو نەتەوانەی هەرێمی



کوردستان بە مافە سیاسی ومەدەنی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان شاد بن، ئەو هەڵوێستەی گەلی کورد وایکرد کە هەموو ئەو نەتەوانە بگەنە ئەو بڕوایەی کە لەگەڵ کورددا مافەکانیان پارێزراو دەبێت ، هەر بۆیەش لەم هەلبژاردنەی ئەمجارەی کوردستان و عیراقدا بەهاوبەشی لەلیستی کوردستاندا بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق و کوردستانیان کرد.

**عیراقی نوێو مەسەلەی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ**

پرۆسەی ئازادیی عیراق و روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری بەعس، کۆتایی بە قۆناغێکی تاریكو دزێو هێناو هەلومەرجێکی نوێی ژیانی ئازادی و دیموکراسی و فرەحزبی هێنایە ئاراوە، هەر لەو چوارچێوەیەداو لەئەنجامی گفتوگۆو مشتومڕی گەرمی نوێنەرانی عیراق ، دەستوورێکی کاتی نوێ بەناوی یاسای بەڕێوەبردنی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دانرا، لەو یاسایەدا لایەنی کەمی مافەکانی گەلانی عیراق دابینکراوە .

لەچەندین ماددەو بڕگەی ئەو یاسایەدا جەخت لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە ئەساسییەکان کراوەتەوە .

لە ماددەی ١٢ی یاساکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە هەموو هاوولاتیانی عیراق لە مافەکانیاندا یەکسانن بەبێ رەچاوکردنی رەگەز، را، باوەڕ ، نەتەوە، ئایین، مەزهەب و رەچەڵەك، هەموانیش لەبەردەم یاسادا یەکسانن. هەروەها ئەو یاسایە جەختی لەوەکردۆتەوە کە هەموو جیاکارییەك لەدژی هاوولاتیانی عیراق لەسەر بنەمای رەگەزی و نەتەوەیی و ئاینی و رەچەڵەك قەدەغەیە .

هەر لەو ماددەیەدا باسی ئەوە کراوە کە هەموو هاوولاتییەك مافی ئاسایش و ژیان و ئازادی تایبەت بەخۆی هەیەو نابێت هیچ کەسێك لەمافی ژیان و ئازادی بێبەش بکرێت، تەنها بەپێی یاسا نەبێت، هەموانیش لەبەردەم قەزادا یەکسانن.

لەماددەی ١٣ی یاساکەدا جەخت لەسەر دابینکردنی ئەم مافانە بۆ هاوولاتیان بەبێ جیاوازی کراوەتەوە :

١ـ زامنکردنی ئازادی گشتی و تاکەکەسی .

٢ـ زامنکردنی مافی ئازادی رادەربرین.

٣ـ زامنکردنی مافی ئازادی کۆبوونەوەی ئاشتیانە، ئازادی چوونە ناو کۆمەڵەکان ، مافی دروستکردنی حزب و سەندیکا بەئازادی.

٤ـ مافی ئازادی هاتوچۆ لەسەرانسەری عیراقدا ، مافی سەفەرکردن بۆ دەرەوەی ولات و گەرانەوە بۆی.

٥ـ مافی خۆپیشاندان و مانگرتنی ئاشتیانە بەپێی یاسا.

٦ـ مافی ئازادی بیرو راو ویژدان و باوەری ئاینی .

٧ـ قەدەغەکردنی کۆیلایەتی و بازرگانی کۆیلەو کاری زۆرە ملێ و خزمەتی بێگاری .

٨- پاراستنی تایبەتمەندی ژیانی تایبەتی هاوولاتیان.

بێجگە لەو مافانەی کە لەهەردوو مادەی (١٢و١٣)ی یاساکەدا ئاماژەیان پێکراوە ، لەماددەی ٢٣ی یاساکەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە بێجگە لەو مافانە، هاوولاتیانی عیراق هەموو ئەو مافانەشیان هەیە کە لەرێکەوتننامەو بەڵگەنامە نێودەولەتییەکاندا سەلێنراون و عیراق ئیمزای کردوون.

ئەگەرچی لەچەندین بەڵگەنامەو رێکەوتننامەی نێودەولەتیدا ، ئاماژە بەپاراستنی مافی کەمینەکان کراوەو کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانیش



لەساڵی ١٩٩٢دا راگەیاندنێکی تایبەتی سەبارەت بەو مەسەلەیە دەرکردووە و لەنێو ماددەدا جەختی لەسەر پاراستنی تەواوی مافەکانی کەمینەکان کردۆتەوە. بەلام تائێستا چەندین کەمینە لەچەندین دەولەتی جیا جیای جیهاندا لەمافە سەرەتاییەکانیان بێبەشن و رووبەرووی چەوسانەوەو سەرکوتکردن دەبنەوە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە میکانیزمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پاراستنی کەمینەکان کاریگەرو گونجاو نییە، بەبروای پسپۆرانی بواری یاسای نێودەولەتی، پێویستە نەتەوەیەکگرتووەکان کۆنگرەیەکی نێودەولەتی سەبارەت بەو مەسەلەیە ببەستێت ودواتریش رێکەوتننامەیەکی نێودەولەتی بەدەولەتانی ئەندام ئیمزا بکات و ناچارییان بکات کە پێوەی پابەند بن و بەجدی کار بۆ بەدیهێنانی مافەکانی کەمینەکان بکەن .

هەروەها پێویستە نوێنەرێکی تایبەت بەپاراستنی مافەکانی کەمینەکان لەبارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان هەبێت ، هەر وەك چۆن نوێنەری تایبەتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ هەیە.

نوێنەری کەمینەکان لە نەتەوەیەکگرتووەکان کاری سەرەکی لێکۆلینەوە بێت لە کێشەو گرفت و سکالاو پێشێلکارییەکانی مافەکانی کەمینەکان و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە.

ئاین رای کە سیاسییەکی خۆرئاواییە ، تێروانینێکی جوانی بۆ کەمینە هەیەو لەوبارەیەوە دەڵێت: (بچوکترین کەمینە فەردە، هەر دەولەتێك مافی فەرد دابین بکات بە دڵنیاییەوە مافی کەمینەش مسۆگەر دەکات ، هەر دەولەتێکیش نکولی لەمافی فەرد بکات ، ناتوانێت بانگەشەی پاراستنی مافی کەمینە بکات)..

*بەشێکە لە نامیلکەی (مافی کەمینەکان لەبەر رۆشنایی یاسای نێودەولەتی دا کە لەلایەن مەکتەبی بیرو هۆشیارییەوە لەساڵی ٢٠٠٥دا بلاوکراوەتەوە.

# ناوەندەکانی دەسەڵات لە عیراقی نوێ دا

بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق، دەوڵەتی عیراق لەقۆناغی گواستنەوەدا، لە سێ‌دەسەڵات پێك دێت و هەریەکەیان جیاو سەربەخۆن کەئەمانەن:

١ـ دەسەڵاتی یاسادانان(کۆمەڵەی نیشتمانی)

٢ـ دەسەڵاتی جێبەجێکردن(ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیران)

٣ـ دەسەڵاتی دادوەری فیدرالی

**یەکەم: دەسەڵاتی یاسادانان (کۆمەڵەی نیشتمانی)**

بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەو، دەسەڵاتی یاسادانان خۆی لەکۆمەڵەی نیشتمانیدا دەبینێتەوە کە پەرلەمانیشی پێ دەگوترێت، کۆمەڵەی نیشتمانی باڵاترین دەسەڵاتی یاسایی‌و شەرعی متمانە پێدراوی خەڵکەو هەژموونی بەسەر هەموو دامودەزگاکانی وڵاتدا هەیەو بۆی هەیە لەگەورەترین بەرپرسی هەرەمی دەسەڵات تا بچوکترین بەرپرسی بپرسێتەوەو لێپچینەوەی لەگەڵدا بکات‌و بەپێی یاسا سزای بدات. ئەمەش عورفێکی نوێیە لەژیانی سیاسی عیراقدا، چونکە لەقۆناغەکانی پێشوودابەگشتی و لەسەردەمی رژێمی بەعسدا بەتایبەتی، بەرپرسانی باڵای وڵات هەردەم لەسەرووی یاساوە بوون‌و خۆیان یاسایان بۆ قازانجی خۆیان‌و چەوساندنەوەی خەڵك دەرکردووەو پەرلەمان دەزگایەکی کارتۆنی‌و بێگیان بووەو بڕیارو یاساکانی بەرپرسانی باڵای پەسەند کردووەو هیچ رۆڵێکی ئەو تۆی لەداڕشتنی یاساو بڕیاردا نەبووە.



لەبەر رۆشنایی ماددەو بڕگەکانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا، دەتوانین هەژموون‌و دەسەڵات‌و باڵا دەستی کۆمەڵەی نیشتمانی یاخود پەرلەمان نوێی عیراق لەم چەند خاڵەدا چڕ بکەینەوە:

١ـ پەرلەمان تاکە دەزگای یاسادانانەو ئەرکی سەرەکی یاسادانان‌و چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش لەدوو ئەنجومەن پێك دێت ئەوانیش ئەنجومەنی سەرۆکایەتی‌و ئەنجومەنی وەزیرانە، پەرلەمان دەسەڵاتی تەواوی هەیە لەبەرپرس‌و ئەندامانی ئەو ئەنجومەنانە بپرسێتەوەو چاودێری کاروبارەکانیان بکات.

٢ـ پەرلەمان بۆی هەیە لەهەموو ئەو پرۆژەی یاسایانە بکۆڵێتەوە کە ئەنجومەنی وەزیران پێشنیازی دەکات، بۆی هەیە لەپرۆژەی یاسای تایبەتی بودجە بکۆڵێتەوەو جێگۆڕکێ بەبابەتەکانی بودجە بکات‌و دەتوانێت بڕی پارەی بودجەی گشتی کەمبکاتەوە یاخود پێشنیازی زیادکردنی خەرجییەکان بۆ ئەنجومەنی وەزیران بکات.

٣ـ بەبێ رەزامەندی پەرلەمان‌و داخوازی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، نابێت هێزی چەکداری عیراق بنێردێتە دەرەوەی وڵات، تەنانەت ئەگەر بۆ بەرگری لەدژی دەستدرێژی دەرەکیش بێت.

٤ـ بەستنی پەیماننامەو رێککەتننامەی نێوان عیراق‌و دەوڵەتانی دەرەوەو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەڕەزامەندی پەرلەمان دەبێت.

٥ـ پەرلەمان دەسەڵاتی هەڵبژاردن‌و متمانە بەخشینی بەدەستەی سەرۆکایەتی واتە (سەرکۆمارو دوو جێگرەکەی) هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان متمانە بەو ئەنجومەنە ببەخشن. ئەگەر پەرلەمان گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە هەریەك لەسەرکۆمار یاخود دوو جێگرەکەی بێتوانا یاخود

ناپاكن، دەتوانێت بەدەنگی سێ لەسەر چواری ئەندامانی لەپۆستەكانیان لایان ببات.

هەر كاتێكیش بۆشایی لەسەرۆكایەتیدا دروست بوو. پەرلەمان دەتوانێت بەدەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی كەسێك بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە هەڵبژێرێت.

٦ـ دوای دەست نیشانكردنی سەرۆك وەزیران لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆكایەتییەوە، دەبێت پەرلەمان بەزۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی متمانە بەسەرۆك وەزیرانو كابینەكەی ببەخشێت، ئەگەر لەماوەی دوو هەفتەدا ئەنجومەنی سەرۆكایەتی نەیتوانی لەسەر كاندیدكردنی سەرۆك وەزیران رێك بكەوێت، ئەركی كاندیدكردنی سەرۆك وەزیران دەكەوێتە ئەستۆی پەرلەمانو دەبێت بەدەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەستنیشانی بكات.

٧ـ پەرلەمان دەسەلاَتی ئەوەی هەیە، كە متمانە لەسەرۆك وەزیرانو وەزیرەكان بەتەنها یاخود بەكۆمەڵ بسەنێتەوە.

٨ـ پەرلەمان دەسەلاَتی دانانی بودجەیەكی سەربەخۆو تەواوی بۆ دەسەلاَتی دادوەری هەیە.

٩ـ پەرلەمان دەسەلاَتی لێكۆڵینەوەو پەسەندكردنی پێكهێنانی هەر هەرێمێكی فیدراڵی هەیە، بەمەرجێك ئەو هەرێمانە هەردوو پارێزگای بەغداو كەركوكی تێدا نەبێت.

پاش رەزامەندی پەرلەمان بۆ پێكهێنانی هەرێمێكی (فیدراڵ) پێویستە دانیشتوانی پارێزگاكانی سنووری هەرێمە فیدرالییەكە لەریفراندۆمێكدا رەزامەندی لەسەر نیشان بدەن.



١٠ـ پەرلەمان لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی سەرۆكایەتیو ئەنجومەنی وەزیران، لەكێشەی گۆرانكاری سنووری ئیداری ئەو ناوچانە دەكۆڵێتەوە كە لەماددەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا ئاماژەیان پێدراوە، لەو چوارچێوەیەدا دەتوانین گۆرانكارییە ئیدارییەكانی پارێزگای كەركوك بە نموونە بهێنێتەوە.

١١ـ ئەركی سەرەكیو میحوەری پەرلەمان ئامادەكردنی رەشنووسی دەستوری هەمیشەییە، هەروەها پەرلەمان زەمینە خۆش دەكات بۆ ئەوەی گفتوگۆی تێرو تەسەل لەڕێی كۆبوونەوەی ئاشكراو دەوریو دەزگاكانی راگەیاندنەوە لەسەرانسەری عیراقدا دەربارەی دەستوور بكرێت.

پێویستە پەرلەمان تا رۆژی ١٥/٨/٢٠٠٥ رەشنووسی دەستوورەكە ئامادە بكاتو رۆژی ١٥/١٠/٢٠٠٥ لەڕێی راپرسییەوە گەلانی عیراق پەسەندی بكەن.

ئەگەر دوو لەسەر سێی دەنگدەرانی سێ پارێزگا دەستوورەكە رەت بكەنەوە، پەرلەمان هەڵدەوەشێتەوەو دەبێت هەڵبژاردنێكی نوێ ئەنجام بدرێت.

١٢ـ سەرۆكی پەرلەمان تا ١/٨/٢٠٠٥ دەتوانێت بەدەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی، بۆ ئەنجومەنی سەرۆكایەتی دووپات بكاتەوە، كە نوسینەوەی دەستوور كاتی زیاتری پێویستە، لەو كاتەدا ئەنجومەنی سەرۆكایەتی دەتوانێت تەنها بۆ یەكجار بۆ ماوەی شەش مانگ كاتی نووسینەوەی دەستوور درێژە بكاتەوە.

**دووەم: دەسەلاَتی جێبەجێكردن**

دەسەلاَتی جێبەجێكردن لەقۆناغی گواستنەوەدا لەئەنجومەنی سەرۆكایەتیو ئەنجومەنی وەزیران پێك بێت.

**١. ئەنجومەنی سەرۆكایەتی**

دەتوانین رۆڵ و دەسەلاَتی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی لەدوو توێی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق هەڵبهێنجین .

بەپێی ماددەی (٣٥)ی یاساکە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەدوو ئەنجومەن پێك دێت، ئەوانیش ئەنجومەنی سەرۆکایەتیو ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەسەرکۆمار دووجێگر پێك دێت.

- بەپێی بڕگەی(أ)ی ماددەی (٣٦)ی یاساکە، کۆمەڵەی نیشتمانی سەرکۆمارو دوو جێگرەکەی بەیەك لیستو بەزۆرینەی دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێت. بەپێی بڕگەی (ج)ی ماددەی (٣٦)ی هەمان یاسا هەموو بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەکۆی دەنگ دەدرێت.

ئەمەش ئەرك و دەسەڵاتی ئەنجومەنی سەرۆکایەتییە:

١. ئەرکی سەرەکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نوێنەرایەتیکردنی سەروەری عیراقو سەرپەرشتیکردنی کاروبارە باڵاکانی وڵات دەبێت.

٢ـ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی ڤیتۆکردنی هەر یاسایەکی هەیە کە کۆمەڵەی نیشتمانی دەریدەکات. ئەمەش لەدوای (١٥) ڕۆژ لەمێژووی ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانییەوە لەو یاسایە. لەدوای ڤیتۆکردن یاساکە دەگێڕدرێتەوە بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی، ئەویش سەرلەنوێ دەتوانێت دوو لەسەر سێی ئەندامانی لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا پەسەندی بکاتەوە، ئیدی بواری تانوت لێدانی نابێت لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتییەوە.

٣ـ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی مافی دەست نیشانکردنو ناونانی سەرۆك وەزیرانی بەکۆی دەنگی ئەندامانی هەیەو دواتر کۆمەڵەی نیشتمانی متمانەی پێدەبەخشێت.

٤ـ بەرەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی وەزیران نوێنەران دەست نیشان دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەستنی پەیماننامەو ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی، هەر لەوچوارچێوەیەدا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمەڵەی نیشتمانی ڕادەسپێرێت بۆ دەرکردنی یاسا بۆ پەسەندکردنی ئەو پەیماننامەو ڕێکەوتننامانە.



٥ـ لەبۆنەو ئاهەنگەکاندا ،ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەرکی سەرکردایەتی باڵای هێزە چەکدارەکانی لەئەستۆدایە.

هەرچەند ئەو ئەنجومەنە لەکاتی تردا مافی فەرماندەیی ئەو هێزانەی نییە، بەڵام ماف ئاگاداربوونو پرسیارکردنو راوێژدانی هەیە، ئەرکی فەرماندەیی لەئەستۆی سەرۆك وەزیرانو وەزیری بەرگریو فەرماندە باڵاکانی سوپایە.

٦ـ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، دەسەڵاتی دامەزراندنی سەرۆكو ئەندامانی دادگای باڵای هەیە.

٧ـ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، لەسەر راسپاردەی دەزگای نەزاهەتی گشتیو لەدوای پەیڕەوکردنی ڕێو شوێنی یاسایی، دەتوانیت ئەندامی ئەنجومەنی وەزیرانو تەنانەت سەرۆك وەزیرانیش لاببات.

٨ـ بەرەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی وەزیران، بەرێوەبەری گشتی دەزگای هەواڵگریو گەورە ئەفسەرانی سوپا لەعەمید بەرەو ژوور دادەمەزرێنێت.دواتر ئەو دامەزراندنانە لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانییەوە بەزۆرینەی سادەی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو پەسەند دەکرێت.

٩ـ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ڕۆڵی لەچارەسەرکردنی کێشەکانی دوو توێی ماددەی (٥٨)ی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا هەیە، لەوچوارچێوەیەدا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەگەڵ حکومەتی گواستنەوەدا دەتوانیت راسپاردە پێشکەش بە کۆمەڵەی نیشتمانی بکات بۆ چارەسەرکردنی گۆرانکارییەکانی سنورە ئیدارییەکانی ئەو ناوچانەی لەو ماددەیەدا هاتووە. ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەیتوانی لەسەر ئەو مەسەلەیە ڕێك بکەوێت، دەبێ بەکۆی دەنگ ناوبژیوانێکی بێلایەن دابمەزرێنێت بۆ لێکۆلینەوە لەکێشەکەو پێشکەشکردنی راسپاردە، ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەیتوانی لەسەر ناوبژیوانی بێلایەن ڕێك

بکەوێت، دەبێت داوا لەسکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئەوەی کەسایەتیەکی نێودەوڵەتی ناودار بۆ ئەو ناوبژیوانییە دەست نیشان بکات.

١٠.ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، دامەزراندنی بریکاری وەزارەتەکان و باڵوێزو فەرمانبەرە پلە تایبەتییەکان پەسەند دەکات لەدوای ئەوەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆی بەرز دەکرێتەوە.

١١- ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، لەسەر داخوازی سەرۆك و بەرەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی، بۆ یەکجار دەسەڵاتی درێژکردنەوەی ماوەی نووسینەوەی رەشنووسی دەستووری هەیە بۆ شەش مانگو نابێت ئەوە ماوەیە جارێکی تر درێژ بکرێتەوە.

١٢- پەسەندکردنی یاسای تایبەت بەهەموارکردنی ماددەو برگەکانی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراق، بەمەرجێك ئەو هەموارکردنە نەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ماف و ئازادییەکان ، یاخودکەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان و پارێزگاکان، یاخود کاریگەری لەرۆڵی دەستووری ئاین هەبێت ، یا ماوەی گواستنەوە درێژ بکاتەوە، یا سازدانی هەڵبژاردن دواخات.

١٣- لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری و لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران،ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی لابردنی دادوەرەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵا دادوەری هەیە لەکاتی ئیدانەکردنیان بەتاوانێکی ئابڕووبەریا تووشبوونی بەعەجزی هەمیشەیی.

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، کەسەرکۆمار سەرۆکایەتی دەکات، ئەو هەموو ئەرکو دەسەڵاتانەی هەیە کە لەماددەکانی یاسای بەرێوبردنی دەوڵەتی عیراقدا دیاریکراون.



**٢. ئەنجومەنی وەزیران**

ئەنجومەنی وەزیران لەسەرۆکی ئەنجومەنو وەزیرەکانی کابینەکەی پێك دێتو بڕیارەکانی ئەنجومەن بە زۆرینەی سادەی ئامادەبوان دەدرێت.

سەرۆك وەزیران لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتییەوە بەکۆی دەنگ دەست نیشان دەکرێتو دواتر سەرۆك وەزیران ئەندامانی کابینەی دەست نیشان دەکات پاشان دەبێت کۆمەڵەی نیشتمانی بەزۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی متمانە بە سەرۆكو کابینەی وەزیران ببەخشێت.

بەشێوەیەکی حەسری حکومەتی عیراق لە قۆناغی گواستنەوەدا، ئەم دەسەڵاتانەی هەیە، کە بەدەسەڵاتی سیادی ناسراون:

١- داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەو نوێنەرایەتی دبلۆماسی، گفتوگۆکردن سەبارەت بە پەیماننامەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانو ئیمزاکردنیان، داڕشتنی سیاسەتی ئابووریو بازرگانی دەرەکیو سیاسەتی قەرزکردنی سیادی.

٢- دانانو جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی، لەوانە پێکهێنانی هێزی چەکدارو بەردەوامی پێدان بۆ دابینکردنو پاراستنی ئاسایشی سنورەکانی وڵاتو بەرگریکردن لەعیراق.

٣- داڕشتنی سیاسەتی داراییو دەرکردنی دراو، رێکخستنی گومرگو سیاسەتی بازرگانیو دانانی بودجەی گشتی دەوڵەتو دارشتنی سیاسەتی دراویو دامەزراندنو بەڕێوەبردنی بانکی ناوەندی.

٤- رێکخستنی کاروباری پێوانەو کێشو داڕشتنی سیاسەتێکی گشتی بۆ کرێ.

٥- سەرپەرشتی کردنی سامانە سروشتیەکانی عیراق.

٦- رێکخستنی کاروباری رەگەزنامەی عیراقیو کۆچو پەنابەری.

٧- رێکخستنی سیاسەتی پەیوەندیکردن.

بێجگەلەو دەسەڵاتە سیادیانە ، ئەنجومەنی وەزیران ئەم دەسەڵاتانەشی هەیە:

١ـ ئەنجومەنی وەزیران پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، نوێنەر دەست نیشان دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەستنی پەیماننامەو ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی.

٢ـ ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی بەرگریو فەرماندە سەربازییەکان، ئەرکی فەرماندەیی کردنی فیعلی هێزە چەکدارەکانیان هەیە.

٣ـ ئەنجومەنی وەزیران پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، دەسەڵاتی دامەزراندنی بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی هەواڵگری گشتیو گەورە ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکانی عیراقی لەعەمید بەرەو ژووری هەیە، دواتر دەبێت کۆمەڵەی نیشتمانی بەدەنگی زۆرینەی سادەی ئەندامانی ئەو دامەزراندنانە پەسەند بکات.

٤ـ ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی پێشنیازکردنی پرۆژەی یاسای بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی هەیە.

٥ـ ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی پاڵاوتنی بریکاری وەزیرو باڵوێزو فەرمانبەرە پلە تایبەتەکانی بۆ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەیە.

٦ـ سەرۆك وەزیران بەرەزامەندی زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی دەتوانێت وەزیرەکان لەسەر کار لاببات.

٧ـ بەپێی فەرمانی ژمارە(١٠٠)ی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان، سەرۆك وەزیران هەموو دەسەڵات و پسپۆڕییەکانی بەڕێوەبەری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانی لەیاساو سیستم و ڕێنمایی بۆ دەگوێزرێتەوە.



٨ـ بەپێی یاسای بەرگری سەلامەتی نیشتمانی، سەرۆك وەزیران دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی ودرێژکردنەوەو پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی تایبەت بەو یاسایەی هەیە.

ئەنجومەنی وەزیران لەبەردەم کۆمەڵەی نیشتمانیو ئەنجومەنی سەرۆکایەتیدا بەرپرسە لەوچوارچێوەیەدا:

١ـ کۆمەڵەی نیشتمانی مافی وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزیرەکانی بەتاكو کۆ هەیە، ئەگەر متمانە لەسەرۆك وەزیران وەربگیرێتەوە کابینەی وەزیران بەگشتی هەڵدەوەشێتەوە.

٢ـ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەسەر ڕاسپاردەی دەستەی نەزاهەتی گشتیو پاش گرتنە بەری ڕێوشوێنی یاسایی، دەسەڵاتی لابردنی وەزیرو تەنانەت سەرۆك وەزیرانیشی هەیە.

### سێیەم: دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی

بەپێی ماددەی (٤٣)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق قەزا سەربەخۆیەو لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنو تەنانەت وەزارەتی دادیشەوە بەڕێوەنابرێت.

قەزا بە تەواوی سەربەخۆیەو بەپێی یاسا دەسەڵاتی تەواوی بڕیاردانی لەسەر تاوانباری یان بێتاوانی تۆمەتبار هەیەو دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردن بە هیچ جۆرێك بۆیان نییە دەست لەکاروباری قەزا وەربدەن.

بۆ ئەوەی سەربەخۆیی قەزا پارێزراو بێت، کۆمەڵەی نیشتمانی بودجەیەکی سەربەخۆی بۆ دادەنێت.

دامەزراندنی ئەم دادگایە تایبەتە بە حکومەتی فیدراڵی.

بەپێی ماددەی (٤٤)ی یاسای بەڕێوەبردن، پسپۆریەکانی دادگای باڵای فیدراڵی ئەمانەن:

١ـ دەعواکانی نێوان حکومەتی گواستنەوەی عیراقو حکومەتی هەرێمەکان، یاخود ئیدارەی پارێزگاکانو شارەوانیەکانو ئیدارەی ناوخۆییەکان، لەپسپۆڕی حەسریو ئەسڵی ئەم دادگایە.

٢ـ دەعوای هەر داواکارێك یاخود هەر داوایەك لەدادگایەکی ترەوە رەوانە کرابێت تێیدا ئاماژە بەوە کرابێت کە یاسا یا سیستم یا رێنماییەکی حکومەتی فیدراڵی، یا حکومەتەکانی هەرێمەکان، یا ئیدارەی پارێزگاکانو ئیدارە ناوخۆییەکان لەگەڵ ئەم یاسایەدا ناگونجێت، ئەوە لەپسپۆڕی حەسریو ئەسڵی ئەم دادگایە.

٣ـ دەسەڵاتی پێداچوونەوەی خەملاندنی دادگای باڵای فیدراڵی بەیاسایەکی فیدراڵی دیاری دەکرێت.

٤ـ ئەگەر دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاریدا یاسایەك یا سیستمێك یا رێنماییەك لەگەڵ ئەم یاسایەدا ناگونجێت، ئەوە ئەو یاسا یا سیستم یا رێنماییە، بەهەڵوەشاوە لەقەڵەم دەدرێت.

٥ـ دادگای باڵای فیدراڵی سیستمێك بۆ خۆی دادەنێتو بڵاوی دەکاتەوە بۆ رێو شوێنی پێویست بۆ بەرزکردنەوەی داواو رێگەدان بە پارێزەرەکان بۆ مورافەعەکردن لەبەردەمیدا، ئەم دادگایە بڕیارەکانی بەزۆرینەی سادە دەدات، بێجگە لەو بڕیارانەی تایبەتن بەو داوایانەی لەبڕگەی (ب ـ ١)ی ماددەی (٤٤) داهاتوون کە دەبێت بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەکان بێتو مولزەمیشەو دەسەڵاتی رەهای جێبەجێکردنی بڕیارەکانی هەیەو لەناویاندا دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیاری بانگهێشتکردنی هەر کەسێك بۆ بەردەم دادگاو ئەو رێو شوێنانەی لێی دەکەوێتەوە.

٦ـ دادگای باڵای فیدراڵی لەنۆ ئەندام پێك دێت، ئەنجومەنی باڵای دادوەری بەشێوەیەکی سەرەتاییو بەراوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی قەزای هەرێمەکان لانی کەم



هەژدە تا بیستو حەوت کەس کاندید دەکات بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی پۆستەکانی دادگای ناوبراو، بەهەمان شێواز دواتر سێ ئەندام دەپاڵێوێت بۆ هەر شاغرێکی تر کە بەهۆی مردن یاخود دەست لەکار کێشانەوە یاخود لابردن دروست دەبێت.

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەندامانی ئەم دادگایە دادەمەزرێنێتو یەکێکیان دەکات بەسەرۆکی دادگاکە، لەکاتی رەتکردنەوەی هەر کام لەم دامەزراندنانە، ئەنجومەنی باڵای قەزا سێ کەسی تر دەپاڵێوێت.

بەپێی ماددەی (٤٥)ی یاساکە، ئەنجومەنی باڵای قەزا دروست دەکرێتو رۆڵی ئەنجومەنی دادوەری دەبینێت ئەنجومەنی باڵای دادوەری سەرپەرشتی دادوەری فیدراڵی دەکاتو بودجەی ئەنجومەن بەرێوە دەبات.

ئەم ئەنجومەنە لەسەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵیو سەرۆكو جێگرانی دادگای تەمیزی فیدراڵیو سەرۆکەکانی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی فیدراڵیو سەرۆكو هەر دوو جێگری هەریەك لەدادگاکانی تەمیزی هەرێمەکان پێك دێت، سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵای دادوەری دەکاتو لەکاتی ئامادەنەبوونیشدا سەرۆکی دادگای تەمیزی فیدراڵی سەرۆکایەتی ئەو ئەنجومەنە دەکات.

بەپێی بڕگەی(أ)ی ماددەی (٤٦)ی یاساکە، دەزگای دادوەری فیدراڵی، دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەخۆدەگرێتو لەوانە دادگاکانی پلەیەكو دادگای تاوانی تایبەتو دادگاکانی پێداچوونەوەو دادگای تەمیز کە دوای پلەی دادگاکانەو بەدەر لەوەی کە لەماددەی (٤٤)ی ئەم یاسایەدا هاتووە. دەشکرێت دادگای فیدراڵی زیاتر بەیاسا دابمەزرێت. دادوەرانی ئەم دادگایانە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەرییەوە دادەمەزرێن.ئەم یاسایە شایستەیی پێویستی دامەزراندنی ئەم دادوەرانە دەپارێزێت کە یاسا دیاری کردووە.

بەپێی بڕگەی (ب)ی هەمان ماددەی پێشوو، بڕیارەکانی دادگا هەرێمایەتیو ناوخۆییەکان بەداگاکانی هەرێمی کوردستانیشەوە بەیەکلایی کەرەوە دادەنرێن، بەڵام ئەگەر پێچەوانەی ئەم یاسایە یان هەر یاسایەکی فیدراڵی بێت، دەبێت ملکەچی پێداچوونەوەی دادوەری فیدراڵی بێت.

بەپێی ماددەی (٤٧)ی یاساکە، ناکرێت دادوەر یا ئەندامی ئەنجومەنی باڵای دادوەری لابرێت، تەنها لەو کاتانەدا نەبێت بەتاوانێکی ئابڕووبەر یا گەندەڵی تاوانبار کرابێت، یاخود تووشی پەککەوتەیی هەمیشەیی بوو بێت.

لابردنیشی لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی باڵای دادوەریو بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانو بەرەزامەندیی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەبێت.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(٣٧٠٠)لە١٧/٦/٢٠٠٥



# پێگەو دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەزموونێکی نوێیە لەمێژووی عێراقدا، ئەم ئەنجومەنانە لەسنووری پارێزگاکاندا دەسەڵاتی باڵایان هەیەو زۆربەی کاروبارە ئیدارییەکان لەژێر دەسەڵاتی ئەواندایەو ئەگەر بەباشی ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێ بکەن، رۆڵی دیارو بەرچاویان لەپێشخستنی پارێزگاکاندا دەبێت.

لەبەر گرنگی ئەم ئەنجومەنانە بەپێویستمانزانی تیشک بخەینە سەر ئەوبڕگانەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق و فەرمانی ژمارە (٧١)ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان کە تایبەتن بەدەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکانو ئیدارە ناوخۆییەکانی ترو بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی پارێزگاکان پشتییان پێبەستراوە.

**یەکەم: شوێنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا**

ئەگەر بەوردی سەیری ماددەو بڕگەکانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆقۆناغی گواستنەوە بکەین، دەبینین لەچەندین ماددەو بڕگەی ئەو یاسایەدا ئاماژەبەئەنجومەنی پارێزگاکان کراوە، لەو چوارچێوەیەدا باسی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدراڵیو ناوەندە جیاجیاکانی دیکەی دەسەڵاتدا کراوە، ئەوەش بەمەبەستی ئەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لەبەغداو لەلای حکومەتی فیدراڵی چڕنەبێتەوە، بەڵکو وەکو ماددەی چواری یاساکە ئاماژەی پێدەکات دەبێت دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدراڵیو حکومەتی هەرێمەکانو پارێزگاکانو شارەوانییەکانو بەڕێوەبەرایەتییە خۆماڵییەکاندا دابەش بکرێت. ئەمەش وادەکات کەکارەکان بە بەخێرایيو رێکوپێکی بەڕێوەبچێتو بۆهەموو بڕیارێک چاوەڕوانی حکومەتی فیدراڵی نەکرێت.

ماددەی (٢١)ی یاساکە جارێکی تر ئاماژە بەدابەشکردنی دەسەڵاتەکان دەکاتەوە ناوی حکومەتی کاتیو حکومەتی هەرێمەکانو پارێزگاکانو شارەوانییەکان دەهێنێو دەڵێ نابێت ئەو دەسەڵاتانە بەهیچ جۆرێك دەست وەربدەن لەمافەکانی گەلانی عیراق لەرووی گەشەپێدانی دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، ئەوەش بەهاوکاری رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی کۆمەڵی مەدەنی بێت یاخود بەهەر شێوازێکی تر، ئەمەش جەخت لەسەر سەربەخۆیی ئەو دەسەڵاتانە دەکاتەوە بۆئەوەی بەئازادی لەسنووری دەسەڵاتی خۆیاندا گەشە بەدامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بدەن.

ماددەی(٢٢) یاساکە، باسی ئەوە دەکات، کەکاربەدەستی هەردەزگایەکی حکومی، لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی یا حکومەتی هەرێمەکانو پارێزگاکانو شارەوانییەکان، ئەگەر لەکاتی کارکردندا، کەسێك یان کۆمەڵێك لەو مافانە بێبەش بکات کە لەیاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتدا، یان هەریاسایەکی تری کارپێکراوی عیراقدا هاتووە، ئەو کەسە یان ئەو کۆمەڵە مافیان هەیە سکاڵا لەسەر ئەو کاربەدەستە تۆماربکەنو داوای قەرەبووی ئەو زیانانەی لێ بکەنەوە کە لەئەنجامی ئەو کارەدا لێیان کەوتووە.

ماددەی(٥٢)ی یاساکە باسی ئەوە دەکات کەپێکهاتەی سیستمی فیدراڵی بەشێوەیەك دەبێت کەرێگربێت لەچڕبوونەوەی دەسەڵات لەلای حکومەتی فیدراڵی بەغدا، هەرلەو ماددەیەدا هانی کاربەدەستانی هەرێمو پارێزگاکان دەدرێت کەدەسەڵاتی خۆماڵی خۆیان پیادە بکەن.

بەپێی برگەی(ج)ی ماددەی (٥٦)ی یاساکە ئاماژە بەوە دەکات کەچەند دەرفەت هەبێت حکومەتی فیدراڵی بە بەرنامە لەسەر بنەمای لامەرکەزی دەسەڵاتی زیاتر دەدات بەهەرێمو پارێزگاکان بەحکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە.



برگەی (أ)ی ماددەی(٥٧)ی یاساکە دەڵێت ئەو دەسەڵاتانەی کەحەسرنەکراون بۆحکومەتی فیدراڵی، دەکرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمەکانو پارێزگاکانەوە پیادە بکرێت.

برگەی (ب) ماددەی (٥٧)ی یاساکە ئاماژەی بەوە کردووە کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی هەردوو ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقو کوردستان لەیەك رۆژدا ئەنجام دەدرێن ئەوە بوو رۆژی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ هەرسێ هەڵبژاردنەکە ئەنجام دران.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لەعیراق سیستمی ژمارە(٨)ی تایبەت بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی دەرکردووە، کۆمسیۆنەکە بۆدەرکردنی ئەو سیستمە پشتی بەستووە بەیاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراقی بۆقۆناغی گواستنەوەو یاسای هەڵبژاردنو یاسای حزبەکانو قەوارە سیاسیەکانو یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

### سیستمی هەڵبژاردنی پارێزگاکان

لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، هەرپارێزگایەك بەناوچەیەکی هەڵبژاردن دادەنرێت، کورسییەکان لەهەر ئەنجومەنی پارێزگایەکدا بەسەر قەوارە سیاسییە سەرکەوتووەکاندا بەپێی سیستمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی رێژەیی دابەش دەکرێت، واتە کورسییەکان بەهەمان شێوازی دابەشکردنی کورسیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی دابەش دەکرێتو کورسییەکان دەدرێت بەخودی پاڵێوراوە سەرکەوتووەکان نەك ئەو قەوارە سیاسییانەی کەلیستی ناوی ئەو پاڵێوراوانەی لەخۆگرتووە.

مەرجەکانی دەنگدەر بۆهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەمان ئەو مەرجانەیە کەبۆ دەنگدەرانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بەپێی ماددەی(١١)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق دانراوە، کە ئەمانەیە:

١ـ هەر کەسێ خاوەن ڕەگەزنامەی عیراقی بێت، بە هاووڵاتی عیراق ئەژمێردرێتو، هاوڵاتیی بوونیشی هەموو ئەو مافو ئەرکانەی ئەداتێ کە لەم قانونەدان، هاووڵاتی بوونەکەشی بنچینەی پەیوەندییەتی بە نیشتمانو وڵاتەوە.

٢ ـ نابێت ڕەگەزنامەی عیراقی لەعیراقی بسەندرێتەوە ونابێت دووربخرێتەوە، جگە لەو هاووڵاتییانەی خاوەن ڕەگەزنامەی دووەمنو لەدادگەدا لەسەریان دەسەلمێنرێت کە لەداواکاریی ڕەگەزنامەدا، زانیاریی بنەڕەتیی درۆیان داوەو بەو پێیە ڕەگەزنامەیان وەرگرتووە.

٣ ـ عیراقی مافی ئەوەی هەیە لەرەگەزنامەیەك زیاتری هەبێتو هەر عیراقییەك بە هۆی وەرگرتنی ڕەگەزنامەیەکی ترەوە ڕەگەزنامە عیراقییەکەی لێسەندرابێتەوە بەعیراقی ئەژمێردرێت.

٤ ـ ئەو عیراقییەی بەهۆی سیاسیی، ئایینی ڕەگەزی یان تایەفەگەریی ڕەگەزنامەی لێسەندرابێتەوە، مافی ئەوەی هەیە وەریبگرێتەوە.

٥ ـ بڕیاری ژمارە ٦٦٦ ساڵی (١٩٨٠)ی ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی سەرکردایەتی شۆڕش، پووچەڵ ئەکرێتەوەو هەر کەسێك بەو بڕیارە ڕەگەزنامەی لێسەندرابێتەوە عیراقییە.

٦ ـ ئەبێت ئەنجومەنی نیشتمانیی، قانونی گونجاو لەگەڵ بڕگەکانی ئەم قانونەدا دەربکات سەبارەت بەرەگەزنامەو ڕەگەزنامە وەرگرتن.

٧ـ دادگاکان لەهەموو ئەو ناکۆکییانە ئەکۆڵنەوە کە بەهۆی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی تایبەت بەرەگەزنامە سەرهەڵئەدەن.



بێجگەلە لەو مەرجانە تەنها یەك مەرجی تر بۆ دەنگدەر بەئەنجومەنی پارێزگاکان زیادکراوە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ دەنگدەر ناوی لەتۆماری دەنگدەرانی ئەو پارێزگایە تۆمار کرابێو دانیشتووی ئەوێ بێت.

ـ ژمارەی کورسییەکانی هەموو پارێزگاکانی عیراق (٤١) کورسییە، تەنها پارێزگای بەغدا نەبێت ژمارەی کورسییەکانی (٥١) کورسییە.

سەبارەت بەمەرجەکانی پاڵێوراویش بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، پێویستە هەمان ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە بۆ پاڵێوراوانی ئەنجومەنی نیشتمانی بەپێی ماددەی (٣١)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق دیاریکراوە، کە ئەمانەن:

١ـ عیراقی بێتو تەمەنی لە (٣٠) ساڵ کەمتر نەبێت.

٢ـ ئەندامی حزبی بەعسی هەڵوەشاو نەبووبێت بە پلەی ئەندام فیرقە یان بەرزتر، مەگەر بەپێی بنەما قانونییەکان هەڵاوێردرێت.

٣ـ ئەگەر پێشتر ئەندامی حزبی بەعسی هەڵوەشاو بووبێت بەپلەی ئەندامی کارگێڕ ئەبێت پاکانەیەك لەحزبی بەعس بنووسێتو، پاکانە لەهەموو ئەو پەیوەندیانەی پێشووی بکات، پێش ئەوەی مافی خۆکاندیدکردنی هەبێت، سوێندیش بخوات کە مامەڵەو پەیوەندی بە ڕێکخراوەکانی حزبی بەعسەوە ناکات، ئەگەر لەدادگەدا سەلمێنرا کە لەم بارەیەوە درۆو فێڵی کردووە، کورسییەکەی لەکۆمەڵەی نیشتمانی لەدەست ئەدات.

٤ـ نابێت ئەندامی دەزگا سەرکوتکەرەکانی پێشوو بووبێت، یان لەوانەی دەستیان هەبووە یان بەشدارییان کردووە لەچەوساندنەوەی هاووڵاتیاندا.

٥ـ بەشێوەیەکی نارەوا دەوڵەمەند نەبووبێت لەسەر سامانی نیشتمانو دارایی گشتی.

٦ـ بەتاوانێكی ئابڕووبەر حوكم نەدرابێتو ناوبانگی باش بێت.
٧ـ لانی كەم بڕوانامەی دواناوەندی یان بەرامبەرەكەی هەبێت.
٨ـ نابێت لەكاتی خۆكاندیدكردندا ئەندامی هێزە چەكدارەكان بێت.

بێجگە لەو مەرجانە پێویستە پاڵێوراوی ئەنجومەنی پارێزگاكان ئەم دوو مەرجەشی تێدا بێت.

١ـ دەبێ پاڵێوراو دانیشتووی ئەو پارێزگایە بێت كە خۆی بۆ ئەنجوومەنەكەی پاڵاوتووە.
٢ـ نابێت پاڵێوراو خۆی بۆ هیچ هەڵبژاردنێكی دیكەی ئەم خولەی ئێستای هەڵبژاردن پاڵاوتبێت.

**شێوازی خۆپاڵاوتن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاكان**

ـ قەوارە سیاسییەكان یان ئیئتلافی قەوارە سیاسییەكان لیستی پاڵێوراوانیان پێشكەش بەكۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان دەكەن بۆ پەسەندكردنیان، لەهەر لیستێكدا (تەنها فەرد نەبێت كەوەك قەوارەیەكی سیاسی پەسەندكراوە)، دەبێ بەلایەنی كەمەوە ناوی ژنێك لەسێ ناوی یەكەمی لیستەكەدا هەبێت، یاخوود بەلایەنی كەمەوە ناوی دوو ژن لەشەش ناوی یەكەمی لیستەكەدا هەبێت.

ـ نابێ ژمارەی ناوی پاڵێوراوەكان لەهەر لیستێكدا (بێجگە لەفەرد كەوەك قەوارەی سیاسی پەسەندكراوە) لە ٣ كەس كەمتر بێتو لەژمارەی كورسییەكانی ئەنجومەنی پارێزگا زیاتر بێ

**ئەركو بایەخی ئەنجومەنی پارێزگاكان**

١ـ بەپێی ماددەی (٢١)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق دەبێت ئەنجومەنی پارێزگاكان ڕێز لەمافەكانی هاووڵاتیان بگرنو ئەگەر ئەو مافانەیان پێشێل كرد تووشی لێپرسینەوەی یاسایی دەبن.



٢ـ بەپێی ماددە (٥٢) ی یاساكە ئەنجومەنی پارێزگاكان دەتوانن لەسنوری پارێزگاكانی خۆیاندا دەسەڵاتی خۆماڵی خۆیان پیادە بكەن.
٣ـ بەپێی بڕگەی (أ)ی ماددەی (٥٦)ی یاساكە، ئەنجومەنی پارێزگاكان دەتوانن یارمەتی حكومەتی فیدراڵ بدەنو هاوئاهەنگی لەگەڵدا بكەن لەو كارانەی وەزارەتی فیدراڵ كە لەسنووری پارێزگاكەیاندا ئەنجامی دەدات، لەوانە پێداچوونەوەی پلانی ساڵانەو بودجەی تایبەت بە چالاكییەكانی لەو پارێزگایەدا.
٤ـ ئەنجومەنی پارێزگاكان لەبودجەی گشتی دەوڵەت خەرجییان بۆ دابین دەكرێت.
٥ـ ئەنجومەنی پارێزگاكان دەسەڵاتیان هەیە لەڕێی باجو ڕەسمەوە بەشێوەیەكی سەربەخۆ داهاتیان زیاد بكەن.
٦ـ ئەنجومەنی پارێزگاكان دەسەڵاتیان هەیە لەسەر ئاستی پارێزگا بەتەنها پڕۆژە جێبەجێ بكەن یاخود بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێكخراوە نێودەوڵەتیو ناحكومییەكان، هەروەها ئەنجامدانی هەر چالاكییەكی تر كە لەگەڵ یاسای فیدراڵیدا بگونجێت.
٧ـ نوێنەرایەتی ئەنجومەنی پارێزگاكان لەنزیكەوە ئاگاداری كێشەو پێداویستی خەڵكی سنورەكانیانن و دەتوانن لەڕێی ئەو ئەنجومەنانەوە داواو گرفتو پێداویستی پارێزگاكانیان بخەنە ڕوو، هەوڵی پێشخستنی پارێزگاكانیان لەهەموو ڕوویەكەوە بدەن.

دووەم:شوێنی ئەنجومەنی پارێزگاكان لە فەرمانی ژمارە(٧١)ی بریمەردا

ڕۆژی ٦ی نیسانی ٢٠٠٤، پۆڵ بریمەری سەرۆكی دەسەڵاتی كاتی هاوپەیمانان فەرمانی ژمارە (٧١)ی تایبەت بەدەسەڵاتە حكومییە ناوخۆییەكانی دەركرد. ئەم فەرمانە لەدیباجەیەكو نۆبەش پێكهاتووە. لەدیباجەكەدا باسی ئەوە كراوە كە بۆ دەركردنی ئەم فەرمانە پشت بەهەردوو بڕیاری ژمارە (١٤٨٣و ١٥١١)ی ساڵی ٢٠٠٣ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەستراوە.

هەر لەدیباجەکەدا ئاماژە بەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە کراوە کە ئیدارەی کاروباری عیراق دەکات لەقۆناغی گواستنەوە لە٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ تا دامەزراندنی حکومەتێکی هەڵبژێردراو بەپێی دەستورێکی هەمیشەییو شەرعی.

هەر دیباجەکەدا باسی ئەوە دەکات کە سیستمی حوکمڕانی لەعیراق، کۆماری،فیدراڵی، دیموکراتیو فرەحزبییە بەو پێیە دەبێت دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدراڵیو حکومەتی هەرێمەکانو پارێزگاکانو شارەوانییەکانو بەرێوەبەرایەتیە ناوخۆییەکان دابەش بکرێت، ئەمەش بەشێکە لەماددەی چواری یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراقو بەوپێیە هەموو پارێزگایەك مافی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو ناونانی پارێزگاو دامەزراندنی ئەنجومەنی ناوخۆیی هەیە.

هەرێمەکانو پارێزگاکان لەسەر بنەمای لامەرکەزیو بەخشینی دەسەڵات پێیان، رێك دەخرێن.

هەر لەدیباجەی ئەو فەرمانەدا دان بەحکومەتی هەرێمی کوردستانراوە بەسیفەتی حکومەتی ئەو زەوییانەی کە تامێژووی ١٩/ ٣/ ٢٠٠٣ لەپارێزگاکانی دهۆكو سلێمانیو هەولێرو کەرکوكو دیالەو نەینەوا لەژێر دەسەڵاتیدا بووە.

هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە حکومەتی هەرێم مافی خۆیەتی بەدرێژایی ماوەی گواستنەوە کارەکانی خۆی بکات، تەنها ئەو کارانە نەبێت کە بەشێوەی حەسری لەچوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی بەغدادایەو لەماددەی (٢٥)ی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا دەستنیشان کراون. ئەم فەرمانە لەم نۆ بەشە پێکهاتووە، هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر هەموو بەشەکانی وروونیان بکەینەوە.



**بەشی یەکەم: ئامانجو مەبەست**

ئەم بەشە کەلەیەك بڕگە پێکهاتووە تێیدا ئەوە روون کراوەتەوە، کە دەسەڵاتو بەرپرسیارێتی پارێزگا، شارەوانی، ئاستە ناوخۆییەکانی تری حکومی، لەسەر بنەمای لامەرکەزی دەبێت، هەروەك چۆن لەیاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا هاتووە. بەو پێیەش دەسەڵاتی گونجاو بەپارێزگاو شارەوانیو ئاستە ناوخۆییەکانی تر دەدرێت.

هەر لەو بڕگەیەدا جەخت لەسەر بەباشی گەیاندنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان بۆ گەلانی عیراقو زیاتر بەتەنگەوە هاتنی دابینکردنی پێداویستیەکانی هاوولاتیان کراوەتەوە.

هەرلەم بڕگەیەدا باسی ئەوە کراوە کە ئەم فەرمانەی هانی ئەوە دەدات کە دەسەڵاتە ناوخۆییەکان لەرێی فەرمانبەرانی ناوخۆیی هەرێمەکانو پارێزگاکان پیادە بکرێت.

**بەشی دووەم: ئەنجومەنی پارێزگاکان**

ئەم بەشە کەتایبەتە بە ئەنجومەنی پارێزگاکان لەپێنج بڕگە پێکهاتووە.

ـ بەپێی بڕگەی یەکەم، لەهەموو پارێزگایەکدا، ئەنجومەنی پارێزگا هەڵدەبژێردرێت، بودجەی تایبەتی خۆی لەبودجەی نیشتمانی بۆ دیاری دەکرێت، پشکی بودجەکەی جیاوازو سەربەخۆ دەبێت لەبودجەی وەزارەتو دامەزراوە نیشتمانییەکانی تر.

ـ بەپێی بڕگەی دووەم، ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەولەویاتی پارێزگاکان دیاری دەکەن.

ئەنجومەنی پارێزگا لەرێی ٢/٣ی دەنگی ئەندامەکانیەوە دەتوانیت گۆرانکاری لەهەر پرۆژەیەکی ناوخۆییدا بکات کە لەنەخشەی موازنەی ساڵانەی وەزارەتدا هاتووە، بەمەرجێك ئەو گۆرانکارییە نەبێتە هۆی زیادبوونی سنووری سەرف لەنەخشەکانی وەزارەتدا یاخود دژی کاریگەری جێبەجێکردنی ئامانجە نیشتمانییەکان بێت کە بەهۆی بەرنامەی دیاریکراوەوە جێبەجێ دەکرێت.

هەر لەو بڕگەیەدا هاتووە ئەنجومەنی پارێزگا ئەم ئەرك‌و دەسەڵاتانەی هەیە:ـ

١ـ چاودێریکردن‌و پێشکەشکردنی راسپاردە بۆ باشتر ئەنجامدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان کە رەنگدانەوەی بایەخ‌و گرنگی پێدانی دەنگدەران بێت.

٢ـ بەرهەم هێنان‌و کۆکردنەوەی دەستکەوتەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەرێگەی سەپاندنی باج‌و رسوم.

٣ـ رێکخستنی کارە ئیدارییەکان لەپارێزگادا.

٤ـ دەستپێشخەری بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە لەسەر ئاستی پارێزگا بە تەنها یاخود بەهاوبەشی لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتی‌و ناحکومیەکاندا.

٥ـ ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی تر کە لەگەڵ یاسادا بگونجێت.

ـ بەپێی بڕگەی سێیەم، ئەنجومەنی پارێزگاکان بەرپرسیارێتی خۆیان ئەنجام دەدەن بەشێوەیەکی سەربەخۆ‌و جیا لەکۆنترۆڵ‌و سەرپەرشتی هەر وەزارەتێك.

ئەنجومەنی پارێزگاکان دەسەڵاتی ئەوەشیان هەیە کە بەزۆرینەی دەنگی ئەندامەکانیان لەماوەی دوو هەفتەدا دامەزراندنەکانی وەزارەتەکان لەئاستی بەرێوەبەری گشتی‌و پۆستی باڵا لەسنووری پارێزگاکانیاندا پەسەند بکەن، یاخود رەتی بکەنەوە، هەروەها دەسەڵاتی دامەزراندنی لیژنەی فەرعی‌و بەستنی کۆبوونەوەو داواکردنی راپۆرت‌و سوێند دانی بەرێوەبەرە گشتیەکانیان هەیە، هەروەها دەتوانن بە ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا بەرێوەبەرە



گشتییەکان‌و فەرمانبەرانی پۆستە باڵاکان لاببەن، بەڵام ناتوانن ئەو بەرێوەبەرە گشتیانە لەسەر کار لاببەن کە کارەکانیان لەسەر ئاستی هەرێم ئەنجام دەدەن، تەنها لەکاتێکدا دەتوانن ئەو بەرێوەبەرە گشتیانە لەسەر کار لاببەن کە ئەندامانی ئەنجومەنی  هەموو پارێزگاکانی ئەو هەرێمە دەنگ بۆ لابردنیان بدەن. جێگەی ئاماژە پێکردنە کە زاراوەی (بەرێوەبەری گشتی)، سەرۆکی زانکۆکان ناگرێتەوە.

ـ بەپێی بڕگەی چوارەم ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەپێی پێوەرەکانی ئەنجومەنی حوکم‌و دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان هەڵدەبژێردرێن.

ئەنجومەنی پارێزگاکان دەتوانن ئەندامی نوێ زیاد بکەن بەو مەرجەی ئەو مەرجانەیان تێدا بێت کە لەماددەی ٣١ی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا هاتووە، ئەوەش لەرێگەی پرۆسەی هەڵبژاردنی مونافەسەی دادپەروەرانەو کراوە کە زۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا پەسەندی بکات.

ـ بەپێی بڕگەی پێنجەم، ئەنجومەنی پارێزگاکان دەسەڵاتی هەڵبژاردن‌و دامەزراندنی پارێزگارەکان‌و وەکیلەکانیان هەیە، هەروەها دەتوانرێ بە ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، پارێزگارەکان‌و وەکیلەکانیان لاببرێت، ئەگەر پۆستی پارێزگاریان وەکیلەکەی چۆڵ (شاغر) بوو، ئەنجومەنی پارێزگا دەتوانێ بە ٢/٣ی دەنگی ئەندامەکانی، پارێزگار یا وەکیلی نوێ هەڵبژێرێت.

**بەشی سێیەم: پارێزگارەکان‌و وەکیلەکانیان**

ئەم بەشە بۆ پارێزگارەکان‌و وەکیلەکانیان تەرخانکراوەو لەپێنج بڕگە پێکهاتووە:

ـ لەبڕگەی یەکەمدا بەم جۆرە پارێزگاری پێناسە کردووەو دەڵێت (پارێزگار بەرپرسی باڵای مەدەنییە لەسەر ئاستی پارێزگاو لەبەردەم ئەنجومەنی پارێزگادا بەرپرسە).

**رۆڵی پارێزگار، وەك رێکخەرو رێنماییکەرو چاودێریی چالاکییەکانە لەکاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگادا.**

**هەڵبژاردنو لابردنو گۆرینی پارێزگار بەپێی ئەو میکانیزمە دەبێت کە لەبڕگەی پێنجی بەشی دووەمی ئەم فەرمانەدا هاتووە.**

**- بەپێی بڕگەی دووەم، وەکیلی پارێزگار بەرپرسە لەبەردەم پارێزگارو وەکیلی پێشکەوتودا (بەپێی ماوەی خزمەتی گشتی) کە جێگەی پارێزگار دەگرێتەوە لەکاتی ئامادە نەبوونیدا.**

**- بەپێی بڕگەی سێیەم، پارێزگارو وەکیلەکەی دەتوانن وەك ئەندام ئامادەی کۆبوونەوە ئاساییەکانی ئەنجومەنی پارێزگابن، بەڵام مافی دەنگدانیان نییە.**

**- بەپێی بڕگەی چوارەم، پارێزگارەکان فەرمانبەرانی پارێزگاکان دادەمەزرێنن، بەمەرجێك دامەزراندنی بەرێوەبەرە گشتییەکانو پۆستە باڵاکانی تر راستەوخۆ سەر بەمیلاکی پارێزگا بێت، هەروەك لەم فەرمانەدا دیاریکراوە ملکەچی بۆ پەسەندکردنی زۆرینەی دەنگەکانی ئەنجومەنی پارێزگا لەماوەی دووهەفتەدا لەمێژووی دامەزراندنەوە، ئەمە بێجگە لەو بەرێوەبەرە گشتیانەی کە دادەمەزرێن یاخود لادەبرێن هەروەك لەبڕگەی سێی بەشی دووەمی ئەم فەرمانەدا روونکراوەتەوە.**

**پارێزگار دەسەڵاتی کۆتایی لابردنی ئەو بەرپرسانەی هەیە کەرێگەی بەدامەزراندنیان داوە ئەوە ملکەچی رەزامەندی زۆرینەی دەنگەکانی ئەنجومەنی پارێزگاش دەبێت.**

**- بەپێی بڕگەی پێنجەم، پێویستە لەسەر پارێزگارەکان بەشێوەیەکی دەوری لەنێوان خۆیاندا تەنسیق بکەن لەو مەسەلانەدا کە تایبەتە بە بەرژەوەندی هاوبەش، ئەوەش بەمەبەستی هاندانی گەشەپێدان بەشێوەیەکی رێكو پێكو جێبەجێکردنی سیاسەتی تایبەت بە کاروباری ئقلیمی**



**بەشی چوارەم: ئەنجومەنە ناوخۆییەکان**

**ئەم بەشە تایبەتە بە ئەنجومەنە ناوخۆییەکانو لەسێ بڕگە پێکهاتووە:**

**- بەپێی بڕگەی یەکەم، هەر ئەنجومەنی پارێزگایەك بە دەنگدانی زۆرینەی ئەندامانی، دەتوانێت ئەنجومەنی ناوخۆیی فەرعی وەك (ئەنجومەنی شارەوانییەکان، ئەنجومەنی شار، ئەنجومەنی قەزا، ئەنجومەنی ناحیە، ئەنجومەنی گەرەك) دابمەزرێنێت.**

**ئامانجی دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنانە ئەمانەیە:**

**١- تەنسیقکردنو دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانو بەرێوەبردنی شارو ناوچەکان بەشێوەیەکی رێكو پێك.**

**٢- رێکخستنی کارەکانی ئیدارەی ناوخۆیی.**

**٣- پێداچوونەوەی نەخشە ناوخۆییەکانی وەزارەت.**

**٤- کۆکردنەوەو پاراستنی داهاتی ناوخۆییو باجو کرێ.**

**٥- دیاریکردنی پێداویستییەکانی خەزێنەی ناوخۆیی لەرێی پرۆسەی رێکخستنی بودجەی نیشتمانی.**

**٦- پێشکەشکردنی راسپاردە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان. بۆ بڕیاردانی گونجاو سەبارەت بەفەرمانبەرانی حکومی لەبارەی خراپی سلوك یا بێ توانایی یا پەیوەندی بەحزبی بەعسەوە.**

**٧- هەوڵدانی جێبەجێکردنی پرۆژەی ناوخۆیی بەتەنها یاخود لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتیو ناحکومییەکان.**

**٨- ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی تر کە ئەنجومەنی پارێزگاکان پێیان دەسپێرێتو دەبێت لەگەڵ یاسادا گونجاو بێت.**

- بەپێی بڕگەی دووەم، هەڵبژاردنی سەرۆك‌و ئەندامانی هەر ئەنجومەنێکی ناوخۆیی بەپێی ئەو سیستمە دەبێت کە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا پەسەندی دەکات.

- بەپێی بڕگەی سێیەم، ئەنجومەنە ناوخۆییەکان بەزۆرینەی دەنگی ئەندامەکانیان دەسەڵاتی هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان‌و وەکیلەکانیان هەیە. هەروەها ئەنجومەنە ناوخۆییەکان دەتوانن بەدەنگی ۲/۳ی ئەندامەکانیان سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان‌و وەکیلەکانیان لابەن، کاتێ پۆستی سەرۆکی شارەوانی یا وەکیلەکەی چۆڵ دەبێت، ئەنجومەنە ناوخۆییەکان دەتوانن بەدەنگی زۆرینەی ئەندامەکانیان سەرۆکی شارەوانی نوێ یا وەکیلێکی نوێ هەڵبژێرن.

**بەشی پێنجەم: سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان‌و وەکیلەکانیان**

ئەم بەشە کە لەحەوت بڕگە پێکهاتووە تایبەت بە سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان‌و وەکیلەکان.

- بەپێی بڕگەی یەکەم، سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان (بەڕێوەبەری ناحیە، قائمقام، ئەمینی شار)، ئیدارییە پێشکەوتووەکانن بۆ ئەنجومەنە ناوخۆییەکان‌و لەبەردەم ئەنجومەنی ناوخۆییدا بەرپرسن، سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان هەڵدەستن بەڕێنماییی‌و تەنسیق‌و سەرپەرشتیکردنی چالاکییەکانی کە لەکاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ناوخۆییەکان ئەنجام دەدرێن، هەروەها ئەرکی پەیوەستکردنی سەرەکی نێوان ئەنجومەنە ناوخۆییەکان‌و پارێزگارەکان بەئەنجام دەگەیەنن.

- بەپێی بڕگەی دووەم، هەڵبژاردن‌و لادانی سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان بەپێی بڕگەی سێی بەشی چوارەمی ئەم فەرمانە دەبێت.



- بەپێی بڕگەی سێیەم، وەکیلی سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان لەبەردەم سەرۆکی یەکە ئیدارییەکاندا بەرپرسن، کۆنترین وەکیل (لەسەر ئەساسی ماوەی خزمەتی گشتی) ئەرکی سەرۆکی یەکەی ئیداری دەگرێتە ئەستۆ لەکاتی ئامادەنەبوونیدا.

- بەپێی بڕگەی چوارەم، دەکرێت سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان‌و، وەکیلەکانیان وەك ئەندام ئامادەی کۆبوونەوە ئاساییەکانی ئەنجومەنە ناوخۆییەکان بن، بەڵام مافی دەنگدانیان نییە.

- بەپێی بڕگەی پێنجەم، سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان فەرمانبەرە حکومییە ناوخۆییەکان دادەمەزرێنن، بەمەرجێ دامەزراندنی بەڕێوەبەرە گشتییەکان‌و پۆستە باڵاکانی تر راستەوخۆ سەربە میلاکی پارێزگا بێت. بەپێی ئەم فەرمانە دەبێت ئەنجومەنە ناوخۆییەکان بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانیان لەماوەی دوو هەفتەدا ئەو دامەزراندنانە پەسەند بکەن.

سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان بەرێکەوتن لەگەڵ ئەنجومەنە ناوخۆییەکان‌و بەزۆرینەی دەنگی ئەندامەکانیان دەسەڵاتی لابردنی ئەو فەرمانبەرانەیان هەیە کە بەرەزامەندنی خۆیان دامەزراون.

- بەپێی بڕگەی شەشەم: سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان بەشێوەیەکی دەوری لەگەڵ هەموو بەڕێوەبەرە گشتیەکانی ناوچەکانی سنووری جوگرافییان کۆدەبنەوە، ئەوەش بەمەبەستی جەخت کردنەوە لەسەر گەیاندنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ بۆ خەڵك.

- بەپێی بڕگەی حەوتەم، سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان بەشێوەیەکی دەوری لەگەڵ سەرۆکی یەکە ئیدارییەکانی تر کۆدەبنەوە بۆ دڵنیا بوون لەپێشکەشکردنی عادیلانەی خزمەتگوزارییە گشتیەکان.

## بەشی شەشەم: بەڕێوەبەرانی پۆلیس

ئەم بەشە کە لەشەش بڕگە پێکهاتووە تایبەتە بە بەڕێوەبەرانی پۆلیس.

ـ بەپێی بڕگەی یەکەم، لەهەر پارێزگایەکدا بەڕێوەبەرێکی پۆلیس دەبێت، ئەم بەڕێوەبەرە بەرپرسە لەسەر پەرشتیکردنی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی سروشتی مەدەنییان هەیەو یاسا سەربازییەکان ناگرێتەوە.

ـ بەپێی بڕگەی دووەم، وەزارەتی ناوخۆ لەسەرانسەری ولاتدا وەزیفە چۆڵەکانی پۆستی بەڕێوەبەری پۆلیس رادەگەیەنێت‌و ئەنجومەنی پارێزگاکانیش لەو پۆستە چۆلانە ئاگادار دەکرێنەوە.

ئیستمارەی داخوازی دامەزراندن بۆ ئەو پۆستە پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت، ئەویش پالێوراوە شیاوەکان دیاری دەکات‌و لەکاتێکی گونجاودا ناوەکانیان بۆ ئەنجومەنی پارێزگا دەنێرێت، ئەنجومەنی پارێزگاش بەزۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی لەماوەی دوو هەفتە لەوەرگرتنی ناوی پالێوراوەکان لەوەزارەتی ناوخۆ، باشترین پالێوراو هەڵدەبژێرێت‌و بۆ ماوەی سێ ساڵ دایدەمەزرێنێت کە قابیلی نوێکردنەوەیە.

ـ بەپێی بڕگەی سێیەم، دەکرێت بەفەرمانی وەزیری ناوخۆ یان بەدەنگی ٣/٢ی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا بەڕێوەبەری پۆلیس لەپۆستەکەی لابرێت.

ـ بەپێی بڕگەی چوارەم، بەڕێوەبەری پۆلیس لەژێر چاودێری وەزارەتی ناوخۆدا زەمینەی جێبەجێکردنی نەخشەی کاری ساڵانەی پۆلیس خۆش دەکات، لەو رووەوە ئەولەویاتی نیشتمانی‌و ناوخۆیی لەبەرچاو دەگیرێت.

پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگا جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەڕێوەبەری پۆلیس گوێڕایەڵی پێداویستیەکانی کاری ناوخۆی پۆلیس بێت.



نەخشەی ساڵانەی پۆلیس ئەو کاتە جێبەجێ دەکرێت کە ٣/٢ی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا بڕیاری لێ بدەن، هەر ئەوانیش چاودێری بەڕێوەبەری پۆلیس دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیە، بەڕێوەبەری پۆلیس بەشێوەیەکی رێك‌و پێك راوێژ بەپارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگا دەکات‌و هەفتەی جارێك لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا کۆدەبێتەوە، یاخود بەشێوەیەك کە خۆیان لەسەری رێك دەکەون.

ـ بەپێی بڕگەی پێنجەم، وەزارەتی ناوخۆ وەزیفە چۆڵەکانی بەڕێوەبەرە ناوخۆییەکانی پۆلیس لەسنووری پارێزگادا رادەگەیەنێت‌و ئەنجومەنی پارێزگا لەو پۆستە چۆلانە ئاگادار دەکرێتەوە، ئیستمارەی داخوازی دامەزراندن بۆ پۆستەکانی بەڕێوەبەرە ناوخۆییەکان بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرز دەکرێتەوە، ئەویش پالێوراوە شیاوەکان دیاری دەکات‌و لەکاتێکی گونجاودا ناوەکانیان بۆ ئەنجومەنی پارێزگا دەنێرێت، ئەنجومەنی پارێزگاش بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی لەماوەی دووهەفتە لەوەرگرتنی ناوی پالێوراوەکان لەوەزارەتی ناوخۆ، باشترین پالێوراو هەڵدەبژێرێت‌و بۆ ماوەی سێ ساڵ دایدەمەزرێنێت کە قابیلی نوێکردنەوەیە.

ـ بەپێی بڕگەی شەشەم، دەکرێت بەدەنگی ٣/٢ی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا، بەڕێوەبەرە ناوخۆییەکانی پۆلیس لەپۆستەکانیان لابرێت.

## بەشی حەوتەم: پاساوەکانی لابردن

ئەم بەشە کە تایبەتە بەبیانوو پاساوەکانی لابردن لەچوار بڕگە پێکهاتووە:-

ـ بەپێی بڕگەی یەکەم، دەکرێت ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، پارێزگارەکان‌و وەکیلەکانیان، ئەندامانی ئەنجومەنە ناوخۆییەکان، سەرۆکی یەکە ئیدارەکانیان‌و وەکیلەکانیان، بەڕێوەبەرانی پۆلیس، بەڕێوەبەرە ناوخۆییەکانی پۆلیس، لەپۆستەکانیان لابرێن، بەپێی ئەم رێو شوێنانەی کە لەم فەرمانەدا هاتووە.

- بەپێی بڕگەی دووەم، بۆ مەبەستی ئەم فەرمانە وشەی هۆ (سبب) بەواتای عەجز، یاخود سلوکی خراپو مەترسیدار لەناوەوەو دەرەوەی وەزیفە، کەمتەرخەمی لەبەجێهێنانی ئەرکدا، یاخود خراپ بەکارهێنانی پۆست، دێت.

- بەپێی بڕگەی سێیەم، ئەو بەرپرسانەی کە لەبڕگەیەکی بەشی حەوتەمی ئەم فەرمانەدا دیاریکراونو ئەوانەیان کە بەهۆیەکی دیاریکراو لادەبرێن، هەروەها ئەو فەرمانبەرانەی بەپێی یاسای عیراقی لەسەر هەمان هۆ لادەبرێت، ڕێگەیان پێنادرێت بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەمێژووی لابردنیانەوە هیچ پۆستێکی تر لەحکومەتی عیراق وەربگرن.

ــ بەپێی بڕگەی چوارەم، ئەو کەسانەی کە لەوەزیفەی گشتی لابراونو لەخزمەتگوزاری گشتی بێبەشن بەپێی بڕگەی دووەمی بەشی حەوتەمی ئەمە فەرمانە، مافی ئەوەیان هەیە لەرێگەی دادگا عیراقییەکانەوە شکات بکەنو بڕیاری گەرانەوەیان بۆ خزمەتی گشتی بەدەست بهێنن، ئەگەر دادگا بڕیاریدا کە لابردنیان نایاساییە.

بەشی هەشتەم: کاریگەری لەسەر یاساکانی تر

ئەم بەشە لەدوو بڕگە پێکهاتووەو تایبەتە بە کاریگەری ئەم فەرمانە لەسەر یاساکانی تر.

- بەپێی بڕگەی یەکەم، ئەم فەرمانە هەردەقێکی یاسای عیراقی هەڵدەپەسێرێت کە لەگەڵیدا ناکۆکە. بۆ نموونە نەك بەشێوەیەکی حەسری یاسای پارێزگاکان ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ هەڵدەپەسێرێت، بەڵام بەمەرجێك هیچ دەقێك لەم یاسایە تەئویل نەکرێت بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پارێزگاکان یا قەوارە ناوخۆییە حکومییەکان، بەپێی یاسای عیراقی کارپێکراوو لائیحەکانی تایبەت



بەدروستکردنو خەملاندنو باج وەرگرتنو پاراستنو ئیدارەو خەرجکردنی باجو رسومو داهاتی هاوشێوە.

لایەنەکانی حکومەتی هەرێمی یائیدارەی ناوخۆیی دەتوانن کاری سەپاندنو خەملاندنو وەرگرتنی باجو پاراستنیو ئیدارەو خەرجکردنی باجو رسومو داهاتی هاوشێوە بکەن، بەپێی یاسای عیراقی کارپێکراوو لەناویاندا یاسای داهاتی شارەوانییەکان ژمارە (١٣٠)ی ساڵی ١٩٦٣ی هەموارکراو.

سەرەڕای یاسای عیراقی ئێستا، پارێزگاکان دەسەڵاتیان پێدەدرێت رسومی زەمیمە بسەپێنن،

بەرێژەیەك کە ٥٪ی باجی پەیوەندیدار تێنەپەرێت. بۆ زانین رەسمی زەمیمە، بەرەسمی بەرگری نیشتمانیش ناودەبرێت، ئەم جۆرە رەسمە لەحاڵەتی نا ئاساییدا بەسەر بواری بازرگانیدا دەسەپێنرێت.

بڕگەی دووەم، ئەوەی بەدەر( استثناء) لەم فەرمانەدا دیاریکراوە، دامەزراندنو لابردنی فەرمانبەرانی حکومەتی ناوخۆیی، بەپێی یاسای عیراقی کارپێکراو دەبێت.

بەشی نۆیەم: جێبەجێکردن

ئەم بەشە لەیەك بڕگە پێکهاتووەو ئاماژەبەوە دەکات کە ئەم فەرمانە لەرۆژی ئیمزاکردنیەوە کاری پێدەکرێت، واتە لەرۆژی ٦/٤/٢٠٠٤ە وە.

سەرچاوەکان

١- یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە.

٢- فەرمانی ژمارە( ٧١)ی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان.

رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(٣٥٩٣)لە١٠/٢/٢٠٠٥

# پاشكۆ

## ١- ئه نجامی هه‌ڵبژاردنی ئه نجومه‌نی پارێزگاکان

### سلێمانی

| ناوی لیست | ژ. ده‌نگ | ژ. کورسی |
|---|---|---|
| لیستی ی. ن. ك | ٤٨٥٧١٨ | ٢٨ |
| لیستی پ. د.ك | ٩١٥٧٨ | ٥ |
| لیستی یه‌کگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٧٥٠٠٨ | ٥ |
| لیستی حزبی کۆمه‌ڵی ئیسلامی | ٥٣٠٨٨ | ٣ |
| لیستی حزبی شیوعی کوردستان | ٨١٩٢ | - |
| لیستی حزبی زه‌حمه‌تکێشانی کوردستان | ٥٤٣٠ | - |
| لیستی حزبی سوسیالیستی کوردستان | ٧٠١٨ | - |
| لیستی پارتی پارێزگاکانی کوردستان | ٩٣٥ | - |
| لیستی ته‌جه‌موعی کۆماری عیراق | ١٧٧٤ | - |
| لیستی ئه‌ندازیار عه‌بدوڵڵا عه‌لی | ٥٧٦ | - |
| کۆی ده‌نگده‌ران | ٧٣١٣٢٣ | |
| ڕێژه‌ی به‌شداری | ٨٠٪ | |



### دهۆك

| ناوی لیست | ژ. ده‌نگ | ژ. کورسی |
|---|---|---|
| لیستی پ. د. ك | ٣٠٢١٣٣ | ٣٣ |
| لیستی ی. ن. ك | ٣٥٤٨٣ | ٤ |
| لیستی یه‌کگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٣٥٦٧٥ | ٤ |
| لیستی یه‌کێتی دیموکراتی کلدان | ١٢٢٦ | - |
| لیستی رافیده‌ینی یه‌کگرتوو | ٤٩١٩ | - |
| لیستی حزبی سوسیالستی دیموکراتی کوردستان | ٢٤٤٥ | - |
| لیستی حزبی شیوعی کوردستان | ١٣٨٤ | - |
| کۆی ده‌نگده‌ران | ٣٨٣٢٦٥ | |
| ڕێژه‌ی به‌شداران | ٨٩٪ | |

### هه‌ولێر

| ناوی لیست | ژ. ده‌نگ | ژ. کورسی |
|---|---|---|
| لیستی پ. د. ك | ٣٤٧٧٧٢ | ٢٣ |
| لیستی ی. ن. ك | ٢٤٤٣٤٣ | ١٦ |
| لیستی بزووتنه‌وه‌ی دیموکراتی گه‌لی | ١٧٤٢ | - |

| | | |
|---|---|---|
| كوردستان | | |
| ليستی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ١٤٣٧ | - |
| ليستی يەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٢٢٥٢٣ | ١ |
| ليستی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | ٤٤٤٢ | - |
| ليستی جەبهەی تورکمانی عیراق | ٢٣٨٤ | - |
| ليستی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان | ٦٨٧ | - |
| قائیمەی ئەلرافدەین ئەلوەتەنیە | ٢٠٠١ | - |
| ليستی حزبی دیموکراتی کلدان | ٦٤٦ | - |
| ليستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانی عیراق | ١٨٧٨١ | ١ |
| ليستی پارتی پارێزگارانی کوردستان | ١٢٣٦ | |
| کۆی دەنگدەران | ٦٤٧٩٩٤ | |

**نەینەوا**

| ناوی لیست | ژ. دەنگ | ژ. کورسی |
|---|---|---|
| ليستی هەیئەی عیراقی موستەقل | ٢٦٠٧ | - |
| ليستی تەجەموعی وەتەنی وەحدەی عیراقی | ٣٩٠٨ | - |
| ليستی ئیئتلافی رافیدەینی دیموکراتی | ٢٣١٥ | - |



| | | |
|---|---|---|
| ليستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان | ١٠٩٢٩٥ | ٣١ |
| ليستی جەبهەی وەتەنی وەحدەی عیراق | ٢٠٩٢ | - |
| ليستی جەبهەی تورکمانی عیراق | ٢٩٩٤ | - |
| ليستی مەجلیسی عەشائیری مووسڵی موەحەد | ٦٦٢٤ | ٢ |
| ليستی قائیمەی رافیدەینی وەتەنی | ٤٦٥٠ | ١ |
| ليستی حزبی بینای دیموکراتی | ٥٦٠ | - |
| ليستی حزبی شیوعی عیراق | ١٠٤١ | - |
| ليستی حزبی ئیتحادی دیموکراتی کلدانی | ٧٥٠ | - |
| ليستی کوتلەی مصالحه تەحریر | ٣٣٥٢ | - |
| ليستی مەجلیس ئەعلای سەورەی ئیسلامی عیراق | ١٧٢٥٥ | ٥ |
| ليستی رابیتەی وەتەنی زعماو شیوخ العشائر العراقیه تنظم العشائر الوطنی | ٩٠٣ | - |
| ليستی حزبی ئیسلامی عیراق | ٧٠٦٥ | ٢ |
| ليستی حزبی محافزینی کوردستان | ٥٢٣ | - |
| کۆی گشتیی | ٥٦٥٩٣٤ | |
| ژمارەی کارتە رەتکراوەکان | ٨٠٦٤ | |

**سەلاحەدین**

| ناوی لیست | ژ. دەنگ | ژ. کورسی |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| لیستی هەیئەی عیراقی موستەقیل | ١٠٦٣ | - |
| لیستی دیموکراتی ئیئتلافی یەکگرتوو | ٢٢١٦٠ | ٨ |
| لیستی تەیاری ئیسلامی دیموکراتی | ١٧٤٢ | - |
| لیستی کۆمۆنیستی عیراقییە بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بێلایەن | ١٥٤ | - |
| لیستی تەجەموعی مەلەکی عیراقی هاشمی | ١٢٦٥ | - |
| لیستی تەجەموعی وەحدەی وەتەنی عیراقی | ١٣٣٢١ | ٥ |
| لیستی مەجلیسی سیاسی ئەلشیعی | ٢٥٣٠ | - |
| لیستی جەبهەی وەتەنی وەحدەی عیراقی | ٣٧٨ | - |
| لیستی جەبهەی تورکمانی عیراقی | ١٤٩١٧ | ٥ |
| لیستی جەبهەی عەرەبی موەحەد | ١٤٦ | - |
| لیستی حەرەکەی قەومی تورکمانی | ٥٤٠ | - |
| لیستی تەجەموعی موستەقلین لەسەلاحەدین | ٤٧٣٩ | ٢ |
| لیستی قائیمەی ریسالی وەتەنی | ٦١٣٣ | ٢ |
| لیستی قائیمەی موەحەدە | ١٢٨١٥ | ٤ |
| لیستی قائیمەی موستەقیلی | ١٣٣٦ | - |



| | | |
|---|---|---|
| لیستی حزبی شوعی عیراقی | ٢٤٠٩ | - |
| لیستی حزبی وەتەنی دیموکراتی ئازاد | ١٨١ | - |
| لیستی ئیئتلافی وەتەنی دیموکراتی | ١٩٠٤ | - |
| لیستی حزبی دەعوەی ئیسلامی | ٨٦٩١ | ٣ |
| لیستی تەحالوفی وەتەنی دیموکراتی | ١٠٢٤ | - |
| لیستی تەجەموعی وەتەنی عیراقی | ١٠٢١٥ | ٣ |
| لیستی تەجەموعی کۆماری عیراقی | ٩٨٠ | - |
| لیستی کوتلەی موسالەحەو تەحریر | ١٧٠١٧ | ٦ |
| لیستی حەرەکەی ویفاقی وەتەنی عیراقی | ٨٦٤١ | ٣ |
| حزبی حەرەکەی وەتەنی عیراقی | ٣٠٢٥ | - |
| کۆی دەنگەکان | ١٣٧٤٧٦ | |
| ژمارەی کارتە ڕەتکراوەکان | ١٨٣٤ | |

**کەرکوك**

| ناوی لیست | ژ. دەنگ | ژ. کورسی |
|---|---|---|
| لیستی حزبی ئەخای وەتەنی عیراقی | ٦٦٣ | - |
| لیستی تەجەموعی وەحدەی وەتەنی عیراقی | ١٥٩٠ | - |
| لیستی جەبهەی عەمەلی موشتەرەکی دیموکراتی | ١٨١ | - |
| لیستی جەبهەی وەتەنی عیراقی | ٨٨٠ | - |

| | | |
|---|---|---|
| لیستی تەجەموعی لەپێناوی دیموکراتی عیراق | ٣٩٠ | - |
| لیستی جەبهەی عەرەبی موەحەد | ٤٠٦٤ | - |
| لیستی جەبهەی تورکمانی عیراق | ٧٣٧٩١ | ٨ |
| لیستی حەرەکەی قەومی تورکمانی | ١٨٥١ | - |
| لیستی ئیئتلافی ئیسلامیو تورکمانی | ١٢٦٧٨ | ١ |
| لیستی حەرەکەی دەعوەی ئیسلامی | ١٢٢٠ | - |
| لیستی قائیمەی بیانی دیموکراتی | ٩١٤ | - |
| لیستی حزبی ئیتحاد دیموکراتی کلدانی | ٥٣٦ | - |
| لیستی حزبی ئیسلامی دیموکراتی | ٣٣٣ | - |
| لیستی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان | ٥٥٤ | - |
| لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانی عیراق | ٢٣٢٥ | - |
| لیستی تەجەموعی وەتەنی عیراقی | ١٢٣٢٩ | ١ |
| لیستی تەجەموعی جمهوری عیراقی | ٣٤٦٣٥ | ٥ |
| لیستی کوتلەی موسالەحەو تەحریر | ١١٣٣ | - |
| لیستی حزبی جمهورییە ئەحراکان | ١٣٥ | - |
| لیستی ئیتحادی بێت نەهرێنی وەتەنی | ٧٠٨ | - |



| | | |
|---|---|---|
| لیستی حزبی ئیسلامی عیراقی | ٥٩٤ | - |
| لیستی پارتی پارێزگارانی کوردستان | ١٥٥٨ | - |
| لیستی برایەتی کەرکوک | ٢٣٧٣٠٣ | ٢٦ |
| لیستی قائیمەی رافیدەینی وەتەنی | ١٥٥٤ | - |
| کۆی گشتی | ٤٠٠٨٩٢ | |
| دەنگە رەتکراوەکان | ٥٠٥٩ | |
| | | |

**دیاله**

| ناوی لیست | ژ. کورسی |
|---|---|
| هاوپەیمانی دیمەکراتی کوردی عەرەبی تورکمانی | ٧ کورسی |
| ئیئتلافی هێزی ئیسلامیو نیشتمانی لە دیالی | ٢٠ کورسی |
| حزبی ئیسلامی عێراقی | ١٤ کورسی |